# رای گشتی ئەلیکترۆنی
## چەواشەکردنی میدیایی




چنار نامق

2021

رای گشتی ئەلیکترۆنی.. چەواشەکردنی میدیایی

چنار نامق

2021

# Electronic Public Opinion
# Media Disinformation



Chnar Namq

2021

چنار نامق

# ڕای گشتی ئەلیکترۆنی
## چەواشەکردنی میدیایی

زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٢١

ناوی کتێب: **رای گشتی رای گشتی ئەلیکترۆنی.. چەواشەکردنی میدیایی**
نووسەر: **چنار نامق**
بەرگ و دیزاین: **شاخەوان جەعفەر**
نۆرەی چاپ: **یەکەم**
تیراژ: **٥٠٠ دانە**
چاپخانە: **چاپخانەی چوارچرا**

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٣٣) ساڵی ٢٠٢١ی دراوەتێ.

# پێرست

پێشەکی.......... ٥

## بەشی یەکەم

مێژووی سەرهەڵدانی رای گشتی.......... ١٣
چەمک و پێناسەی رای گشتی.......... ١٩
رای گشتی وئەو چەمکانەی لێی نزیکن.......... ٢٥
رای گشتی و ئاراستەکان.......... ٣١
پرۆسەی پێکهێنانی رای گشتی.......... ٣٦
قۆناغەکانی دروستبوونی رای گشتی.......... ٣٩
ئەو فاکتەرانەی کاریگەرن لە پێکهێنانی رای گشتی.......... ٤٣
گرنگی رای گشتی.......... ٤٥
تایبەتمەندییەکانی رای گشتی.......... ٥٠

## بەشی دووەم

جۆرەکانی رای گشتی.......... ٥٧
رواڵەتەکانی رای گشتی.......... ٦٠
هۆشیاری ورای گشتی.......... ٦٢
شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی.......... ٦٦
چاودێریکردن و رای گشتی.......... ٧٨
کاریگەریی چاودێری لەسەر رای گشتی.......... ٨٢
گرنگی پێوانە کردن وشێوازەکانی پێوانە کردنی رای گشتی.......... ٨٦
جۆر و ئامرازەکان لە توێژینەوەکانی رای گشتی.......... ٩٥
رای گشتی جیهانی.......... ٩٧

## بەشی سێیەم


رای گشتی وپرۆسەی پەیوەندی گەیاندن ........................................ ١٠٧

میدیا و رای گشتی ........................................ ١١١


## بەشی چوارەم


رای گشتی ئەلیکترۆنی و دەرکەوتەکانی ........................................ ١٢٥


## بەشی پێنجەم


چەواشەکردنی میدیایی ........................................ ١٦٣

# پێشەکی

رای گشتـــــــــــی ئەلیکترۆنـــی وچەواشـــەکردنی میدیایـــــــی لـــە ئێســـتادا لـــە کۆمەڵگـــەی کـــوردی ولەنـــاو میدیـــای کـــوردی بـــوون بـــە دیـــاردە، بـــەڵام ئـــە دوو دیاردەیـــە وەکـــو چەمـــک دیـــاری نەکـــراون. بۆیـــە بەپێویســـتی دەزانـــم بەڕوونـــی ئـــەم دوو چەمکـــە بخەمـــە بـــەر بـــاس ولەنێـــو میدیـــای کوردیـــدا جێگـــەی خـــۆی بگرێـــت بەمەبەســـتی باشـــتر تێگەیشـــتن وناونـــان لـــەم دوو دیاردەیـــە کـــە بـــاس وخواســـتی ســـەردەمن. وێـــڕای ئەمـــەش ئـــەم کتێبـــە وەک ڕێبەرێـــک ئامـــادە دەکـــەم بـــۆ ئـــەوەی قوتابیانـــی بەشـــی ڕاگەیانـــدن ســـودی لێوەربگـــرن ســـەبارەت بـــە رای گشـــتی و رای گشتـــــــــــی ئەلیکترۆنـــی و چەواشـــەکردنی میدیایـــــــی.

کاتێک لەڕای گشتی دەدوێین مەبەستمانە، باس لە پرۆسەی پەیوەندی وکارلێکی کۆمەڵایەتی بکەین، چونکە بوونی پرۆسەی گەیاندن وپەیوەندیکردن ئەو هەنگاوانەن دەمانگەیەنن بە ئاڕاستەکردنی رای گشتی یان گۆڕین وپێکهێنانی، ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە، بەشێوەک ئەگەر پرۆسەی پەیوەندیکردن نەبێت واتە رای گشتی بوونی نابێت.

مەبەست لەپرۆسەی پەیوەندی بریتییە، لەهەموو جۆر وئاست یان لیڤڵەکانی پرۆسەی کۆمنیکەیشن، هەر لە پەیوەندی کەسییەوە تا دەگاتە پەیوەندی جەماوەری، کە واتە رای گشتی لە تەنهاییدا ولە پەراوێزی وگۆشەگیریدا وبە بێ بەشداریکردنی تاک لە ناو گرووپەکاندا درووست نابێت. جا ئەمە چی لەڕووی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا بێت سەبارەت بە کێشە وگرفت ورووداو وپرسەکان، یان لەڕووی بەدەستهێنای زانیارییەوە بێت، سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵە وگرووپەکانەوە.

پسپۆڕان لە بواری راگەیاندن لەڕێگەی تیۆر وتوێژینەوەکانی تایبەت بە بواری میدیا، بەردەوام جەخت لەسەر کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاندن دەکەنەوە لەسەر وەرگر ورای گشتی. ئەگەرچی تیۆرە میدیاییەکان

باس لە کاریگەری جۆراوجۆری ئەم ئامرازانە دەکەن، کە دەکرێت راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، بەهێز بێت یان سنووردار یان مامناوەند یان دور مەودا، لەدەرەنجامدا کاریگەرییەکە بوونی هەیە لەسەر رای گشتی.

ئەمە وێڕای کاریگەری سیستەمەکانی حوکمڕانی لەسەر کاری ئامرازەکانی راگەیاندن و لە سەر رای گشتی بە گوێرەی سیستەمی پەیڕەوکراو کە دەسەڵاتدارییە یان لیبراڵ یان سۆشیالیستی وهتد..... دەگۆڕێت. رای گشتی ئاڕاستەکراو بەرهەم دەهێنێ. کە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەبیرکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا، یان خاوەنی ئەم ئامرازانە.

نعوم چۆمسکی نوسەری ئەمریکی لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی کۆنترۆڵکردی راگەیاندن، باس لە رۆڵ وکاریگەری و توانای میدیا دەکات، لەوەی کە ببێت بە ئامرازێکی کاریگەر لەسەر جەماوەر، بەچەشنێک بیر وهۆشیان داگیر بکات، لەڕێگەی پڕۆپاگاندە وبانگەشە وئاڕاستەکردنی پەیامەکان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ورێکخراو وئامانجدار.

میدیای ئاڕاستەکراو وا لە جەماوەر دەکات کە تەنها وەرگر بێت وبیر لە هیچ نەکاتەوە، ئەمە وادەکات لە ئەنجامی وەرگرتنی پەیامەکانەوە تەنانەت بیرکردنەوە

و رەفتاریشیان سەبارەت بەو بابەتانە بگۆڕێت کە پێشتر لە گەڵیان دژ بوو نەک بە تەنها هاوڕا نەبوو. دروستکردنی کاریگەری لەسەر رای گشتی ئامانجێکی سەرەکی وتەوەرێکی بنەڕەتییە بۆ هەر چالاکییەکی میدیایی، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بێت یان، رۆشنبیری وسیاسی بەتایبەت بۆ خاوەن دەزگاکانی میدیا کە لە پشت پەیامەکانیانەوە ئەجیندای تایبەت پەیڕەوو دەکەن. لەم کتێبەدا تیشکی دەخەینە سەر. جا ئەمە چ لە بواری میدیای نوێ بێت یان میدیای کلاسیکی.

ئەگەر رۆڵ وئەرکی میدیا لە سەردەمی پێش ئینتەرنێت بریتی بووبێت، لە گەیاندنی هەواڵ وزانیاری وهەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڕاستەکانی جەماوەر یان گۆڕینی، لەڕێگەی ئامرازە باوەکانەوە پرۆسەیەکی تاک لایەنە بووە، کە تێیدا جەماوەری وەرگر ، بینەر، بیسەر، خوێنەر تەنها وەرگری پەیامەکان بوون و نەیان توانیوە بەشداربن لە دەربڕینی راو بۆچونیان سەبارەت بە پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان، ئەمڕۆ لەگەڵ دەرکەوتنی میدیای نوێ هاوکێشەکە پێچەوانە بوەتەوە، وەرگر دەتوانێت رۆڵی کاراو کاریگەر ببینێت، لەهەمان کاتدا هەم نێرەر وهەم وەرگری پەیامەکان بێت، ئەمەش پێی دەگوترێت پەیوەندی دوو لایەنە.

تەکنەلۆژیای نوێ وایکرد دەرفەت بۆ بەکاربەر بڕەخسێت کە لەڕێگەی میدیای نوێوە لیقڵە جیاوازەکانی پرۆسەی کۆمنیکەشن لەیەک کاتدا پەیڕەو بکات، بەکاربەر دەتوانێت لەڕێگەی یەکێک لە لاپەڕەکانی سۆشیاڵ میدیادا پەیوەندی کەسی، پەیوەندی بە گرووپ وبڵاوکردنەوەی پەیامەکان ئەنجام بدات لە گەڵ بەکاربەرانی تۆڕەکە.

ئەم فەزایە دەرفەتی لەپێش بەکاربەران رەخساند، بە ئازادی گوزارشت لە راو بۆچوونی خۆیان بکەن لەهەمبەر پرسە هەنوکەییەکان، بەچەشنێک رۆژانە تێبینی ئەوە دەکەین کەچۆن رای گشتی ئەلیکترۆنی لەبارەی پرس و بابەتە جیاوازەکانەوە دروست دەبێت وهەندێ جار کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی و دەسەڵات دروست دەکات، بەچەشنێک لایەنی پەیوەندیدار ناچاردەکات بڕیارەکانی بگۆڕێت.

# بەشی یەکەم

# مێژووی سەرهەڵدانی رای گشتی

پسـپۆڕەکانی بـواری میدیـا پێیانوایـە کـە دیـاردەی (رای گشـتی وراگەیانـدن) دوو دیـاردەی کۆمەڵایەتییـن. رەگ و ڕیشـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی، ودروسـتبوونی دامـەزراوە جیاجیـاکان لـەو کۆمەڵگایانـە وێڕای ئـەوەی لەسـەرەتادا گرنگیدان بـەم بـەم بوارانـە سنوردار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بووەتە ڕێخۆشکەر بـۆ ئـەو گەشەسـەندنەی بەدرێژایـی وتێپەڕبوونـی کات بەرهـەم هاتـووە.

(عامـر حسـن فیـاض، ٢٠١١) لـە کتێبیەکـەی بەناونیشـانی «رای گشـتی» ئەوە دەخاتـە روو، کـە رای گشـتی لـە چەند روانگـە و گۆشـەوە بەدواداچونـی بۆدەکرێـت، لەڕوانگـەی

مێژوییـەوە، لەڕوانگـەی بوونـی وەکـوو دیـاردە، لەڕوانگـەی بوونـــی وەک زاراوە، لەڕوانگـــەی بوونـــی وەک بابەتێکـــی زانسـتی.

**رای گشتی لەڕوانگەی بوونییەوە وەکو دیاردە:**

رای گشـتی وەکـو دیـاردە هـەر لەسـەرەتای دروسـتبوونی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتییـەوە پێویسـتییەکی گرنگـی جەمـاوەر بـووە بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەســەر بابــەت ومەســەلە گشـتییەکان، هەندێـک لـە نەتـەوەکان بەمجۆرە ناویـان نـاوە:

- لای چینییەکان بە دەنگی گەل ناوبراوە.

- یۆنانییـەکان بـە رای ئازادیخـوازان، رای زۆرینـە، زۆربـە، گوزارشـتییان لێکردووە.

- لەســەردەمی ئیمپراتۆرییەتــی رۆمەکانــدا: گروپێـک هەبــوون گرنگیــان بــە رای گشــتی دەدا، نــاوی خۆیــان نابـوو (هەواڵگرانـی دەنگوبـاس)، بـۆ ئەومەبەسـتە دەزگای تایبەتییــان دامەزراندبــوو، کۆمەڵێــک لــە فەرمانبــەران دانرابـوون بـۆ راپەڕاندنـی کارەکان وبڵاوکـراوەی تایبەتیـان دەردەکــرد ســەبارەت بــە هەڵســوکەوت لەگــەڵ رای گشــتی، لــەو کاتــەدا زاراوەی (رێکەوتنــی گشــتی، هەســتی دەســتەجەمعی) بەکاردەهــات.

- لەســەردەمی ئیســلامدا ئەنجومەنێـک هەبـووە بەنــاوی شــورا لەڕێگەیــەوە ئاڵوگــۆڕی بیــرورا دەکــرا.

رای گشتی لەڕوانگەی بوونییەوە وەک زاراوە:

رای گشـتی وەک زاراوە بـۆ یەکەمجـار لەسـەدەی ١٨ سـەری هەڵـدا، لەمـاوەی شۆڕشـی فەرەنسـا، لـەزاری وەزیـری دارایـی (جـاک نیکیـەر)، لەسـەردەمی حوکمڕانـی لویسـی شـانزەهەم دا، کاتـێ وڵات پێویسـتی بەوەرگرتنـی قـەرز بـوو لەسـەرمایەدارە گـەورەکان، ئـەم وەزیـرە بەپێویستی زانـی کـە نـاوی ئەوانـە بـۆ رای گشـتی ئاشـکرا بکرێـت.

ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت کـە پێشـتر رای گشـتی بوونـی نەبـووە، لەگـەڵ سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا ئـەم دیاردەیـە هەبـووە بەنـاوی جیـاوازەوە، لەوانـەش: (رای زۆرینـە، رای جەمـاوەر، رای هەمـووان، دەنگـی گـەل، رێکەوتنـی گشـتی، مەبەسـت و ویسـتی گشـتی و....هتـد). هـەر وەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد.

پاش ئـەوەی رای گشـتی وەک زاراوە کەوتـە ناو فەرهەنگی کۆمەڵایەتییـەوە، لـەم نێوەنـدەدا رۆژنامـە وبڵاوکـراوەکان رۆڵیکـی گرنگیـان بینـی.

(جێرمـی بنتـام Jermy Bentham) جەخـت لەسـەر گرنگـی رای گشـتی دەکاتـەوە ورۆڵـی نـاوازە دەدات بەرۆژنامەگـەری لـە دروسـتکردنی رای گشـتی، رای گشـتی بـە ئارامـرازی رێکخسـتنی کۆمەڵایەتـی دادەنێـت ودەیکاتـە قەڵغانـی ئاشـتی

لــەدژی زۆرداری، دەیبەســتێتەوە بــە دیموکراســییەتەوە وپێیوایــە دیموکراســی بەبــێ رای گشــتی نابێــت.

دواتــر رای گشــتی وەک بابەتێکــی زانســتی خرایــە بــەر بــاس ولێکۆڵینــەوە. ســەبارەت بــە رای گشــتی لــەڕووی تیۆرییــەوە، لــەرۆژاوا ســەرەتای گرنگیــدان بــەم چەمکــە دەگەڕێتــەوە بــۆ بەرهەمەکانــی ماکیاڤیلــی وهوبــس وتمپــڵ ودواتریــش رۆســۆ، لــەڕوی پراکتیکیشــەوە بەهــۆی شۆڕشــی پیشەســازی وگەشــەکردنی ئابــووری وزۆربوونــی داهێنانەکانــی مرۆڤایەتــی، بەهــۆی شــەپۆلی رێنیســانس لەئەوروپــا، سیســتمی بەڕێوەبــردن وئاســتی هۆشــیاری خەڵــک وهاتنــە مەیدانــی ئایدۆلۆژیــا بەشــێوەیەکی بەرچــاو پــەرەی ســەند زۆربــەی سیســتمەکانی بەڕێوەبــردن بــەرەو دیموکراســی وکۆمەڵگــەی مەدەنــی هەنگاویــان نــا، لەئەنجامدا زانینــی (رای گشــتی) بــوو بەپێداویســتییەکی ئــەو جــۆرە سیســتمانە، تاکــو لــەو رێگەیــەوە بەرنامــەی کارەکانیــان دابڕێــژن وخۆیــان لــە هەڵــە وکەمووکوڕییــەکان دورخەنــەوە. پاشــان دەســتکرا بــە گرنگیــدان بــە رای گشــتی لــەڕوی زانســتییەوە وهەوڵــەکان بەنوســینی کتێــب خرانــە گــەڕ.

(جــۆرج کورنویــل لویــس) ســاڵی ١٨٤٠ یەکــەم کتێبــی لەبــارەی رای گشــتییەوە بەناونیشــانی (وجهــە نظــر حــول تاثیــر السـلطة فـی قضایـا الـرای العـام) (تێڕوانینێک لەبـارەی

کاریگـەری دەسـەڵات لـە سـەر رای گشـتی).

سـاڵی ١٨٤٦ (کارل فـون جیـرزدروف) کتێبێکـی بەنـاوی (بیرۆکـە وسروشـتی رای گشـتی) بڵاوکردەوە کەبەشـێوازی زانسـتییانە باسـی لـە گەشـەکردنی مێژوویی رای گشـتی وئـەو پەیوەندییـە دەکات کـە هەیەتـی بـە یاسـا وبەڕێوەبردنـی وڵاتـەوە.

سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ئـەم چەمکـە زیاتـر گرنگـی پێدرا، توێژینـەوەی زۆری لەسـەر کرا وەک زاراوە ودیـاردە وبابەتـی زانسـتی.

سـاڵی ١٩٠٥ (دیسـای) کتێبـە بەناوبانگەکـەی بڵاوکـردەوە بەنـاوی (الـرای العـام والقانـون، رای گشـتی ویاسـا).

سـاڵی ١٩٠٨ (بیتلـی) کتێبێکـی بەنـاوی (لەبـارەی پەیوەنـدی گروپەکانـی فشـار بـەڕای گشـتی وسیاسـەتی گشـتییەوە) وزۆر کتێبـی تریـش.

لەجەنگـی جیهانـی یەکەمـدا زۆربـەی توێژینـەوەکان رای گشـتییان بـە (پڕوپاگەنـدە) وە بەسـتبویەوە.

لەمـاوەی جەنگـی جیهانـی دووەمـدا گرنگـی زانسـتی درا بـە رای گشـتی، لێکۆڵینـەوە لەبـارەی پەیوەنـدی نێـوان رای گشـتی وجەنگـی دەرونـی ئەنجامـدرا، لەمـاوەی هـەردوو جەنگـی جیهانیـدا توێژینـەوەکان گرنگیـان بـە کاریگـەری رۆژنامەگـەری ورادیـۆ وسـینەما لەسـەر رای گشـتی دا.

لەساڵی ١٩٣٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیمانگای (گالوب) لە لایەن جۆرج گالوب دامەزرا پاشان دەستی بە وەرگرتنی راوبۆچون کرد، سەبارەت بە بابەتە بازرگانییەکان، دواتر ئەم پەیمانگایە ئەو راوەرگرتنەی گواستەوە بۆ بواری سیاسی، بەتایبەت کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمەریکا، هەربەو هۆیەشەوە ئەم پەیمانگایە بوو بە بەشێک لە زانکۆی (برنستن) لەئەمەریکا ودواتر بویە (پەیمانگای ئەمەریکی بۆ پێوانی رای گشتی).

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، گرنگی زیاتر بە توێژینەوەی پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن ورای گشتی درا، توێژینەوە لەم چەمکە تەنیا لەناو کتێبدا قەتیس نەما، چەنئایین سەنتەر ومەڵبەندی تایبەت بەپێوانەکردنی رای گشتی دروستبوون.

# چەمک و پێناسەی رای گشتی

رای گشتی دەستەواژەیەکە لە لێکدانی دوو وشەی (را – رأي) و (گشتی – عام) پێک دێت.

سەبارەت بە وشەی را چەند ناو ومانای جیاواز هەڵدەگرێ: کە دەکرێ رادەربڕین یان بڕیاردان یان بۆچوون مەیل وئارەزو یان هەڵوێست دێت.

بەڵام هەرچەندە ئەم مانا وناوانە جودابن را بریتییە لە دەرەنجام وبیرکردنەوە وبۆچونی مرۆڤ، کە دەکرێ بەشێوەیەکی ئاشکرا وراشکاوانە گوزارشتی لێبکات، یان بەشێوەیەکی پەنهان ونادیار کە ئەو دەربڕینە لە شێوە وشێوازدا بەجۆر وچەشنی جیاوازبێت. دووەمییشیان بە مانای کۆ یان بڕێکی زۆر دێت.

لە لێکدانی (را +گشتی) ئەم چەمکە دروست بووە کە بە مانای کۆی بۆچوونەکان یان بەمانای کۆی رایەکان دێت. سادەترین پێناسە بۆ رای گشتی تەنیا ئەوەیە کە بڵێن (دەنگی خەڵکە)، ئەم دەنگە لەهەموو جێگەیەکدا وبەشێوەی جیاجیا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەبیسترێت.

رای گشتی لەلایەن زانایانەوە پێناسەی جۆرا وجۆری بۆ کراوە لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەروو:

(محمد عبدالقادرحاتم، ١٩٧٢) لە کتێبەکەی بەناونیشانی (الرأي العام کیف یقاس کیف یساس) پێناسەی رای گشتی دەکات بەوەی، کە بریتییە لەو حوکمەی گروپێک پێیدەگەن لە مەسەلەیەک کە بایەخدارە، ئەو رایەیە کە کاریگەری وپەرچەکرداری ئاڵوگۆڕکراوی لێبەرهەم دێت لە نێوان تاکەکانی گروپێکی گەورە لە خەڵک.

(ولیەم ئەلبیک) بەم شێوەیە پێناسەی رای گشتی دەکات:

رای گشتی بریتییە لە گوزارشتکردنی دەستەکانی جەماوەر لەبارەی ئەو بابەتانەی لەنێوانیاندا روودەدات یان دەخولێتەوە، کۆمەڵێ ئاڕاستەی زاڵە بەسەر جەماوەر، سەبارەت بە کێشەیەک گوزارشت لە رای زۆرینە دەکات. ئەلبیک وای دەبینێت کە رای گشتی لە ئەنجامی پرۆسەی گفتوگۆکردنی نێوان تاکەکان و گروپە بچوکەکانەوە دێت. (سەمیر محمد حسین، ١٩٧٧)

کلورید کینگ دەڵێت: رای گشتی ئەو حوکمەیە کە گروپێک یان کۆمەڵێک پێی دەگەن سەبارەت بە مەسەلەیەک کە ئیعتیباری گشتی هەیە لەئاکامی گفتوگۆی ئاشکرا.( کامل خورشید، ٢٠١١)

لە پێناسەکانی رای گشتیدا کۆمەڵی هاوبەش پێناسەکان پێکدەهێنن وبە پایە بنەڕەتییەکانی دادەنرێن لە پرۆسەی پەیوەندی وکارلێکی نێوان تاکەکان بریتین لە:(عبدالکریم الدبیسي،٢٠١١).

- سەرهەڵدانی کێشەیەک یان مەسەلەیەکی گشتی گرنگ بۆ جەماوەر: مەسەلە وهەڵوێستێکە لەو کاتەدا بوونی دەبێت رەنگە هەموو خەڵکی رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕن، بەڵام بابەتی گرنگی پێدانی گشتییە لەناو کۆمەڵ، بەڵکو بەرژەوەندی کەسی نییە، دەکرێت ئەو پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان هەر پرسێکی دیکە بێت کە بەهایەکی گرنگ وخۆسەپێنی هەبێت کە پەوەست بێ بە بەرژەوەندیی وگرنگی پێدانی جەماوەر.

- بوونی جەماوەر «کۆمەڵێک» گروپێک کە گرنگی بە کێشەکە بدەن، خودی جەماوەر بواری درووستبوونی رای گشتین هەرئەوانیشن کە گرنگی بە مەسەلەکە دەدەن یان پێی کاریگەر دەبن، هۆشیارن سەبارەت بە بابەتەکان ودەرکی پێدەکەن. هەر بۆیە بارستایی وریژەی جەماوەر،

پلـەی ڕێکخسـتنیان ئاماژەیـە بـۆ گرنگـی مەسـەلەکە، ئەمـەش کاریگـەری هەیـە لەسـەر بڕیاربەدەسـتان. هەروەهـا دەکرێـت جەمـاوەر تایبەتمەنـد بێـت، بـۆ نموونـە: رای گشـتی مامۆسـتایان، پزیشـکان یـان ئەندازیـاران.

- گفتوگـۆ وتوویـژ دەربـارەی بابەتەکـە یـان کێشـەکە: رای گشـتی لەبـارەی بابـەت وپرسـیێکەوە درووسـت نابـێ ئەگـەر گفتوگـۆ نەبـێ، چونکـە ئـەوە وتووێـژە کـە رای گشـتی دەردەخـات لەبـارەی بابەتێکـی زینـدو وبەهـادار کـە پەیوەسـتە بەبەرژەوەنـدی وگرنگیپێدانـی جەمـاوەر. لـەم دۆخـەدا پێـی دەگوترێـت رای گشـتی ئاشـکرا و راسـتگۆ. لێـرەدا ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی وئامرازەکانـی راگەیانـدن بەشـدار دەبـن لـە دەربڕینـی تێڕوانینیـان سـەبارەت بـە بابەتەکـە بـە ئاشـکرا وئازادییەکـی رەهـا.

- تێڕوانینـی زۆرینـە: کاتێـک مەسـلەکە دەبێتـە جێـی بایەخـی کۆمەڵێکـی گـەورەی خەڵکـی ئـەوکات گوزارشـت لـە رای زۆرینـە دەکات، نـەوەک جەمـاوەر بـە گشـتی.

- ئامانجـی بەدیهێنانـی بەرژەوەنـدی گشـتی: کاتێـک رای گشـتی تێڕوانینێکـی دیاریکـراو لەخۆدەگرێـت وهەڵدەبژێرێـت مەبەسـت لـەو هەڵبژاردەیـە ئەوەیـە کـە چارەسـەری نموونەیـی بخاتـەڕوو کـە پێـی وایـە خزمـەت بـە بەدیهاتنـی بەرژەوەنـدی گشـی دەکات.

بەرژەوەندییە گشتییەکان جۆرا وجۆرن دەکریٚ سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان رۆشنبیری بێت. بەرژەوەندییە گشتییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، هەروەک چۆن جیاوازە لە نێوان شار وبگرە پارێزگایەکدا.

- کات: پێکهاتن وگۆڕینی تێروانی جەماوەر لەبارەی مەسەلە وپرسە جیاوازەکاندا، بەپێی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی باو لەمەودای کاتێکی دیاریکراودا دەگۆڕێت. ئەو ژینگە دیموکراسییەی کە لە وڵاتێکدا هەیە لەمەودایەکی زەمەنی دیاریکراو، دەبێتە هۆی درووستبونی هەندیٚ بەها ئەو بەهایانە تەواو جیاوازن لەوانەی کەلە ژینگەیەکی دیکتاتۆڕی درووست دەبن.

- گوزارشتکردن لە رای گشتی: را گوزارشتکردنی کردەییە لە ئاڕاستە ودەربڕینی تێڕوانینەکان، ئەگەر گوزارشتکردن نەبیٚ لە رای گشتی ئەوا ناتوانین بیناسین، دواتر ناکریٚ بە رای دابنێین. دەکرێت بە چەنئاییین شێواز گوزارشت لە تێڕوانین بکرێت لەوانە بە، وشەکان، یان کردەوەکان، لەڕێگەی گوزارشتکردنی گووتەیی یان نووسراو. وێڕای ئەو رۆڵەی سەرکردە هۆشیارەکانی را دەیگێڕن، دەکرێت گوزارشتکردنی کۆتایی بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت، ئەنجامدانی خۆپیشاندان، ڕێپێوان، مانگرتن،

یـان بـە شـێوازی نەرێنـی بێـت، بایکۆتکردنـی کڕینـی بەرهەمـەکان.

گاریگـەری رای گشـتی: مەبەسـت لەوەیـە ئـەو رایانـە کاریگەرییـان هەبێـت، یـان ئـەو رایانـەی پێـی گەیشـتون کاریگـەری پراکتیـزە بـکات، لەسـەر رفتـاری تاکـەکان، یـان لـە سـەر سیاسـەتە گشـتییەکانی وڵات وبڕیـار بەدەسـتان بەمەبەسـتی گونجـان وسـازان بەشـێوەیەکی بەرچـاو.

# رای گشتی و ئەو چەمکانەی لێی نزیکن «را» «گشت» «بڕیار» «ئاڕاستە» «ڕەفتار» «ئاپۆڕا»

بـۆ تێگەیشـتن لـەم چەمکانـە ئـەم سـەرچاوانە دەخەینـەڕوو «ناهـد رمـزی، ١٩٩١: الـرأي العـام وسـايكولوجية السياسـة، عبدالكريـم الدبيسـي الـرأي العـام عوامـل تكوينـه وطـرق قياسـه٢٠١١، جمـال مجاهد، ٢٠٠١: الرأي العام وطرق قياسه».

را: بەواتـای بۆچوونـی تـاک دێـت لەبـارەی بابەتێکـی دیاریکـراو کـە بـە زمـان گوزارشـتی لێدەکات لـە ودۆخـی جیـاوازدا دەگۆڕێت، ودابـەش دەبێت بـۆ(رای کەسـی –رای تایبـەت – رای گشـتی).

جیـاوازی نێـوان چەمکـی را وچەمکەکانـی «بڕیـار» ئاڕاسـتە «ڕەفتـار» گشـت و ئاپـۆڕا و جەمـاوەر.

(هربێرت بلۆمەر) پێی وایە گشتی خەڵک یان گشت ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک لە تاکەکان، کە کێشە یان دۆزێک رویان تێدەکات، ودابەش دەبن لە بیروبۆچوونیان سەبارەت بە چۆنییەتی روبەڕوبونەوەی ئەو کێشەیە، لەبارەیەوە گفتوگۆ ودانوستاندن لەگەڵ یەکتر دەکەن.

(بلومەر) دەڵێت: گفتوگۆ لەسەر کێشەکە هۆی سەرەکی دروستبوونی گشتە، بوونی ئەم کێشەیە یان ئەم روداوە وا لەخەڵک دەکات بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن، بێئەوەی گوێ بدەنە دابونەریت وپێوەرەکان، بۆیە (تاک) لەناو (گشت) دا هیچ رۆڵ وپلە وپایەکی دیاریکراوی نییە، جگە لە رادەربڕین وئاشکراکردنی ئاڕاستەکەی.

«گۆستاڤ لوبون» زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی باس لە هەڵسوکەوت وهەست وسۆز وبیروڕای تاک لە ناو ئاپۆڕا دەخاتەڕوو، دەڵێت: سێ هۆکاری سەرەکی هەن بۆ دروست بوونی کۆ رەفتار (رەفتاری بەکۆمەڵ)

تاک لە ناو ئاپۆڕدا دەسبەرداری پێوەرە شارستانییەکان دەبێت ولەسەر بنەمای غەریزە رەفتاردەکات.

هەست وسۆز ورەفتارەکان زۆر بە خێرایی لەڕێگای لاساییکردنەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڵاودەبێتەوە.

کەسایەتی هۆشیارانەی تاک لەژێر کاریگەری ئاپۆڕادا دەشاردرێتەوە وتاک دور لە هۆشیاری رەفتار دەکات،

وەک کەسێک دووچاری نوستنی موگناتیسی(Hypnosis) کرا بێت، هەر ئەوەشە تاک رەفتاری وادەکات کە ئەنجامەکانی مەترسیدارن. تاکەکان هەموو وەکو یەک هەڵدەچن، وەک یەک بیردەکەنەوە، وەکو یەکیش رەفتار دەکەن، بەڕادەیەک کە لایەنی عەقڵی تاک دەگۆڕێ بۆ عەقڵی بەکۆمەڵ.

بلۆمەر چوار جۆر ئاپۆڕا دەخاتە روو:

- ئاپۆڕای تێپەڕ: ئەو ئاپۆڕایە کە بەڕێکەوت دروست دەبێ، وەکو خڕبوونەوەی تاکەکان لەکاتی رووداوێکی دیاریکراو، وەکو پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل کۆمەڵێک کۆدەبنەوە بە بێ بەرنامەڕێژی بۆ ئەو کۆبونەوەیە.

- ئاپۆڕای رێکخراو: بریتییە لەو ئاپۆڕایەی کە لە بۆنەیەکی دیاریکراو کۆدەبنەوە، وەکوو یاری تۆپی پێ یان تەماشاکردنی فیلم لە سینەما یان کۆنسێرت.

- ئاپۆڕای چالاک: جۆرێکە لەو ئاپۆڕایەی، کۆمەڵێک لەئەنجامی خۆپیشاندان و راپەڕینە جەماوەرییەکاندا کۆدەبنەوە، ئەوی لەم جۆرە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە رەفتاری بەشداربووان زۆر هەڵچوو وتوندە، پەرۆشی وهەڵچوونی پێوە دیارە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی لە پێناویدا کۆبوونەتەوە، ورەفتاری هاوبەش دەنوێنن کە بریتییە لە (کۆڕەفتار).

ئاپـۆڕای نمایشـی: بریتییـە لـەو ئاپۆڕایـەی کـە تێیـدا تاکـەکان پێکـەوە بەشـدارن لـە ئەنجامدانـی ڕێوڕەسـمی هاوبـەش جـا چـی ئاینـی بێـت یـان کەلتـووری، کـە لـە شـێوەی جوڵـە گوزارشـتی لێدەکرێـت بـۆ نمونـە نوێـژی بەکۆمـەڵ.

«پـارک» وای دەبینـێ کـە: (ئاپـۆڕا - حەشـد) و(گشـت – گشـتی) هـەردووک هاوشـێوەن لـە بنەمایەکـی سـەرەکی، ئەویـش ئەوەیـە هەریـەک لـەوان میکانزمـی خۆگونجاندنـی کۆمەڵایەتـی وگۆڕانکاریـن، واتـە فۆرمگەلێکـی کۆمەڵایەتـی تێپـەڕ وکاتیـن، گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان لەڕێگەیـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ ڕێکخسـتنە نوێـکان.

(ئاپـۆڕا - حەشـد) و(گشـت – گشـتی) جۆرێـک لەهێـز وخۆسـەپاندنی بەکۆمـەڵ یـان ئیـرادەی گشـتی تێیـدا بـە سـەر تاکەکانیـدا زاڵـە. بـەڵام ئاپـۆڕا زیاتـر یەکەیەکـی عاتفـی وسـۆزدار وهەڵچـووە، کەچـی گشـت یـان گشـتی بـە دژایەتـی ومشـتومڕ وگفتوگـۆی عەقڵانـی دەناسـرێتەوە. تـاک لەڕێگەی عاتیفە وهەستەوە دەچێتە نـاو ئاپۆڕا، بەڵام لەگشـتیدا پێویسـتە بیرکردنـەوە ولێکدانـەوەی عەقڵانـی هەبێـت لەگـەڵ کەسـانی دیکـە.

جەمـاوەر: مەبەسـت لێـی کۆمەڵێکـی گـەورەی خەڵکە کـە زۆر هەمەجـۆرن، لـە رووی بونیـاد وپێکهاتـەوە نادیـارن.

بەهـۆی کات وپانتاییـەوە دروسـت نابـن، تاکەکانـی یەکتـر ناناسـن وروبـەڕوی یەکتـر نابنـەوە، واتـە تاکەکانـی جەمـاوەر پێکـەوە کۆنابنـەوە وپرۆسـەی پەیوەنـدی وکارلێکـی کۆمەڵایەتـی لـە نێوانیانـدا لاوازە، تاکەکانـی لەهەمـوو چینێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت، جەمـاوەر لـە ئاپۆڕا وگشـت پەرتەوازتـر وبەربڵاوتـرە.

تاکەکانـی جەماوەرلـە ئەنجامـی فۆکەسـکردن وئاگایـی هاوبەشـەوە لـە پێنـاو بەدیهێنانـی پێداویسـتییە کەسـایەتییەکانیان. لەژێـر ئاڕاسـتەکردنی هیـچ ئیرادەیەکـی بەکۆمـەڵ کار ناکـەن، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆیانە هەڵسـوکەوت دەکـەن، لای جەمـاوەر سـۆز وهەسـتی هاوبـەش نییـە وەک ئـەوەی لـە ئاپـۆڕا تێبینـی دەکرێـت، مشـتومڕ وگفتوگـۆش نییـە وەک ئـەوەی لەگشـتی بوونـی هەیـە، «بلۆمـەر» وای دەبینـێ کـە گشـتی لەدۆخێکـی زۆر وروژێنـەرری هەسـت وسـۆزدا دەبێتـە ئاپـۆڕا، ئـەوەی هەموویـان وەک یـەک لێـدەکات، سـۆز وهەسـتی گشـتییە، نـەک رای گشـتی.

بڕیـار: بـەوە پێناسـە دەکرێت کـە بریتییـە لـە هەڵبـژاردن لـە نێـوان کۆمەڵێـک ئەڵتەرناتیڤـی پێشـنیار کـراو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەک، یـان قەیرانێک یـان بەڕێکردنی کارێکـی دیاریکـراو، یـان رایەکـە پێشـتر بـەوردی لایەنـە

ئەرێنــی ونەرێنییەکانــی لێکدراوەتــەوە.

بــەڵام هەرچی رەفتــارە: بریتییــە لــە هەڵســوکەوت وجوڵــە کە تــاک ئەنجامی دەدات، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بۆ دەربڕینی ئاڕاستەکەی.

کەواتــە رەفتــار بریتییــە: لــە ئاشــکراکردنی را وئاڕاســتەی تــاک، بەپێــی توێژینــەوەکان وادەردەکەوێــت مــەرج نییــە ئــەو رایانــەی ئاشــکران ئاڕاســتەی راســتەقینە بــن، چونکــە ئاڕاســتەی راســتەقینە تەنهــا راســتەقینەوە دەردەکەوێــت. (احمــد شــاهین، ٢٠١٠ ).

# رای گشتی و ئاڕاسته

بۆ باسکردن لە بابەتی ئاڕاستە زۆر نووسین هەن، لێرەدا پشت بە کتێبەکەی ( احمد شاهین) دەبەستین بەناوی (الاعلام الرأي العام) (احمد شاهین،٢٠١٠: الاعلام الرأي العام).

ئاڕاستە «Attitude» لە تێڕوانینی (ئەلبۆرت) بریتییە لە دۆخێکی ئامادەگی ئاوەز یان دەمارگیری، لەڕێگەی ئەزموونی کەسەکەوە ڕێکدەخرێت، کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردن و وەڵامدانەوەی تاک، سەبارەت بە هەموو ئەو بابەت و هەڵوێستانەی پەیوەستە بەو ئامادەگیەوە .

دەکرێت پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ئاڕاستەکان لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

-پێکهاتـەی ئەقڵی زانیـن: ئەمـەش هەمـوو ئـەو تێگەیشـتن ودرککـردن وبیـر وباوەڕانـە دەگرێتـەوە کـە تـاک هەیەتـی سـەبارەت بـە بابەتـی ئاڕاسـتەکە.

- پێکهاتـەی سـۆز: دەرکەوتنـی ئـەم پێکهاتەیـە پەیوەسـتە بـە هەسـت وسـۆز وئارەزووەکانـی تاکـەوە بەرامبـەر بابەتێـک، بـە رق لێبوونـەوە بێـت یـان خۆشویسـتن، یاخـود بـە بەشـێوەیەکی ئەرێنـی بێـت یـان نەرێنـی.

- پێکهاتـەی رەفتـاری: پێکهاتـەی رەفتـاری بۆ ئاڕاسـتەکان بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان لەمـەودای وڵامدانـەوەی کردەیـی بـۆ بابەتەکـە روون دەبێتـەوە، واتـا لـە کاتێکـدا تـاک بیروبۆچونـی نەرێنـی هەبێـت سـەبارەت بـە ئەندامانـی گرووپێـک لـە گرووپـەکان، لـە ئەنجامـی بۆچونەکانـی لێیـان دور دەکەوێتـەوە لـەو گروپـە بـە مەبەسـتی سـزادانیان. بەپێچەوانەشـەوە ئەگـەر تـاک بیروبۆچونـی ئەرێنـی سـەبارەت بـە ئەندامانـی گرووپێـک هەبێـت، ئـەوە ئامـادە دەبێـت بـۆ هاوکاریکـردن وکارکـردن لەگەڵیانـدا.

**گۆڕینی ئاڕاستەکان**

رەوتـی بەردەوامـی ژیـان وادەکات مـرۆڤ بەپێـی پێداویسـتییەکانی گۆڕانـکاری بەسـەردا بێـت، جـا ئەمـە چ لـەڕوی پێداویسـتی خـودی تـاک بێـت یـان پێداویسـتی کۆمەڵگـە، هـەر بۆیـە پێداویسـتییەکان هۆکارێکـی سـەرەکین

لــە هۆکارەکانــی گۆڕینــی ئاڕاســتەکان.

بەمەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەکان توێژینەوەکان گەیشتنە ئــەو ئەنجامــەی کــە بەکارهێنانــی ڕێگاکانــی وانــە وتنــەوە وگفتوگــۆی لۆژیکــی ســودێکی ئەوتــۆی نییــە بــۆ گۆڕینــی ئاڕاســتەکان.

توێژینــەوەکان گەیشتنە ئــەوەی کــە ســێ گــروپ لــە هــۆکار هــەن کــە دەکرێــت کاربکەنــە ســەر گۆڕینــی ئاڕاســتەکان ئەوانــەش برتییــن لــە:

- تایبەتمەندییەکانی تــاک: مەبەست لێی تایبەتمەندییەکانی کەســی بەئامانجکــراوە، کــە وەرگــری پەیامــە، بۆئــەوەی بتوانــی ئاڕاســتەی تــاک بگۆڕیــت، پێویســتە شــارەزابیت لــە ئاســتی زانیــن وتوانــای بیرکردنــەوەی لــە بــارەی ئــەو پرســیارەی ئاڕاســتەی دەکەیــت، پاشــان هــەوڵ بــۆ باوەڕپێهێنانــی دەدرێــت بــە یەکێــک لــە شــێوازەکانی باوەڕپێهێنــان کــە بریتییــن لــە.

ڕێــڕەوی ناوەنــدی باوەڕپێهێنــان ئــەم ڕەوتــە فۆکــەس دەکاتــە ســەر گفتوگــۆی لۆژیکــی قــوڵ ســەبارەت بــەو بابەتــەی دەتــەوی کاری لەســەر بکــەی بەمەبەستی پێکهێنانی ئاڕاســتەکان.

ڕێڕەوی ســەتحی یــان ڕێڕەوی ڕووکەشــی باوەڕپێهێنــان فۆکــەس دەکاتــە ســەر ڕوکەشــی پەیامەکــە، وەکــو ڕادەی

سەرنجڕاکێشان لە خستنەڕوی پەیامەکە وجەختکردنەوەی پەیامنێر بە مەبەستی چەسپاندنی، ئەمە لە کاتێکدا کە وەرگر توانای قوڵبونەوەی نییە لە مەسەلەکە، بەهۆکاری لاوازی توانای یان بیرکردنەوە، یان کەمی شارەزایی لەو بوارە.

تایبەتمەندییەکانی پەیامی ئاڕاستەکراو

تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر «نێرەر»

تایبەتمەندییەکانی تاک:

**تایبەتمەندییەکانی پەیامی ئاڕاستەکراو (ئاڕاستەی نوێ):**

- هاوسەنگی: مەبەست لێی خستنەڕووی خاڵە بەهێز ولاوازەکانی ئەو پەیامەیە کە دەریدەبڕێت، بە مەبەستی گەرەنتیکردنی گۆڕینی ئاڕاستەکانیان بەئاسانی.

- دوبارەکردنەوە: لێرەدا مەبەست لە دوبارەکردنەوەی هاوسەنگە بۆ ئەو پەیامەی ئاڕاستەی ئەو کەسە دەکرێت کە بە ئامانجکراوە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکانی، دوبارەکردنەوە دەرەنجامی ئەرێنی دەبێت، بەشێوەک نەبێتە هۆی بێزارکردن، چونکە روبەڕوبوونەوەی تاکەکان بۆ پەیامە وروژێنەرەکان پەیوەستبوونیان زیاد دەکات.

**تایبەتمەندییەکانی نێرەری پەیام**

نێرەر رۆڵی کارای هەیە لە کارکردنە سەر تاک (وەرگر) ی پەیام، ئەم کاریگەرییەش بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکانی

لەڕێگەی دوو خاڵی سەرەکییەوە دەردەکەوێت کە بریتیین لە:

- بوونی متمانە:

ئامادەگی تاک زیاتر دەبێ بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی، ئەگەر باوەڕی بە نێرەری پەیامەکە هەبێت.

- خۆشەویستی:

ڕەنگە تاک ئاراستەکانی، بگۆڕێت ئەگەر کەسێکی خۆشەویست پەیامەکەی ئاراستە بکات.

پێوانەکردنی ئاراستەکان لە رای گشتیدا لەڕێگەی میتۆدی چەندایەتی وجۆرایەتییەوە ئەنجام دەدرێت.

# پرۆسەی پێکهێنانی رای گشتی

توێژینەوەکان چەند میتۆدێک دەخەنەروو سەبارەت بە پێکهێنانی رای گشتی(احمد بدر،١٩٩٧ .الرأي العام طبيعة تكوينه وقياسه) کە بریتیین لەمانەی خوارەوە :

- میتۆدی تاک فاکتەری – یەک فاکتەری - منهج العامل الواحد:

ئەم میتۆدە بە یەکێک لە بنەما بەرچاوەکانی پێکهێنانی رای گشتیی دادەنرێت، (کارل مارکس) ئابووری بەفاکتەری پێکهێنانی رای گشتی دادەنێت، هەندێکی تر مەسەلەی نەژاد یان غەریزە بەفاکتەر دەزانن، بەڵام توێژەران بەئاڕاستەی کەمکردنەوەی پشتبەستن بەم میتۆدە لەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا.

- میتۆدی قۆناغە دیاریکراوەکان- منهج المراحل المحدده:

هەندێـک لـە توێـژەران هـەوڵ دەدەن ناوبەنـاو پرۆسـەی پێکهێنانـی رای گشـتی بەشـێوەیەکی گشـتی و بەربـڵاو بخەنـە روو، بەبێ فۆکـەس کردنـە سـەر هەندێک هۆکاری دیاریکراو.

ئـەو توێژەرانـە ئەوەیـان خسـتەروو، کـە پرۆسـەی پێکهێنانـی رای گشـتی سـەبارەت بـە مەسـەلەیەکی دیاریکـراو وەک مافـە مەدەنییـەکان یـان دڵنیایـی کۆمەڵایەتـی ( التامیـن الاجتماعـی) بەچەنـد قۆناغێکـی دیاریکـراودا تێدەپەڕێـت.

(کلوریـد کنـگ) یەکێکـە لـە پێشـڕەوانی ئـەم میتـۆدە پێـی وایـە چـوار قۆنـاغ لـە پێکهێنانـی رای گشـتیدا هەیـە، بـەم شـێوەیە:

بریتییـە لـەو بێزاربوونـەی کۆمەڵـەیـەک هەسـتی پێدەکـەن سـەبارەت بـە کێشـەیەک، پێیـان وایـە ئـەو کێشـەیە دەکرێـت بەڕێگـەی کاری گروپـەوە چارەسـەر بکرێـت.

بێزارییەکـە دەبێتـە دیاردەیەکـی گشـتی، وشـیاری لای جەمـاوەر دروسـت دەبێـت بەمەبەسـتی کاری جەمـاوەری بـۆ چارەسـەرکردن.

گەورەبـون و گەلاڵەبوونـی کێشـەکە لەسـەر بنەمـای گفتوگـۆو بڵاوکردنـەوەی بیروبۆچونـەکان لەڕێگـەی میدیـاوە.

قۆناغی کۆتایی بریتییە لە حوکم و بڕیاردان .

بـەڵام (جیمـس پرایـس) پێـی وایـە: رای گشـتی کاتێـک پێکدێـت کـە لەقۆناغـی رای گشـتی سـلبییەوە بگۆڕدرێـت بـۆ رای گشـتی

وشـیار و چـالاک، بەمـەش ئـەو رایـە چالاکـە دەبێتـە خـاوەن بڕیـارو حوکـم دەکات.

- میتـۆدی چەنـد فاکتـەری: ئـەم میتـۆدە جەخـت لەسـەر بەشداری چەنئایین هـۆکار دەکاتـەوە لـە پێکهێنانـی رای گشـتی.

لـە توێژینـەوە بەناوبانگـەی ( پـول لازار سـفیلد) کـە لەبـارەی رەفتـاری هەڵبـژاردن ئەنجامیـدا، بـەو دەرەنجامـە گەیشـت کـە دەکرێـت لەڕێگـەی سـێ فاکتـەرەوە ئـەو رەفتارانـە بناسـرێنەوە کـە بریتـی بـوون لـە:

باری کۆمەڵایەتی - ئابووری

شوێنی نیشتەجێبوون- شار، لادێ

ئایین/ کاسۆلیک – پرۆتستان... هتد.

ئـەم سـێ هـۆکارە بـوون کـە کاریگـەری هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتی ئەمەریکایـان دەرخسـت لەسـاڵی ١٩٤٠، ئـەم میتـۆدە زۆرتریـن بەکارهێنانـی هەیـە لـە توێژینەوەکانـی پێکهێنانـی رای گشـتی.

# قۆناغەکانی دروستبوونی رای گشتی

بـۆ خسـتنەرووی قۆناغەکانـی دروسـتبوونی رای گشـتی سـەرچاوەکان پۆلێنکردنـی جیـاواز دەخەنـە روو(احمـد شـاهین) دابەشـی دەکات بـۆ ئـەم قۆناغانـەی خـوارەوە.

- قۆناغـی هەسـتکردن ودرک کـردن: سـەرهەڵدانی بابـەت روداو یـان کێشـەکان هەسـتکردن ودرک کـردن بەکێشـە ومەسـەلەکان، واتـە پێویسـتە بابەتەکـە جێی بایەخـی گشـتی بێـت، گرنـگ بێـت بـەلای جەمـاوەرەوە.
- قۆناغـی رای تاکـە کەسـی: لێـرەدە تـاک را خـۆی دەربرێـت کـە گوزارشـت لـە ئاڕاسـتەکانی دەکات سـەبارەت بـە ئاگادارکردنـەوە وکارتێکـەرەکان
- قۆناغـی ململانێـی رای تـاک لەگـەڵ رای بەکۆمـەڵ

«گرووپ». وتوویێژ ومشتوومڕ لەبارەی کێشەکە: لێرەدا گفتوگۆ وسەرنج وتێبینی لەبارەی کێشەکە دەخرێتە روو.

● قۆناغی گۆڕینی رای تاک بۆ رای بەکۆمەڵ: خستنەرووی پێشنیاری جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. لەم قۆناغە بیروبۆچونەکان لێک نزیک دەبنەوە بەمەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنی بەکۆمەڵ وچارەسەر، لەم قۆناغەدا رای گشتی گەڵاڵە دەبێت لەلایەن ئەندامان وتاک وگروپەکان.

● قۆناغی رێکەوتنی بەکۆمەڵ لەئەنجامی نزیکبونەوەی را وبۆچون وپێشنیارەکان کە لەلایەن بەشداربووان مشتوومڕی لەسەر دەکرێت ورای بەکۆمەڵ دروست دەبێ.

● رەفتاری بەکۆمەڵ یان رەفتاری جەماوەری: رای گشتی زۆرجار رەفتاری لێدەکەوێتەوە بەمەبەستی دروستکردنی فشار یان خستنەرووی پێشنیار بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

● رای گشتی لە دەرەنجامی چەنئایین پاڵنەرەوە دروست دەبێت کە لە بنەڕەتدا هەمان پاڵنەرەکانی دروستبوونی رای تاکن، تاکیش رای لەدوای تواندنەوەی ئەو رەگەزانەی سۆز وبیر وبۆچوونەکانی دەخولقێنێت دروست دەبێت، لە بەیەک گەیشتنی هاووڵاتییان رای

گشتی دروست دەبێت، ئەویش بەهۆی پرۆسەی پەیوەندی وەک ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ یان روبەڕوبوونەوەی ئامرازە جۆرا وجۆرەکانی گەیاندن و لەڕێی چاپەمەنییەکانەوە (رۆژنامە، گۆڤار، هتد) یاخود لەڕێی رادیۆ وتەلەفزیۆن وفیلم وشتی تر، ئەنجامی گفتوگۆ وبەدواداچوون ولێکۆڵینەوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتن وهەڵسەنگاندنی بیرورا پێچەوانەکان لە کۆتاییدا رێکەوتنێکی هاوبەش بەئاکام دێنن لەسەر شتەکان. ناکرێت رۆڵی پرۆسەی پەیوەندیکردن وئامرازەکانی راگەیاندن فەراموش بکەین کە رۆڵی کارا وکاریگەریان هەیە لەگواستنەوەی زانیارییەکان بۆ جەماوەر بەمەستی هوشیارکردنەوەیان لەبارەی کێشە وبابەتەکان بەشێوازی جۆرا وجۆر.

بەلام (محي الدين عبد الحليم، ٢٠٠٩). لە کتێبەکەی بەناونیشانی (الرأي العام) ئەم پۆلێنکردنە دەخاتەرو.

سەرهەڵدانی بابەت، یان کێشە ورووداو

● هەستکردن بەکێشەکە: هەستکردن و درک کردن بەکێشە ومەسەلەکان، واتە پێویستە جێی بایەخی گشتی بن، گرنگ بن بەلای جەماوەرەوە .

● وتوویژ ومشتوومڕ لەبارەی کێشەکە: لێرەدا گفتوگۆ و سەرنج وتێبینی لەبارەی کیشەکە دەخرێتە روو.

● خستنەرووی پێشنیاری جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

- پاشان ململانێی رایەکان دروست دەبێ ، گەڵاڵەبوونی رای گشتی لەم قۆناغەدا رای گشتی گەڵاڵە دەبێت لەلایەن ئەندامان وتاک وگروپەکان.
- لەم قۆناغە بیرو بۆچونەکان لێک نزیک دەبنەوە بەمەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنی بەکۆمەڵ و چارەسەر
- رێکەوتنی بەکۆمەڵ لە ئەنجامی نزیکبونەوەی راو وبۆچون وپێشنیارەکان کە لەلایەن بەشداربوان مشتوو مڕی لەسەر دەکرێت ورای بەکۆمەڵ دروست دەبێ.
- رەفتاری بەکۆمەڵ یان جەماوەری: رای گشتی زۆر جار رەفتاری لێدەکەوێتەوە بە مەبەستی دروستکردنی فشار یان خستنەرووی پێشنیار بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

# ئەو فاکتەرانەی کاریگەرن لە پێکهێنانی رای گشتی

سەرچاوەکان لەگۆشە نیگای جۆراوجۆرەوە ئەو فاکتەرانە دەخەنەروو کە کاردەکەنە سەر دروستبوون یان پێکهێنانی رای گشتی، بۆیە لێرەدا کۆی ئەو فاکتەرانە ریز دەکەین، بەپشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەک کە لەپێشتر لەم کتێبەدا سودیان لێوەرگیراوە لەوانە (احمد شاهین، هانی الرضا و رامز عمار، ١٩٩٨. صابر محمود عبدالله، ٢٠٠٩. محي الدين عبد الحليم، عبدالكريم الدبيسي).

- کۆمەڵانی خەڵک – گروپەکان
- هۆکارە فیسیۆلۆژیەکان
- هۆکارە دەرونییەکان

- ئـــایین
- دابونەریت
- خێزان
- پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
- کلتووری رۆشنبیری
- دەزگاکانی فێرکردن
- ئامرازەکانی راگەیاندن
- سیستمی سیاسیی
- حزبە سیاسییەکان
- رووداوەکان
- هەستی نەتەوایەتی
- سەرکردەکان
- سەرکردەکانی را
- هەلومەرجی ئابووریی
- ژینگەی سروشتی
- هەلومەرجی نێودەوڵەتی

# گرنگی رای گشتی

رای گشـتی گرنگـی هەیـە لەکایـە جیاوازەکانـی وەک رامیـاری، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، بەهـۆی کاریگەییـەوە لەسـەر دەسـەڵاتداران وخـاوەن بڕیـار وژیانـی گشـتی خەڵک وکۆمەڵگە. سیاسییەکان پەنا بۆ رای گشتی دەبەن وهەوڵـی بەدەسـهێنانی رای گشـتی دەدەن بەمەبەسـتی پاڵپشـتی وپشـتیوانی لـەکار وچالاکییەکانیانـدا، پیاوانـی دەوڵەت ودروستکەرانی بڕیار بۆ رای گشتی دەگەڕێنەوە، بەمەبەستی دارشتنی بڕیار وئەجێندا وهێڵە سەرەکییەکانی کار وچالاکییەکانیـان.

بـازرگان وپیاوانـی کار وبـازار پشـت دەبەسـتن بـە رای گشـتی بـە مەبەسـتی چەسـپاندن وزیادکردنـی بەرهـەم

وبـازار پەیداکـردن بـۆ کالاْ و خزمەتگوزارییەکانیـان، بـە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین پشـک لـە بـازاری ئـازاد کـە پێشبڕکێی کالاْ وبەرهەمەکانیانی پێبکـەن، بەڕەچاوکردنی پێداویستی وخواستی تـاک وکۆمـەڵ وبەکاربـەران، لەڕێگـەی زانینـی را و ویسـتی بەکاربـەران، بەمـەش دەگوترێـت توێژینـەوەی بـازار. (عبدالكريـم الدبيسـي،٢٠١١)

سـەرباری جیاوازی بیروبۆچونی زانـا وبیرمەندان لەسـەر چەمکی رای گشتی بـەڵام هەموویـان کۆکـن لەسـەر گرنگـی ئـەم بابەتـە لەهەمـوو کات وسـەردەمێکدا بـۆ هەمـوو خەڵـک ئەگـەر دەسـەڵاتدار بـن یـان (جەمـاوەر)، هـۆز ونەتـەوەکان، هـاوڕا ودژە راکان.

رای گشـتی گرنگییەکـی زۆری هەیـە لەکاتـی ئاشـتیدا، لەکاتی جەنگیشـدا ئـەم گرنگیـە زیاتـر ئەبێت، وڵاتانی جیهـان بەگشـتی، هـەژارو دەوڵەمەنـد، بەهێـز وبێهێـز، دیموکراسـی ودیکتاتـۆڕی، سـەرمایەداری وسۆشیالسـتی، هەمـوو هـەوڵ دەدەن بـۆ زانینـی رای گشـتی ورۆڵـی لەبەرامبـەر بابەتـە دیاریکـراوەکان کـە گرنگـن بـۆ بەرژەوەنـدی وئاسایشـی وڵات، بۆیـە سـەرچاوەی مرۆیـی ومـادی تەرخـان دەکـەن بـۆ زانینـی مـەودای هێـزی رای گشـتی وچۆنییەتـی کۆنترۆڵکـردن وگۆڕیـن وبێهێزکردنـی.

بـەڵام سـەرباری هەسـتکردن بـە گرنگـی ئـەم بابەتـە،

کەمینەیەکی دەسەبژێر لەخەڵک گرنگی پێدەدرێت بەشێوەی مەبەستدار وڕێکخراو، کە بریتین لە دەستەبژێر وتوێژی هوشیارو بەئاگای کۆمەڵگە، وەکو سەرۆک وسەرکردە وپیاوانی سیاسی وئابووری وبازرگانی وراگەیاندن.

## گرنگی رای گشتی لەڕوی سیاسییەوە

– رای گشتی دەبێتە هۆی هاوکاری کردنی دەسەڵات ئەگەر دەسەڵاتەکە لەگەڵ ئاڕاستەی خواستی خەڵکدا یەک بگرێتەوە، خزمەت بە خواستەکانیان بکات وکێشەو گرفتەکانیان چارەسەر بکات. (عبدالكريم الدبيسي،٢٠١١)

– رای گشتی دەبێتە هۆکاری زانینی ئاڕاستەی شەقام، حکومەت دەتوانێت لەو مەودایەوە سیاسەتێکی سەرکەوتوو دابڕێژێت کە گونجاو بێت لەگەڵ خواستی خەڵک ودوری بخاتەوە لە ناسەقامگیری.

– دەبێتە هۆی بەشداری پێکردنی جەماوەر کایەکانی حکومڕانیدا، لەدانان وداڕشتتنی ئەو بڕیار وڕێنوێنیانەی بۆ ژیانی گشتی پێویستن.

– رای گشتی هۆکاری دەرخستنی ئاستی شارستانییەتی گەلانە، لەمەودای دابونەریت وبەها باوەکان لە کۆمەڵگەدا، کە ئەوەش رەنگدانەوەی شێوازی ژیان وشارستانییەتی ئەو گەلانە نیشان دەدات.

- رای گشـتی هـۆکاری هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش وهەڵگەڕانەوەیـە، لەمێـژوی نوێـدا چەنئاییـن نموونـە هـەن.
- رای گشـتی دەبێتـە هـۆی بەدیهێنانـی سـەقامگیری، لەکاتێکدا کە شێوازەکانی پێوانەکردنی رای گشتی زانیاری دەسـتەبەر دەکات سـەبارەت بـە ئاڕاسـتەکانی رای گشـتی لەمـەڕ کێشـە گرنگـەکان کـە رێگـرە لەبـەردەم بەرژەوەنـدی گشـتی هاووڵاتیـان وچارەسـەرکردنی پێشـوەختەی ئـەو کێشـانەی کـە دەبنـە هـۆی تێکدانـی سـەقامگیری، ئەمـەش هۆکارێـک دەبێـت بـۆ پابەندبـوون وسـەرکەوتنی حکومەتـەکان لـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیـان بەرامبـەر بـە جەمـاوەر. (عبدالکریـم الدبیسـي،٢٠١١)

گرنگی رای گشتی لەبواری کۆمەڵایەتیدا (کامل خورشید، ٢٠١١. محمد منیر حجاب، ١٩٩٨)

- رای گشـتی دەبێتـە هـۆی چاودێریکردنـی بەهـا مرۆیـی وبنەمـا وپێودانگـە رەوشـتییەکان.
- رای گشـتی هـاوکارە لـە پاراسـتنی ورەی تـاک لەکاتـی نائاسـایی وروداوەکانـدا.
- رای گشـتی کاردەکات بـۆ راهێنانـی مـرۆڤ لەپێنـاو بەرژەوەندیەکانـی کۆمـەڵ.
- رای گشـتی ئامرازێکـە بـۆ ئـەوەی هەمیشـە گـوێ لەخواسـتی کۆمەڵگـە بگیرێـت.

– رای گشتی دەبێتە هۆی چاودێریکردنی پیرۆزییەکانی ناو کۆمەڵگە.

– رای گشتی ئاوێنەی رەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتییە بە ئەرێنی ونەرێنییەوە، چونکە پەیوەستە بە رەفتاری دەستەجەمعی کۆمەڵگەوە.

رای گشتی پابەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لەمەودای پابەندبوون بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، کە تاک تێیدا پابەندە بە بەها وداب ونەریتە باوەکانی کۆمەڵ، ئەمەش کاردەکاتە سەر رەفتاری کۆمەڵ لەناو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا، وەک ئاین و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان.

# تایبەتمەندییەکانی رای گشتی

بـە گەرانـەوە بـۆ ئـەم سـەرچاوانە تایبەتمەندییەکانـی رای گشـتی روون دەکەینـەوە( احمـد شـاهین، ٢٠١٠. هیثـم هـادی الهیتـی، ٢٠١٤. هانـي الرضـا و رامـز عمـار،١٩٩٨. مەجیـد سـالح، ٢٠٠٤)

زانـا وپسـپۆرانی بـواری زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان لـە گۆشـەنیگای خۆیانـەوە تایبەتمەندییەکانـی رای گشـتیان خسـتۆتە روو، بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن ئاماژە بـەم تایبەتمەندیانـە بکەیـن:

- گوزارشـت لەحاڵەتێکـی هـزری یـان تێڕوانینـی بەکۆمـەڵ (دیـار یاخـود نادیـار) دەکات، لەبازنـەی رووداوێکـی دیاریکـراو، کـە بەهـۆی کاریگەرییـە میدیاییـە

هەمــە جۆرەکانــەوە دروســت دەبێــت.

– وڵامدانەوەیــە بــۆ ئاگادارکــەرەوە یــان بــۆ روداوە دیاریکــراوەکان، کــە زۆربــەی کات رودەدەن نــەک تەنهــا بەقســە.

تایبەتمەنــدی دینامیکــی وســتاتیکی بوونــی رای گشــتی ئــەم تایبەتمەندیانــە رێژەییــن رای گشــتی هەمیشــەیی و بــەردەوام ئەگــەر بوونــی هەبێت، ئــەوا پەیوەســتە بەرێژەی گرنگیدانــی خەڵکــی بــە پــرس و بابــەت و روداو و کێشــە بەردەوامــەکان بەئاســتێکی بــەرزی شــڵەژان، کەواتــە کێشــە بەردەوامــەکان دەبنــە هــۆی گرنگیدانــی بــەردەوام بەباتەکــە.

ناکرێت بــاس لــە رای گشــتی بکرێت بەبێ پشــت بەســتن بــە روداو و بەردەســتبوونی راســتییەکان، وێــڕای ئــازادی گفتوگــۆ ومشــتومڕ لەســەر بابەتــی رای گشــتی، بــۆ ئــەوەی را راســت و دروســت بێت، پێویســتی بە بوونی راســتییەکان و ئــازادی گفتوگۆیــە لەســـەر ئــەو دۆزو کێشــەیەی کــە دەبێتــە بابەتــی رای گشــتی، دور لەتــرس وتۆقاندن لەلایــەن دەســەڵات و گروپەکانــەوە، واتــە رای گشــتی پێویســتی بــە هۆشــیارییەکی بــاش هەیەلــە لایــەن تاکەکانــەوە.

– پاســاوهێنانەوە (التبریــر): بریتییــە لەچارەســەرکردنی شکســت و داڕوخــان بەپاســاوێک کەلەڕوکەشــدا عەقڵانییــە، بــەڵام هــۆکارە راســتەقینەکەی هەڵچونــە،

کۆمەڵـە وگروپـەکان زۆرجـار پەنادەبەنـە بـەر جۆرێـک لـە خۆخەڵەتاندنـی نائاگایانـە لەڕێگـەی تەفسـیرکردنی هەنـدێ شـێوە لـە بیرکردنـەوەو ڕەفتـاری نالۆژیکییانـە، بەجۆرێـک کـە لـەڕوی کۆمەڵایەتـی وعەقڵییـەوە پەسـەند بێت، بەمەبەستی شاردنەوەی ئـەو ڕاستی و هۆکارانـەی لەپشـت شکسـتەکانیانەوەیە.

ئـەم جـۆرە پاسـاوانە زیاتـر لەلایـەن میدیاکانـی دەوڵـەت وپیاوە سیاسییەکان بەکاردێت بە مەبەستی شاردنەوەی ڕای گشـتی وخۆدزینـەوە لـەو بەرپرسـیاریەتییەی لەسەرشـانیانە سـەبارەت بـەو شکسـتەی گـەل توشـی دەبێـت.

ئەگەرچی پاسـاو وەک چەمکێکی بـاو زیاتـر ڕەهەندێکی نەرێنـی هەیـەو خوێندنەوەیەکـی گومڕاکردنـی بەرانبـەری بۆدەکرێـت لەڕێگـەی بەڵگـەی نـاڕون ونازانسـتییەوە، بـەلام لێـرەدا مەبەسـت لەپاسـاوێکی زانسـتی وعەقلانـی ولۆژیکییـە، بـەم شـێوەیە پێویسـتە ڕەوشـی بیرکردنـەوەی مـرۆڤ لەکۆمەڵگادا پاسـاوێکی لۆژیکی بـۆ بهێنرێتـەوە کـە ڕازی بـکات وڕای بگۆڕێـت.

- گۆڕیـن (الابـدال): گۆڕینـی ئامانجێکـی سـەخت بـە ئامانجێکـی ئاسـان، واتـە گۆڕینـی ڕای گشـتی بـەلای ئـەو مەسـەلانەی کـە ڕوبەڕوبوونـەوەو وەرگرتنـی هەڵوێسـت

لەبارەیانــەوە ئاســانە و ئاســان روبەڕویــان دەبیتــەوە.

کاتێـک جەمـاوەر نیگـەران دەبێـت لەبابەتێـک وناتوانێـت گوزارشــت لەهــۆکارە راســتەقینەکەی بــکات پەنــا دەباتــە بــەر ئەڵتەرناتیـڤ.

- قەرەبووکردنــەوە (التعویــض): بریتییــە لــە قەرەبووکردنــەوەی رەفتارێـک بـە رەفتارێکـی تـر کـە لـە ئەنجامـی شکسـت و داڕوخانــەوە رودەدات، ئـەم کـردارە کاتێـک رودەدات، کـە کێشـەیەک نەتوانرێت چارەسـەری بۆ بدۆزرێتـەوە وپێویسـت بـکات کـە رای گشـتی بەئاڕاسـتەی پەســەندکردنی دەرەنجامەکانــی دروســت بکرێــت، لــەم کاتــەدا حاڵەتەکــە بەپێدانــی زانیــاری پێویســت لەبــارەی ئــەوەوە کــە نــاخ ودەرونــی تاکــەکان ئــارام بکرێتــەوە وئامــادە بکرێــت بــە رازیبوونــی دەرەنجامــەکان تــا ئــەو کاتــەی هەلـی گونجاوتـر دێتـە پێشـەوە، گرنگتریـن سـیمای ئــەم تایبەتمەندییــە بریتییــە لــە بــێ هیوانەبوونــی تــاک لــە گەیشــتن بەکۆدەنگــی وئامانجــەکان لــە ئاینــدەدا.

- دانەپـاڵ (الاسـقاط): بریتییـە لـە پرۆسـەی دانـە پاڵـی کەموکورتیەکانی تـاک یان گروپێک بە تـاک یان گروپێکی تـر، بەمەبەسـتی گۆڕینـی ئاڕاسـتەی تێڕوانینـی رای گشـتی لەسـەر رەفتـار وفشـارەکانی سـەر ئـەو گروپـە بـۆ گروپـی دراوەپـاڵ.

– التقمــص ئاوێتەبوونــی کەســێەتی (التقمــص): بریتییــە لــە توانــەوە یــان وەرگرتنــی کەســایەتییەکی تــر بەجۆرێــک واخــۆی نیشــان دەدات کــە بەتــەواوی ئــەو کەســایەتییە لەناویــدا رەنگــی داوەتــەوە، وەرگرتنــی ئــاکار کەســانی تــر وخۆنیشــاندان وەک ئــەوەی ئــاکاری خــۆی بێــت، وەک پاڵەوانــی فیلمــەکان یــان شــانۆییەکان کــە دەچنــە نــاو کەســـایەتییەکەوە.

– رێکەوتن (الاتفاق): بوونـی رێکەوتن لەنێوان تاکـەکان، لەبـارەی پـرس وبابەتەکانـەوە، هاووڵاتیـان کـە بەشـدارن لـە پرۆسـەی پێکهێنانـی رای گشـتیدا پێویسـتە رێکەوتنێک لەنێوانیـان دا هەبێت تاکو را گشـتییەکە بەهێز وکاریگەرتـر بێـت، دەکرێـت کـە ئـەو رێکەوتنـە لەنێـوان رێکخراوەکانـی کۆمەڵگــەی مەدەنــی وگروپەکانــی فشــاریش دا هەبێــت، رێکەوتـن وهاوپەیمانـی لـە فاکتەرەکانـی دروسـتکردنی رای گشـتین، چونکـە بەرژەوەنـدی زۆرینـەی تێدا پارێـزراوە و هێـزو توانـاکان بـە یـەک ئاڕاسـتە بەکاردێـن.

– ئاسـانکردنەوە (التبسـیط): لێرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـە سـایکۆلۆژیەتی تـاک وای لێـدەکات کـە ئـەو را وبۆچـون وهەڵوێسـتانە قبـوڵ بـکات کـە بەشـێوەیەکی ئاسـان ولـە سـەرچاوەی باوەڕپێکـراوەوە پێشکەشـی دەکرێـت.

# بەشی دووەم

# جۆرەکانی رای گشتی

• زۆرێـک لـە نوسـەر وتوێژەرانـی بـواری رای گشـتی لـە کتێبەکانیانـدا دابەشـکاریان بـۆ جۆرەکانـی رای گشـتی خستەتەروو لێرەدا لـە بەر رۆشنایی چەند سەرچاوەیەک جـۆرەکان ریزبەنـد دەکەیـن. (حامـد ربیـع، ٢٠٠١. محمـود فهمـی، ١٩٦٤. زهیـر الاعرجـی، ١٩٩٢).

یەکـەم: جۆرەکانـی رای گشـتی لـەڕوی پانتایـی بڵاوبوونـەوەوە، یـان بـە پێـی پێـوەری شـوێن: دابـەش دەبێـت بـۆ:

١ -رای گشـتی نەتەوەیـی یـان نیشـتیمانی، ئەمـەش سـێ جـۆر پۆلێنـکاری بۆدەکرێـت:

• هاوشـێوەیە – توانای پێشـبینیکردنی هەیە – چارەسـەری

کێشەکان دەکات.

- رای گشـتی ناوخۆیـی یـان لۆکاڵـی، ئەمـەش سـێ جـۆر پۆلێنـکاری بۆدەکرێت
- رای گشــتی حیزبــی - رای گشــتی ســەندیکایی - رای گشــتی جۆرایەتــی.

ب- رای گشتی هەرێمایەتی یان ئیقلیمی.

ج- رای گشتی نێودەوڵەتی.

**جۆرەکانی رای گشتی لەڕوی بەردەوامی کاتیەوە**

ئـەم جـۆرەی رای گشـتی سـێ جـۆر لـە خـۆ دەگرێت کـە ئەمانـەی خـوارەوەن:

درێژخایەن یان بەردەوام بەشێوەیەکی رێژەیی.

رای گشتی کاتی.

رای گشتی رۆژانە.

جۆرەکانــی رای گشــتی لــەڕوی گوزارشــکردن و د ە ر کە و تنــە و ە

-رای گشتی ئاشکرا:

-رای گشتی نهێنی:

پۆلێنکـردن لـەڕووی چۆنایەتیـەوە (عەفـەوی – بەدەسـت هاتـوو – لاواز – کاریگـەر).

لــەڕوی روونــی وناڕوونییــەوە (رای گشــتی لێـڵ – رای گشــتی روون).

پێــوەری کاریگــەری وکارتێکــردن بــە هۆکارەکانــی ڕاگەیانــدن (چۆنییەتــی): ئــەم پێــوەرەش ســێ جــۆرە

ڕای گشتی سەرکردە.

ڕای گشتی ڕۆشنبیر.

ڕای گشتی شوێنکەوتوو

بەپێی پێوەری چەندییەتی پۆلێندەکرێت بۆ:

- ڕای زۆرینە
- ڕای کەمینە
- ڕای یەکگرتوو یان ئیتلافی
- ڕای زاڵ
- بەپێی پێوەری بوون ونەبوون
- ڕای گشتی کرداری (یان واقعی)
- ڕای گشتی پێشبینیکراو (متوقع)
- پۆلێنکردن بەپێی جێگری وگۆڕان (التقسیم الحرکی)
- ڕای گشتی ستاتیکی جێگر ( ڕێژەیی )
- ڕای گشتی گۆڕدراو (داینامیکی)

**پۆلینکردنی بەپێی ژیری وسۆز**

ڕای گشــتی ژیــر ئــەم جــۆرە لەئەنجامــی بیرکردنــەوەی هوشیارانەوە دروستدەبێ دور لە پەرچەکردار و هەڵچوون.

ئەو ڕای گشتی لەژێر کاریگەری سۆز دێتە ئاراوە:

ڕای گشتی چەواشەکار ناڕەسەن.

# ڕواڵەتەکانی رای گشتی

رای گشتی بە وێنە وشێوازی جۆراوجۆر گوزارشت لەخۆی دەکات هەندێکیان ئەرێنییە، ئەوانیتر نەرێنی واتا ئیجابی وسلبی، کە دەکرێت بوترێ ئەو وێنانەن کە رای گشتی پێ دەردەکەوێ لە پاش پێکهاتنی. لەلایەن جەماوەرەوە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە تێڕوانین وئاڕاستەو وهەڵوێستەکانیان. سەبارەت بە مەسەلەیەک لە مەسەلەکان یان کێشەیەک لە کێشەکان کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی یان بیروبڕوا وبەها ونەریتەکانی کۆمەڵگە. (جمال مجاهد،٢٠٠١. دبیسی ٢٠١١. سعید عبد الرحمن،١٩٨٣ . محمد منیر حجاب،١٩٩٨).

- رەفتار نواندن:
- رواڵەتە ئەرێنییەکانی رای گشتی بریتیین لە:
- بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری- Mass communication بەبێ بەربەست.
- بەستنی کۆڕ وکۆبونەی گشتی.
- ئەنجامدانی خۆپیشاندانی گشتی.
- شۆڕشەکان.
- بروسکە ونامەی پاڵپشتی ونارەزایەتی.
- هەڵبژاردنی ئازاد.
- رواڵەتە نەرێنییەکانی رای گشتی بریتیین لە:
- یاخیبوونی ئاشتییانە
- بڵاوبوونەوەی نەرێنیبوون وگوێ پێنەدان واتا بێدەربەسبوون یان لامسەلایی.
- تەنسیق
- مانگرتن

# هۆشیاری ورای گشتی

هۆشـیاری بریتییـه لـەو زانیـن و گرینگیدانـەی تاکەکانـی کۆمەڵگـە وئەندامانـی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان هەیانـە، سـەبارەت بەو بابەتانـەی پەیوەندییان بـە کایە جیاوازەکانی ژیانـەوە هەیـە، لـە کتێبـی اصـول علـم النفس(احمـد عـزت (١٩٧٣ هۆشـیاری دابـەش دەکات بـۆ هۆشـیاری سیاسـی، ئابووری، ئەخلاقی، زانستی، جەماوەری، ئەمنی، فەلسـەفی، مافناسـی، جوانناسـی وئاینـی.

(Stone.1972) بـەم شـێوەیە پێناسـەی هۆشـیاری دەکات، بریتییـە لـەو ئاسـتەی کـە وروژێنـەرە جیـاوازەکان ئاگایـی تـاک بـەرەو لای خـۆی رادەکێشـێ.

فرانسیس بیکۆن یەکەم کەس وشەی "Consciousness" لەزمانی ئینگلیزیدا بەکارهێنا. بەڵام جۆن لوک یەکەم کەس وشەی"Consciousness" بە شێوەیەکی تیۆری لە گفتوگۆ فەلسەفییەکانی بەکارهێنا. ئەو لێکدانەوەی بۆ ئاگایی وهۆشیاری لەبەر رۆشنایی ئەو دۆخە کرد وەک ئەوەی لە ئاوەزی مرۆڤدا هەیە. (اولیدروف،١٩٨٢). هوشیاری ئاراستەیەکی ئاوەزە کە توانا بە مرۆڤ دەدات پەی بەخۆی ببات. (تاهیر حەسۆ زێباری، ٢٠٠٢)

لێرەدا فۆکەس دەخەینە سەر هۆشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی بەو پێیەی پەیوەستی زیاترە بە رای گشتی، سیاسەت رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ژیانی تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان.

میدیای ئازاد وهۆشیار هۆکارێکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی تاکی هۆشیار، بۆیە پێویستە ئامرازەکانی راگەیاندن بە هۆشیاریەوە بابەتەکان بخەنە روو، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاک لەڕێگەی پێکەشکردنی پەیام وناوەڕۆکی ئاست بەرز، شارەزایانی بواری راگەیاندن ئەم ناوەڕۆکە بە باشترین دادەنێن، چونکە بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی چێژوەرگرتنی گشتی جەماوەری وەرگر، ودەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و مۆراڵ وبەها مرۆییەکانی جەماوەر.

هۆشیاری سیاسی بە شێوەیەک لە شێوەکان هۆشیاری کۆمەڵایەتی پێکدێنێ، کە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بە واتا فراوانەکەی دەگرێتەخۆ، بە تێگەیشتنی تاک لە خودی خۆی وناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی دەوروبەریشیەوە.

لەبەرئەوەی سیاسەت بە پلەی یەکەم کردارێکی کۆمەڵایەتییە، بەم پێیەش سیستەمی سیاسی لەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای رێکخستنی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێ، بەهۆی ئەوەی هەندێک لە نەتەوەکان نەخوێندەوارن، نەک هەر لە ئاستی رۆشنبیریان، بەڵکو هۆشیاریان بەگشتی نزمە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەوانەی لە مەیدانی سیاسی کاردەکەن چ بەهۆی پەیداکردنی شارەزایی وکارامەیی یان لەڕێی وەرگرتنی پسپۆڕی لە زانکۆکاندا بەشێکیان هۆشیاریان پەیداکردووە.

هۆشیاری سیاسی بەو واتایە دێت کە هاووڵاتییان ماف وئەرکە سیاسی و ئەخلاقییەکانی خۆیان بزانن، وێڕای ئەمەش بزانن لە دەوروبەریان، چ دەگوزەرێ و روودەدات وتوانای وێنابینییەکی گشتگیریان هەبێت بۆ دەوروبەر وەک راستییەکی گشتی.( ئەرشەد خەلیل شوانی، ٢٠١٤ )

ئەو ئاستەنگانەی دەبنە رێگر لە پێش هوشیاری جەماوەر بەپێی بۆچونی (محی الثایین عبدالحلیم،٢٠٠٩) بریتیین لە:

- نەبوونی ژینگەی ئازاد
- نەبوونی هۆکارەکانی گەشەپێدانی هوشیاری جەماوەری
- نەزانی وهەژاری ونەخویندەواری
- پەخشی راستەوخۆی ئاسمانی وداگیرکاری کلتووری
- پێشەواکانی را لەناو کۆمەڵگە
- کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان
- چەواشەکردنی هزری ونەبوونی ئەڵتەرناتیڤی راگەیاندن
- جەنگی دەروونی ئاڕاستەکراو.

# شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی

پرۆسەی گۆڕینی ئەو بیروڕایانەی کەماوەیەکی زۆرە لەهزری خەڵکدا چەسپیون کارێکی یەکجار سەخت ودژوارە، بەتایبەت گۆڕینی رای ئەو جەماوەرەی کە شارەزا نییە ودوورە لەچاودێریکردنی روداوەکان، چونکە ئەم جۆرە خەڵکانە دوودڵن وجێگیرنین لەسەر رایەک وزۆر لەسەرخۆ دەکەونە ژێرکاریگەری پرۆسەی وەرگرتنی بیروڕای نوێوە.(مەجید سالح، ٢٠٠٤)

زانایانی بواری رای گشتی کۆمەڵێ شێوازیان داناوە بۆ گۆڕینی رای گشتی لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. لەخوارەوە گرنگترین شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی

بەپێی چەن سەرچاوەیەک دەخەینە روو( مختار التهامی،١٩٨٢،عاطف عدلی العبد، ٢٠٠٥. فاروق یوسف ، ١٩٧٨.

**شێوازی دووبارەکردنەوەو بەدواکەوتن یان گەمارۆدان:**

بۆ ئەوەی بتوانین رایەک لەناو جەماوەرێکی دیاریکراودا بچەسپێنین، باشترین شێواز بەکارهێنانی شێوازی دووبارەکردنەوەو بەدوداچوونە. ئەم شێوازە بەزۆری لەلایەن دەزگای پڕۆپاگەندەی نازیەکانەوە کە "گۆبلز" بەڕێوەی دەبرد بەکارهاتوە. گۆبلز ئەم شێوازە بە نمونەییترین شێواز دادەنی بۆموخاتەبە کردنی جەماوەر، ئەو پێی وایە نهینی پڕۆپاگەندەی کاریگەر بریتی نییە لە بڵاوکردنەوەی ئەو داتایانەی هەزاران زانیاری لەخۆ دەگرن بەڵکو پێویستە تێدا تەنها جەخت بکرێتە سەر چەند راستییەک وبەردەوام دوبارە بکرێتەوە ئاراستەی جەماوەر بکرێت.

**شێوازی بەکارهێنانی وروژاندنی هەست وسۆز:**

لایەنگرانی ئەم شێوازە پێیانوایە زۆربەی هەڵوێست وبڕیارەکانی جەماوەر دەرهاویشتەی ئەو کاریگەریە سۆزدارانەیە کەلەسەریانە. هەربۆیە زۆر لەوانەی

کەدەیانەویٚ کار لەرای گشتی چینێک یان گەلێک بکەن، لە وروژاندنی هەست وسۆزیانەوە دەست پێدەکەن. زانایانی کۆمەڵناسی لەوباوەڕەدان تاک کاتێک لەگروپێکدا دەتوێتەوە هەست و سۆز بەسەریدا زاڵ دەبێت وهەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی لەبیردەکات، بەزۆری لەوکۆمەڵگایانەی کە رێژەی نەخوێندەواری وهەژاری تیایدا بەرزە، ئەم شێوازەی تێدا پەیڕەو دەکریٚ. (تیچینۆر) و (ئۆلاین) مامۆستایانی زانکۆی مینیسۆتا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ یەکەمجار پێشبینی ئەوەیان کرد هەموو تاکەکانی کومەڵ، چون یەک زانیاری بەدەست ناهێنن، بەڵکو ئەوانەی ئاستی زانستی ورۆشنبیرییان بەرزە، زیاتر سوود لە پەیامەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن وەردەگرن، لەم پێناوەدا تیۆرێکیان پێشنیار کرد بە ناوی «بۆشایی زانین Knowledge Gap»: بە پێی سەرچاوەی الاتصال ونظریاته المعاصرة (حسن عماد المکاوی، لیلی حسین السید، ٢٠١٤. ناوەڕۆکی ئەم باسە روون دەکاتەوە، تاکەکان کە ئاستی زانیارییان بەرزە هۆشیارانەتر بڕیار ئەدەن لەسەر ئەو پرس وبابەتانەی کە بەرژەوەندی گشتی ورای گشتی پێکدەهێنی کە خودی هۆشیاری رەگەزێکە لەرەگەزەکانی رای گشتی.

ئـەو جیاوازییـە لەنێـوان تاکەکانـی کۆمەڵگـەدا، لەئاسـتی زانستی ورۆشنبیرییەوە دابەشیان دەکات بۆ دوو گرووپ:

– تاکەکانـی کۆمەڵگـە کـە ئاسـتی رۆشـنبیریان بـەرزە: ئـەم گرووپـە زیاتـر سـوودمەند دەبـێ لـەو پەیامـە ئاڕاسـتەکراوەکانی میدیـا، بـەڵام گرووپـی دووەم، بەهـۆی تێنەگەیشـتنی لـە زۆربـەی پەیامـەکان، ناتوانـێ بەهەمـان رێـژە سـوودیان لـێ ببینـێ. لێرەدایـە هۆشـیاری تـاک رۆڵ دەگێرێ کاتێ روبەڕووی پرسـێک یان بابەت ومەسـەلەیەک دەبنـەوە کـە گرنگـی هەیـە بـۆ کۆمەڵگـە بـەدوای سـەر چـاوەی دیکـەی زانیـاری دەگەرێـت، وبەبیرکردنـەوەی لۆژیکیانـە هەوڵـی دەربڕینـی را وبۆچونـی خۆیـان دەدەن لەمـەر مەسـەلەکان.

بەپێچەوانـەوە تاکەکانی کۆمەڵگـە کـە ئاسـتی رۆشـنبیریان نزمـە، پەیـام و ناوەڕۆکەکانـی میدیـا دەتوانـێ کاریگـەری لەسـەر هەسـت وسـۆزیان بکات ورای ئـەوان بـەو شـێوەیە ئاڕاسـتە بـکات کـە ئامانجەکانـی جێبەجـێ دەکات، ئەمـەش دەمانباتـەوە بـۆ لای یەکێـک لەشـێوازەکانی گۆڕینـی رای گشـتی کـە بریتییـە لـە شـێوازی بەکارهێنـان ووروژاندنـی هەسـت وسـۆز.

ئـەم شـێوازەش لـەو کۆمەڵگایانـە زیاتـر بـەکار دێـت کـە هـەژارن یـان ئاسـتی خوێنـدەواری و رۆشـنبیرییان نزمـە.

میدیای ئاڕاستەکراو بۆ جەماوەری دیاریکراو هەڵدەستێ بە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە لە وەرگر، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان.

ئەرەستۆ لە کتێبەکەی بەناونیشانی هونەری ڕەوانبێژی «فن البلاغة» سێ بنەما دەخاتە ڕوو لە پرۆسەی پێشکەشکردنی گوتار، کە بریتییە لە (نێرەر- پەیام - وەرگر) ئەو باوەڕی وایە پێویستە پەیامەکان کاریگەر وباوەڕپێهێنەر بن لەسەر وەرگر.

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو زانیاریانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ خەڵک دەیگوازنەوە، بۆشایی لەنێوان کەسەکان دروست دەکات. وئەو کەسانەی ڕۆشنبیرن زیاتر سوود لە زانیارییەکان وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی نەخوێندەوارن یاخود ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە، سوود لە زۆربەی زانیارییەکان وەرناگرن.

لێرەدا چەند فاکتەرێک هەن کە کاریگەریان هەیە لە سەر دروستبوونی بۆشایی زانین لای تاک، یەکێک لەوان جۆری ئەو بابەتەیە کە پێشکەشدەکرێت لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە بۆ جەماوەر و وەرگر، توێژینەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە بۆشاییەکە پتر لە ناوەڕۆک وبابەتە زانستییەکان دروست دەبێت.

وێڕای ئەوەش خودی ئامرازەکەش کاریگەری هەیە

لــە درووســتكردنی ئــەم بۆشــاییە، (تیچینــۆر) ئامــاژە بــە ڕۆڵــی ڕۆژنامــە وگۆڤــار دەكات لــە دروســتبوونی بۆشــایی زانیــن، چونكــە تەنهــا خوێنــدەوارەكان لــە چاپەمەنییــەكان ســوودمەند دەبــن. ڕێــژەی بایەخدانــی تــاك بــە بابەتەكــە هەرچەنــدە بابەتــەكان لەنێــوان خەڵكێكــی زۆر جێــی بایــەخ بــن، بۆشــاییەكە كــەم دەبێتــەوە، بــەڵام ئەگــەر بایەخــدان بــەو بابەتــە تەنهــا لەلایــەن خەڵكێكــی كەمــەوە بێــت، ئــەوا بۆشــاییەكە زیاتــر دەكات.

ئــەم بایەخدانــە لــەڕووی سۆســیۆلۆژییەوە گرنگــی خــۆی هەیــە، چونكــە ڕاســتەوخۆ وەرگــر هەســەت دەكات ئــەو ئامــرازەی ڕووبــەڕووی دەبێتــەوە، یــان ئــەو پەیامــە ئاڕاستەی ئــەو كــراوە گوزارشــت لەخواســت ویســتی ئــەو دەكات، یــان بۆشــاییەكانی پردەكاتــەوە.

بــە پێــی ئــەم تیــۆرە ئامرازەكانــی ڕاگەیانــدن وێــڕای بانگەشــە بــۆ كاندیــدەكان لەكاتــی هەڵبژاردنەكانــدا، ئەركــی بڵاوكردنــەوەی پەیامــەكان لەخــۆ دەگــرن، بەمەبەســتی هۆشــیاركردنەوەی دەنگــدەر لەبــارەی چۆنییەتــی دەنگــدان، ڕوونكردنــەوەی فەلســەفەی مافــی دەنگــدان، جۆرەكانــی بەشداریكردن لەهەڵبژاردن، چۆنییەتی دیاریكردنی نوێنــەر، ئەژماركردنی ڕێژەی دەنگەكان، جگە لــەوە دەیــان زانیــاری ســەبارەت بــە دروســتكردنی حكومــەت وپەرلەمــان وڕۆڵــی

حزبـەکان لـە هاندانـی خەڵـک بۆبەشـداریکردنی سیاسـی. بۆیـە ئـەو هۆشـیارکردنەوەیە سـوود بـە بەشـداربووان دەگەیەنێـت لەپرۆسـەی هەڵدەبژاردنـی نوێنەرانـی خۆیـان بەشێوەی گونجاو، بەڵام ئەو تاکانەی ئاستی رۆشنبیرییان نزمـە، بـە رێژەیەکـی کـەم لەپرۆسـەی هۆشـیاریکردنەوەدا سـوودمەند دەبـن، بۆیـە زۆرجـار لەهەڵبژاردنـدا دەکەونـە ژێـر بـاری کاریگـەری سـۆزەوە.

هـەر لـەم روانگەیـەوە بوونـی هۆشـیاری پێویسـتییەکی گرنگـە بـۆ تاکەکانـی کۆمەڵگـە، بۆیـە بەکورتـی پێناسـەی دەکەیـن وئـەو ئاسـتەنگانەی کـە دەبنـە رێگـر لـە پێـش هۆشـیاری دەخەینـە روو:

مەبەسـت لـە هوشـیاری جەمـاوەری دەرک کردنـی تاکەکانـی کۆمەڵگەیـە بـەو روداوانـەی کـە لـە ژینگـەی دەورووبـەری رودەدات، چـی لەبـواری سیاسـی بێـت یـان کۆمەڵایەتـی یـان ئابـووری، رۆشـنبیری وکلتـووری هتـد...، وێـڕای بەئاگابوونـی تـاک وجەمـاوەر لـە ئـەرک ومافەکانیـان. بۆیـە جەمـارەی هۆشـیار ئـەو جەمـاوەرەن کـە بەرپرسـیارێتی خۆیـان دەزانـن وئـەو بەرپرسـیارێتییە دەگرنـە ئەسـتۆ بـە ئامانجـی بەشـداریکردن لـەو پرۆسـانەی کۆمەڵگـە بـەرەو پێشـکەوتن دەبـات.

**شێوازی خستنەڕوی ڕاستییەکان:**

کاری سـەرەکی ڕاگەیانـدن لەخسـتنەڕوی ڕاسـتییەکاندا خـۆی بەرجەسـتەدەکات وراگەیانـدن بـەم هەنـگاوە خـۆی لـە پڕۆپاگەنـدە جیادەکاتـەوە. ئـەو ڕای گشـتیەی کەبـەم شـێوازە دروسـت دەبـێ پتەوتـرو درێژخایەنتـرو کاریگەرتـرە، چونکـە لـە دیالـۆگ و قەناعـەت و زانیارییـەوە پێکهاتـووەو دوور بـووە لـە فرتوفێـڵ و درۆو دەلەسـە.

"توێـژەران پێیـان وایـە میدیـا هانـدەرە بـۆ گۆرانـکاری وچاکسـازی سیاسـی لەکۆمەڵگـەدا وهـاوکارە بـۆ هەبوونـی روونـی لـە خسـتنەرووی بابەتـەکان بـۆ جەمـاوەر".( حبیب کرکوکـي، ٢٠١٢)

لێرەدا دەکرێ وەک نمونـە بـاس لـەو هەواڵانـە بکەیـن کـە لەشۆڕشـی گەلـی کوردسـتاندا لەلایـەن دەزگای ڕاگەیاندنـی شۆڕشـەوە لەسـەر چالاکـی هێـزی پێشـمەرگەوە لەڕادیـۆدا بڵاودەکرایـەوە، ژمـارەی شـەهیدەکان و زیانەکانـی لایەنـی بەرامبـەر وەک خـۆی چـۆن هەبـوو دەخرایـە رو، ئەمـەش ببـوە مایـەی متمانـەی زۆربـەی خەڵـک.

**شێوازی بەلادابردنی سەرنجی جەماوەر:**

لەحاڵەتێکـدا ئەگـەر ڕای گشـتی لـەدەوری بابەتێکـدا کۆبوبێتـەوە، بـۆ بەلادابردنـی ئـەو ڕایـە زۆرجـار سیاسـەتمەداران وحکومەتـەکان وکەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن

هەڵدەستن بە وروژاندنی بابەتێکی تر کەگرنگییەکەی یان زیاترە یاخود هیچی لەبابەتەکەی تر کەمتر نییە، بەڵام ئەو چوارشێوازەی سەرەوە زۆرترین بەکارهێنانیانی هەیەو کاریگەرییەکەشیان تاڕادەیەکی زۆر بەرچاوترە.

**شێوازی خستنەروی بەرنامەی پۆزەتیفی سنوردار:**

سیاسەت مەداران دەرک بەتایبەتمەندی ئەم شێوازە دەکەن لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی رای گشتی، هەر بۆیە هەوڵ دەدەن کە رەزامەندی وپشتیوانیکردنی دەنگدەران بەدەس بهێنن لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیان کە دەبنە هۆی گەشبینی دەنگدەران بۆ ئایندە، بەمەبەستی بەدیهێنانی زۆرترین کاریگەری لەسەر رای گشتی

**شێوازی خوڵقاندنی قەیران:**

مەبەست لە شێوازی خوڵقاندنی قەیران کە بەیەکێک لە شێوازە نوێیەکان دادەنرێت لە گۆڕینی رای گشتی، قۆستنەوەی هەندێ روداو و بارودۆخە بە ئامانجی دروستکردنی قەیرانێک کار بکاتە سەر رای گشتی کە بەبەرژەوەندی دەوڵەت یاخود لایەنی ئەنجامدەری کارەکە کۆتایی بێت.

## شێوازی ترس تۆقاندن:

ئەم شێوازە پشت دەبەستی به قۆستنەوەی پاڵنەرەکانی ئارامی و ئارەزووی تاک لە ژیانێکی ئاسوودە و سەقامگیر، بۆیە هەندێ لە وڵاتان میدیا بەکاردەهێنن بۆ وروژاندنی هەستی ترساندن تۆقاندن بۆ کارکردنە سەر جەماوەر لەمەودای بڵاوکردنەوەی هەواڵی دور لەڕاستی و درۆ و زیادەڕۆیی تیاکراو.

شێوازی بەکارهێنانی دەنگۆ -الشائعە: عامر حسن فیاض، لە کتێبی رای گشتی، ٢٠١١. بەم شێوەیە باسی دەنگۆ دەکات.

دەنگۆ: یەکسانی ئەو دەرئەنجامەیە کە لە ئاوێتەبوون وپێکدادان یان گرێدانی نێوان هەر دوو رەگەزەکەی لێڵی وگرنگی دێتە ئاراوە، ئەگەر سەرچاوەکەی نادیار بێت بەڵام گرنگ نەبێت لەو ناوەندەی بڵاودەبێتەوە، ئەو کاتە هیچ دەنگۆیەک دروست ناکات، یان بابەتێک سەرچاوەکەی رون وئاشکرا بوو، لە هەمان کاتدا گرنگیش بوو ئەو کاتە هیچ دەنگۆیەک دروست ناکات.

بۆ ئەوەی بابەتێک ببێت بە دەنگۆ پێویستە دوو لایەنی سەرەکی لەخۆ بگرێت کە بریتییە لە:

- لێڵی: ئەویش بێ بەڵگەیە یان بێ سەرچاوەیە یان بێ پاساوێکی روونە.

- گرنگـی، ئەویـش بابەتێکـی گرنگـه سـەبارەت بـەو ناوەنـدەی کـە ئـەو پڕۆپاگەندەیـەی تێـدا بـڵاو دەبێتـەوە .

سـەرەڕای ئـەم دوو لایەنـه چەند لایەنێکی دیکەی لاوەکی هەیە زانایان پێیان وایە کە:

پێویسـتە بابەتەکـە زارەکـی بێـت واتـە لەڕێگـەی زارەوە یـان زمانـەوە بـڵاو ببێتـەوە، بۆیـە ئاماژە بـەوە دەکـەن، کـە دەنگـۆ بەشـێوەی نووسـین بڵاونابێتـەوە، زۆربـەی جـار بـە زارەکی بڵاودەبێتـەوە، بـەڵام لـە ئەنجامـی سـەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە ئێسـتادا دەیـان بابەتـی گرنـگ دەبینیـن کـە دەنگـۆ درووسـت دەکـەن ولـە ئەکاونتـە کەسـییەکانەوە دەگوازرێنـەوە بـۆ یەکتـر، کـە ئـەو کەسـانەی بـە پرۆسـەی بڵاوکردنـەوەی بابەتەکـە هەڵدەسـتن خـودی خۆشـیان لـە سـەرچاوەی بابەتەکـە بێئـاگان، ویـڕای بێئاگاییـان لەڕاسـت ودرووسـتی ئـەوەی بڵاویـان کردەتـەوە. لایەنـی کورتبـڕی، زۆربـەی جـار دەنگـۆکان کورتـن ودوور ودرێـژ نیـن.

مەرجەکانـی سـەرکەوتن وهۆکارەکانـی گەشـەکردنی دەنگـۆ واتـە وات (الشـائعة - الاشـاعة) چەنئاییـن هـۆکاری لـە پشـتەوەیە، کـە بریتییـن لـە:

- کەمـی یـان نەبوونـی زانیـاری پێویسـت سـەبارەت بـە بابەتەکـە دەبێتـە یارمەتیدەر بۆ خولقاندنی بـارودوخ و کـەش و هەوایەکـی لەبـار بۆ سـەرکەوتن و بڵابوونـەوەی دەنگۆکان.

- نەبوونی راشکاوی و شەفاقیەت و دانوستاندن لەنێوان دەستەڵاتدار وهاووڵاتییاندا.

- بۆشایی کات ودەست بەتاڵی دەبێتە مایەی زەمینەسازی بۆ دروستبوونی دەنگۆ.

- نەخوێندەواری ورەگەز وتەمەن، زەمینەیەکی لەبار دروست دەکات بۆ سەرکەوتنی دەنگۆ.

بۆ بەگژداچوونەوەی دەنگۆ چەند رێگا و شێوازی جۆراوجۆر پێویستە هەبێت:

- دۆزینەوەی هەلی کار کردن بۆ بێکار و ئافرەتان، لەگەڵ دەستەبەری یانە بۆ جێی حەوانەوەی خانەنشینەکان.

- گرنگیدان بە زانست و زانیاری بۆ روبەڕوبونەوی نەزانی ونەخوێندەواری .

- پتەوکردنی بواری ئەمنی بەتایبەت لەو بابەت و زانیاریانەی کە پەیوەندی بە سەروەری و ئاسایش نیشتیمانی شکۆی وڵات و هاووڵاتیان هەیە.

- فەراهەم کردنی زانیاری راست و دروست و بڵاوکردنەوەی راستییەکان.

- بڵاوکردنەوەی گیانی تەبایی وبرایەتی و گفتوگۆ کردنی راشکاوانە لەنێوان کاربەدەستان و ئەوانەی لەگەڵیان کار دەکەن.

# چاودێریکردن و رای گشتی

چاودێریکردنـی رای گشـتی بریتییـە لـە تێبینیکردنـی جوڵـە و رەفتـاری تـاک وگروپـەکان سـەبارەت بـەو کار وئـەرک چالاکییانـەی ئەنجامـی دەدەن، وئـەو رەفتارانـەی دەینوێنن. لەگەڵ ئـەوەی مافی ئازدی رادەربڕین وئـازادی رۆژنامەگەریـی وئـازادی پەخـش وبڵاوکردنـەوە بەپێـی جاڕنامـە وپەیماننامـە نێودەوڵەتییـەکان یەکلایـی کراوەتـەو، کە مافێکە لەمافەکانی مرۆڤ، بەڵام هەندێک لە دەسەڵات وحکومەتـەکان ئـەم مافـە پێشـێل دەکـەن وهیـچ بایەخێکی بۆدانانێن وپەنا دەبەنە بەر سانسۆرکردنی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیـان.

ئەگـەر لـە پرۆسـەی چاودێریکـردن وردبینـەوە

دەردەکەوێت کـە بـە دوو ئاڕاسـتەی ئەرێنـی ونەرێنـی کار دەکات:

– چاودێـری ئەرێنـی: رێگـرە لـە کاری ئـەو تاقـم وگرووپانـەی دەبنـە هـۆی نانـەوەی پشـێوی وناتەبایـی کۆمەڵایەتـی وئەنجامدانـی کاری تیرۆریسـتی.

– چاودێری نەرێنـی: مەبەسـت لێـی سانسـۆرکردنی رای گشـتییە.

(حامد عبدالماجد القوسی) بەم جۆرە پێناسەی چاودێری نەرێنی دەکات:

سانسـۆر: پرۆسـەیەکی نەرێنییە مەبەست لێی رێگە گرتنە لـە کار وچالاکـی تـاک وگروپـەکان کەبەهۆیـەوە رای گشـتی دروسـت دەبێـت، ئامانجـی سانسـۆرکردنی رای گشـتییە، کـە دەبێتـە هـۆی شـێواندنی واقـع ورووداوەکان لەڕێگـەی قەدەغەکـردن ورێگـری کـردن وحەرامکـردن وسـزادان». (شـوکری رفیـق، ١٩٩١).

شـێوەکانی چاودێـری وەک ئـەوەی لـە توێژینەوەیەکـی (طـاش عبدالقـادر،١٩٩٨) هاتـووە دەخەینـەڕوو:

لـەڕوی پەیوەنـدی بـە دەسـەڵاتی سیاسـی وحوکمڕانـەوە چاودێـری دابـەش دەبێت بـۆ دوو جـۆر:

– چاودێـری حکومـی: بریتییـە لـەو چاودێریـەی کـە

لەڕێگــەی ئامرازەکانــی دەســەڵاتی سیاســی حوکمــڕان ودەزگاکانییـەوە ئەنجام دەدرێت، وپێکهاتەیەکی سـەرەکییە لــە پێکهاتەکانــی هەژمــوون.

بــۆ ئەمــەش نموونــەی یاســا بــە واتــا فراوانەکــەی کــە یاسادانان ونەریتی سـەپاو دەگرێتەوە بەو پێیەی ئامرازی ســەرەکی پراکتیزەکردنییەتــی.

- چاودێـری نـا حکومـی: ئـەو چاودێریەیـە کـە کۆمەڵـگا لەســەر دەســەڵاتی حوکمــڕان پەیــڕەوی دەکات لەڕێگــەی گوزارشــت کــردن لــە رای گشــتی ســەبارەت بــە پرســە جۆراوجـۆرەکان، یـان لەڕێگـەی ئەنجومەنەکانی یاسـادانان ونوێنــەران ودامەزراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنییــەوە.

رای گشــتی وەک ســزایەکی نارێکخــراوە بــۆ دەســەڵاتی حوکمڕان لەکاتێکدا لابدات یان هەڵە بکات لە پەیڕوکردنی.

چاودێری لەڕووی بابەتەوە دابەش دەبێ بۆ ئەم جۆرانە:

- چاودێـری رێگـر- الرقابە المانعة: بریتییە لـەو جۆرەی چاودێــری، کــە لەئەنجامــی کۆنترۆڵکردنــی چاپەمەنییــەکان بەدیدێــت، بۆنموونــە چاودێــری لەســەر رۆژنامەگــەری لەڕێگــەی رێگــری یــان مۆڵــەت نــەدان بــە دەرچوونــی لەلایـەن لایەنـی پەیوەندیدار بەمەبەسـتی رێگیری کـردن لـە بڵاوکردنــەوە.

شـاردنەوەی بابەتـەكان وكۆنترۆڵكردنـی، ڕێگەنـەدان بـە بڵاوكردنـەوە، دەسـت تێـوەردان لـە زیـاد وكـەم كردنـی وتـارەكان ودەسـكاریكردنی، ئـەم جـۆرە لەچاودێـری لەسـەرچاوەوە پەیـڕەو دەكرێـت، یاسـا ئـەم بابەتـە بـۆ كاتێكـی دیاریكـراو ڕێكدەخـات، ئیعتیبـارە سیاسـییەكان ڕۆڵـی كاریگـەر دەگێـڕن لـەم بابەتـەدا.

– چاودێـری پاشـوەخت –الرقابـە اللاحقـە: ئەمـە جۆرێكـە لـە چاودێری كـە دواتـر پەیـڕەو دەكرێت، بـەو واتایـەی كـە كاتـێ جـۆری یەكـەم لـە چاودێـری چـالاك بێـت، پێویسـت بــە بوونــی جــۆری دووەم نــاكات، كەواتــە بوونــی ئــەم جۆرە پەیوەستە بە نەبوونی یان چالاك نەبوونی جۆری یەكەمـەوە.

نموونەكانــی ئــەم جــۆرە هۆشــداریدانی زارەكــی وبەكارهێنانــی شــێوازەكانی ســزا وەكــو ڕێگرتــن لەبڵاوبوونـەوە لـە ڕۆژنامەكانـدا، سـەرباری سـزادانی مـادی وبەنـد كـردن.

تاكـەكان لـەم جـۆرە چاودێرییـە دەترسـن، بۆیـە خۆیـان دەبنــە چاودێــری خۆیــان (خــود سانســۆری) وەكــوو سەرنووســەری ڕۆژنامــە حكومــی وحزبییــەكان.

# کاریگەریی چاودێری لەسەر هەموو قۆناغەکانی رای گشتی

جۆرەکانــی چاودێــری کاریگــەری دەبێــت لەســەر رای گشــتی وهەمــوو قۆناغەکانــی دروســتبوونی:

یەکێـک لـەو جۆرانـی چاودێـری کـە لەسـەر رای گشـتی پەیـڕەوو دەکرێـت بریتییـە لـە:

- چاودێریکردنـی ئـازادی قسـەکردن وگوزارشـتکردن لـە بیـروڕا: ئەمـەش دەسـەڵاتی سیاسـی حوکمـڕان لەسـەر گۆمەڵگـە یـان دەسـتەیەکی دیاریکـراو پەیـڕەوی دەکات لەڕێگـەی ئامـرازی جۆراوجـۆرەوە، بەمەبەسـتی کپکردنـی دەنگـی ئـازاد ونـاڕازی لـە ئـەدا وکاری دەسـەڵات.

- چاودێری لەسـەر گوزارشـتکردنی ئاسـایی: بەتایبەتـی

ئــەو دەربڕینانــەی ســـەرکردەکانی را دەریدەبــڕن لەنــاو کۆمەڵگــەدا، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بـۆ توانــا ورۆڵــی ســەرکردەکانی را لــە نـاو کۆمەڵگا وئـەو پێگەیـەی هەیانـە بــە مەسـتی رێگـری کـردن لــە دروستکردنی رای گشـتی جەمــاوەری.

-چاودێــری قســـە ووتــارە گشــتییەکانی تاکــەکان لەنــاو کــۆڕو کۆبونــەوە گشــتییەکان: وێــڕای چاودێــری لێدوانــی ســـەرکردەکانی را کــە گوزارشـــت لـــە هەڵوێســـتی هێــزی کۆمەڵایەتــی وسیاســی دیاریکــراو دەکات، کــە لەســـەرەوە ئاماژەمــان پــێ کــرد.

پرۆســەی چاودێریکردن تەنها کەسانی ئاسایی ناگرێتەوە، بەڵکـو ئـەم کارە دەگوازرێتــەوە بۆنـاو هۆڵـی پارلەمانیـش، دەســەڵات هەڵدەسـتێ بـە چاودێـری گفتوگۆکانــی ئەندامانــی پەرلەمــان، کـە گوزارشـت لـە رای گشـتی جەمـاوەر دەکات بــەو پێیــەی ئــەوان نوێنــەری گەلـن ورەخنـە لــەو بڕیارانــە دەگـرن کـە لەبەرژەوەنـدی گەلـدا نیـن، ئەمــەش زیاتـر لــەو وڵاتانــە روو دەدات کــە فــرە رەنــگ وفــرە دەنــگ وفــرە حزبییــە .

چاودێری لەسـەر ئـازادی نوسـین وبڵاوکـراوەکان، لەبـەر ئــەوەی ئــەو بڵاوکراوانــە بەشــدارن لــە دروســتکردنی رای گشــتی، ئەمــەش ئــەم خاڵانــە دەگرێتــەوە:

- چاودێـری لەســەر ڕۆژنامــەو گۆڤـار وبڵاوکـراوەکان: ئـەم جـۆرە چاودێـری یاسـادانانە کـە کاری ڕۆژنامەوانـی ڕێکدەخـات، لەســەرەتای پێدانــی مۆڵەتـی دەرچونــەوە تـا دەگاتــە چاودێـری لەســەر ناوەڕۆکـی ئـەو بابەتانـەی کـە بـڵاو دەبنــەوە لەڕێگــەی دانانــی دەقـی یاسـایی کـە ڕێگـری یـان سـزا دیـاری بـکات بـۆ بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ ووێنـەو کۆمێنتـی دیاریکـراو، ئەمـەش لـە سیسـتمێکەوە بـۆ سیسـتمێکی تـر دەگۆڕدرێت، هەروەهـا چاودێری ناوخۆیـی خـودی لــە ڕۆژنامــەدا، ئەمجـۆرەش ئەوەیــە کـە خـودی ڕۆژنامەکـە یـان خاوەنەکـەی بــەم کارە هەڵدەسـتێت.

- چاودێـری لەســەر کتێـب وبڵاوکـراوە خولییــەکان (دەوری): دەســەڵات بـۆی هەیـە دەسـت بەســەر کتێبێکـدا بگرێـت پێـش بڵاوکردنــەوەی یــان لەبازارەکانــدا کـۆی بکاتـەوە بەهــەر هۆیەکـەوە بێـت، هەروەهـا دەشـتوانێت بـە نهێنـی ئـەو کارە بـکات، ئـەم جـۆرە چاودێرییـە ناوەنـدی چــاپ یــان بڵاوکردنــەوە پەیــڕەوی دەکات.

- چاودێری لەسـەر بەرهەمهێنانـی فیلـم وشـانۆ وهونـەرە گشـتییەکان ونمایشـکردنی: ئـەم جـۆرەش لەســەر هونـەر دەسـەپێنرێت لەپێنـاو پاراسـتنی بەهـاو نەریتەکانی کۆمەڵگە، چونکـە سـینەما توانایەکـی گـەورەی هەیـە لەبڵاوکردنـەوەی پەیامـی جۆراو جۆر وشـێواندنی ڕاسـتییەکان وگەورەکردنی

حاڵەتـە نەرێنییـەکان بەتایبـەت لەوڵاتانـی تـازە پێگەشـتوو، لـە هەمـان کاتـدا دەسـەڵات وسیسـتمی سیاسـی ئـەم جۆرە لــە چاودێــری بەمەبەســتی قۆرخکــردن و ڕێگەگرتــن لــە پەخشـکردنی فیلـم بەمەبەسـتی سیاسـی بەکاردێنێـت دژی نەتـەوە یـان گـروپ وئاینێـک ... هتـد.

# گرنگی پێوانەکردن وشێوازەکانی پێوانەکردنی رای گشتی

سەبارەت بە گرنگی پێوانە کردن وشێوازەکانی پێوانە کردنی رای گشتی سەرچاوەی جۆراو جۆر بەردەستن، لێرەدا سود لەهەندێک لەو سەرچاوانە وەردەگرین لەوانە( جان ستوتزل والان جیرار،.١٩٨٢ احمد زکی بدوی، ١٩٨٥. احمد بدر، ١٩٩٧. حمیدە سمیسم، ١٩٩٢. مختار التهامی، ١٩٨٢. سەمیر محمد حسین، ١٩٧٧. محمد منیر حجاب، ١٩٨٨....) .

سەبارەت بە چەمکی پێوانەکردنی ئاڕاستەکانی رای گشتی ئنسکلۆپیدیای نێودەوڵەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «بریتییە لە وڵامدانەوە

وفیدباکی تاکەکان لەڕێگەی دەربڕینی وشە وگوزارشتە دیاریکراوەکانەوە ە دۆخی چاوپێکەوتندا».

هەندێکی تر ئەم پێناسەیە بۆ ئەم چەمکە دەخەنەروو: « بریتییە لە ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە نەریت وپێشینەکانی تاک وگرووپەکان، لە مەودای پەرچەکردار و وەڵامەکانیان بۆ ئەو برگە وپرسیارانەی کە بە شێوەیەکی زانستی دارێژراون، ئەمەش ڕێگا بۆ ئەو لایەنانە ویاسادانەران روون دەکاتەوە کە مەبەستیانە لە بار ودۆخی رای گشتی ئاگادار بن بەشێوەیەکی ورد، سەبارەت بە مەسەلەیەک یان پرسێکی دیاریکراو لە پرسەکان، بە ئامانجی دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان، وکارکردن بۆ فێرکردن ورۆشنبیرکردنی جەماوەر بەمەبەستی دیاری کردن وتیشک خستنە سەر ئەو بۆشاییینەیانەی لەنێوان پێداویستییەکانی جەماوەر دەستە تایبەتەکان، بەهۆی شێوازی کار وئەدای سیاسەتمەدار وسەرکردەکان درووست دەبێت یاخود درووست بووە، کە دەبێتە پاڵنەر بۆ پێکهێنانی را وخواستەکانیان».

پرۆسەی پێوانەکردنی ئاراستەکانی رای گشتی گرنگییەکی زۆری هەیە لەلای زۆربەی سیستمە سیاسییەکان، چونکە لەو ڕێگەیەوە بۆچون وهەڵوێستی هاووڵاتییان دەزانن سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان، یان

ئــەو بابەتانــەی کــە گرنگــی زۆریــان هەیــە.

ئاڕاســتەکانی رای گشــتی لەکۆمەڵگــە تەقلیدییەکانــدا بەســانایی دەردەکەوێــت بەتایبــەت ئــەو کۆمەڵگایانــەی کــە هاوشــێوەن، یــەک نەتــەوەن یــان هەڵگــری یــەک بیــرو بــاوەڕن، سیاســی بێــت یــان ئایینــی.

بــەڵام لەکۆمەڵگــە نوێیەکانــدا، بەتایبەتــی کۆمەڵگــەی ســەرمایەداری جیــاوازی لەنێــوان بەرژەوەنــدی گروپــە جیاکان وپارتەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە زانینی ئاڕاستەکانی رای گشــتی کارێکــی ئاســان نییــە.

لێــرەدا پێویســتییەک هاتــە ئــاراوە بــۆ ئەنجامدانــی توێژینــەوەی زانســتی بەمەبەســتی دۆزینــەوەی رێگایــەک بــۆ زانینــی ئاڕاســتەکانی رای گشــتی، چونکــە پێوانەکردنــی ئاڕاســتەکانی رای گشــتی هۆکارێکــە بــۆ زانینــی واقعــی کــردارەکان بــە بارســتایی خــۆی.

وێڕای ئـەوەش دەبێتـە هـۆی زانینـی را و زانینـی ئاڕاسـتە بـاوەکان وپێداویسـتی وئارەزوەکانـی جەمـاوەر، بەمەبەسـتی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی جەمـاوەر وبەدیهێنانـی ویسـت وخواسـتەکانیان، بۆیـە پرۆسـەی پێوانەکردنـی ئاڕاسـتەکانی کۆمەڵگــە، دەســتەبەری بڕێکــی زۆر لەزانیــاری دەکات لەبــارەی پێکهێنەرەکانــی رای گشــتی وئاڕاســتەکانی، کــە دەبێتــە هاوکارێکــی بەهێــز لەوەرگرتنــی بڕیــاری گونجــاو

لەبــەر رۆشــنایی راســتییە بەردەســتەکان وئاراســتەکردنی رای گشــتی بەئاقاریٚکــی تەندروســتدا.

لەلایەکــی دیکــەوە دەبیٚتــە هــۆی پیٚدانــی زانیــاری و را وئاراســتەی پیٚویســت کــە یارمەتــی رای گشــتی دەدات لــە پرۆســـەی گەشــەکردندا.

گرنگیــدان بەپیٚوانەکردنــی ئاراســتەکانی رای گشــتی دەگەریٚتــەوە بــۆ ســاڵی ١٨٢٤، کاتیٚــک هــەردو رۆژنامــەی ئەمریکی ( هاریسبۆرغ بانسلفانیا و رابیگ ستار) بۆ جاری یەکــەم، ئەنجامەکانــی دوو ئەزمونــی دەنگدانیــان بەبۆنــەی هەڵبژاردنەکانی ســەرۆکایەتییەکانی ئەمریکایان بڵاوکردەوە ئــەو دەزگایانــە گرنگییــان بــە بازرگانــی و بازارکــردن دەدا، لەریٚگــەی ئەنجامدانــی هەنــدیٚ راوەرگرتنــەوە، رای گشــتییان ســەبارەت بــەو بــوارە و خواســت و ویســتی خەڵــک، رایــان ســـەبارەت بـــەکاڵاکان وەردەگـــرت، بـــۆ ئـــەوەی خەڵکـــی بـــە ئـارەزووی خۆیـان بریـار بدەن لەسـەر هەڵبـژاردن وکرینـی ئــەو کاڵایانــەی مەبەســتیانە نــەک تەنهــا بازرگانــەکان کاڵاکانــی خۆیــان بەســەر خەڵکــی بســەپیٚنن.

ئــەو کات تویٚژینەوەکانــی بــازار ریٚــگای راســتەقینەی زانینــی رای گشــتی بــوو، بــەڵام ئــەو شــیٚوازانەی ئــەو کاتــە پەیـرەو دەکـرا وردبینـی وراسـتگۆیی تەواویـان تیٚدا نەبـوو، بەهــۆی ئــەوەی نموونــەکان لایەنگیرییــان پیٚــوە دیاربــوو

ونوێنەرایەتـی کۆمەڵگەیـان نەدەکـرد، توێژینـەوەکان تەنهـا لـەو توێژانـە پێکدەهـات کـە لـە ئاسـتی ئابوورییـان بـەرز بـوو، بـەم پێیـە تەنهـا کەسـانی دەوڵەمەنـد بـە سـامپڵ وەردەگیـران، بـەڵام ئەوانـەی هـەژار یـان ئاسـتی بژێویـان ناوەنـد بـوو بێبـەش دەبـوون لـە بەشـداریکردن ودەربڕینـی بۆچوونیـان سـەبارەت بـە کاڵاکان .

لەسـاڵی ١٩٣٥ پەیمانـگای گالـوب لـە ئەمریـکا بـۆ زانینـی رای گشـتی لەلایـەن «جـۆرج گالوب»دامـەزرا بـۆ پێوانەکردنـی رای گشـتی، پاشـان کەسـانی تـر گرنگیـان بەپێوانەکردنـی رای گشـتی دەدا وەک «رۆبـرت کروزلـی و هادلـی کانتریـل»، پێوانەکردنـی رای گشـتی زیاتـر پێشکەوتنی بەخۆوە بینی سەرکەوتنی گەورەی بەدەسهێنا لـە پێشـبینیکردنی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکا لـە سـاڵانی ١٩٤٠و١٩٤٤ ئەگەرچـی لەسـەرەتادا پێوانەکردنـی رای گشـتی بـە توێژینـەوەی بـازار دەسـتی پێکـرد، دواتـر پێوانەکردنـی رای گشـتی گرنگـی بـە زانینـی رای گشـتی سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان دەدا و پرسە سیاسییەکان لەڕیـزی پێشـەوەی مەسـەلەکان دەهاتـە ئەژمـار.

پـاش وڵاتـی ئەمریـکا، دەیـان پەیمانـگا وسـەنتەری جیاجیـا لەئەوروپـا و ئەمریـکای باکـووردا دروسـتکران و کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕ لەبـواری پێوانەکردنـی رای

گشـتیدا دەرکەوتـن و دەیـان لێکۆڵینـەوە وبابەتـی زینـدوش سـەبارەت بـەو مەسـەلەیە بڵاوکرایـەوە.

پرۆسـەی پێوانەکردنی رای گشـتی پشـت بـە سـێ شـێواز دەبەستێت:

**یەکـەم:** راپرسی(الاسـتفتاء، الاسـتبیان او الاسـتقصاء): Questionnaire Method ئەمـەش دابـەش دەبـێ بـۆ ئـەم جۆرانـە:

راپرسی زارەکی

راپرسی وێنەیی

راپرسی ئەلیکترۆنی

**دووەم:** روپێوکردن – المسح– Survey

ئەم شێوازەش بە چەند رێگایەک ئەنجام دەدرێ لەوانە

رێگەی تێبینیکردن – الملاحظە – Observation:

**جۆرەکانی تێبینیکردن**

- تێبینی ئاسان یان سادە:
- تێبینی زانستی:
- تێبینی بە بەشداربوون:
- تێبینی رێکخراو.
- تێبینی بە گرووپ
- تێبینی میتۆدی

- ڕێگەی چاوپێکەوتن – المقابلە – Interview:
- جۆرەکانی چاوپێکەوتن
- چاوپێکەوتنی تاکە کەسی
- چاوپێکەوتن لەگەڵ گروپ
- چاوپێکەوتنی ڕێکخراو
- چاوپێکەوتنی نا ڕێکخراو

**سێیەم:** شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

- یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک
- یەکەی وشە
- یەکەی بابەت یان بیرۆکە
- یەکەی کەسایەتی
- یەکەی بابەتی بڵاوکراوە
- یەکەی پێوانەکردنی ڕووبەر وکات
- دەستەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک

دابەشکردنە لاوەکییەکانی دەستەی بابەت

- دەستەی بابەت
- دەستەی ئاڕاستە
- دەستەی ئاستەکان
- دەستەی بەهاکان
- دەستەی شێوازی بەکارهاتوو
- دەستەی تایبەتمەندییەکان

- دەستەی ئەکتەرەکان
- دەستەی سەرچاوەی زانیاری
- دەستەی درووستکەری زانیاری
- دەستەی جەماوەری ئاراستەکراو یان بەئامانجکراو

دابەشکردنە لاوەکییەکانی دەستەی فۆرم یان شێوە

شێوە یان فۆرمی بابەتی میدیایی

- دەستەی شێوەی دەستەواژە
- دەستەی هێزی ئاراستە
- دەستەی زمانی بەکارهاتوو

دەستەکانی رووبەر وکات وریکخستن وچارەسەرە هونەرییەکان:

ئەم دەستەیە چەن دەستەیەکی لاوەکی لێ دەبێتەوە، لە خوارەوە بە پێی ریزبەندی دەیانخەینە روو:

- دەستەی رووبەر وکاتی تەرخانکراو بۆ ئەو بابەتەی کە دەخرێتە ژێر شیکردنەوە.
- دەستەی شوێنی ئەو بابەتەی لە ژێر شیکردنەوەدایە.
- رێکخستنی ناوەڕۆک.
- دوبارەبوونەوەی ناوەڕۆک.

رێگاچارە تایپۆگرافییەکان: مەبەست لێی رێگاچارەکانی پەیوەس بە پرۆسەی چاپکردنەکە دەبێتە هۆی درووستکردنی کاریگەری گەورە لەسەر خوێنەر، کە

لەمەودایــەوە هەســت دەکــەن بەگرنگــی بابەتەکــە، لێــرەدا نمونــەی ئــەم ڕێگاچــارە تایپۆگرافییانــە دەخەینــە ڕوو:

– بەکارهێنانــی مانشــێت یــان ناونیشــانی ســەرەکی قەبــە بــە ڕووبــەری گــەورە، جــا ئەمــە چــی بــە گوێــرەی پانتایــی لاپەڕەکەبێــت، یــان بــە پێــی دابەشــکردنی بەســەر چەنــد ســتونێک.

– بەکارهێنانــی مانشــێت یــان ناونیشــانی لاوەکــی، کــە دەبێتــە هــۆی هاوکاریکردنــی خوێنــەر بــۆ بەدواداچوونــی بابەتــە بڵاوکراوەکە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خوێندنەوەی پێشــەکی بابەتەکــە بەلایەنــی کــەم.

– بەکارهێنانــی شــێوازی ســەرنجراکێش لەڕێگــەی جــۆری فۆنــت ودیریکردنــی درێژکردنــی بەمەبەســتی ڕاکێشــانی ســەرنجی خوێنــەر، بۆ هەندێ لــە برگــە ووشــە وپەرەگراف.

– بەکارهێنانــی هەنــدێ شــێوازی هونــەری لــە دەرهێنــان وەک هاوســەنگی وگونجان وجیاوازی لە چاپکردنی بابەتە.

– ڕێگاچارە هونەرییەکان:

– بەکارهێنانی ڕەنگەکان.

– بەکارهێنانی وێنە وهێڵکارییەکان.

# جۆر و ئامرازەکان لە توێژینەوەکانی رای گشتی

دەکرێ جۆر وئامرازەکانی توێژینەوەکانی رای گشتی دابەش بکەین بۆ سێ جۆری سەرەکی، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هەر یەک لەوان، ئەمەش جۆری دابەشکردنی ئەرکییە لە توێژینەوەکانی رای گشتی، لێرەدا دەیخەینەروو:

پێوانەکردنی ئاڕاستەکانی رای گشتی

توێژینەوەکانی رای گشتی

ئامرازەکانی توێژینەوەکانی رای گشتی دابەش دەبن بۆ ئەمانە:

● بەدواداچوون یان بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی «الاستقصاء التلفزيوني»

- چاوپێکەوتن
- تیبینی
- نامەی بیسەران وبینەران
- دەستەی بیسەران وبینەران
- پێوانەکردنی رای پێشوەخت لە بەرنامەکان» قیاس الرأي المسبق في البرامج»
- بارۆمیتری بیستنی بەرنامەکانی رادیۆ وتەلەفزیۆن
- یانەکانی گوێگرتن وتەماشاکردن
- توێژینەوی تایبەتمەند وتایبەت بە بەرنامەکانی رادیۆ وتەلەفزیۆن
- راپرسی
- شیکردنەوەی ناوەڕۆک

# رای گشتی جیهانی

رای گشــتی جیهانــی یــان رای گشــتی نێودەوڵەتــی گرنگــی وتایبەتمەنــدی خــۆی هەیــە لەســەر ئاســتی جیهــان وپەیوەندییە نێدەوڵەتییــەکان، راگەیاندنی نێودەوڵەتــی رۆڵــی کاریگــەر دەگێــڕێ لــەم بارەیــەوە، ئــەم جــۆرەی رای گشــتی بەشــێوازی جۆراوجــۆر پێناســە کــراوە لەلایــەن زانایــان وپســـپۆڕانەوە.

چەمکــی رای گشــتی جیهانــی لــەزۆر ســەرچاوەوە بــاس وتوێژینــەوەی لەســەر کــراوە، ئــەم بابەتــە لەڕوانگــەی ئــەم ســەرچاوانەوە روون دەکەینــەوە، لەوانــەش نوســەران(حامد ربیــع،٢٠٠١ . هشــام محمــود الاقداحــی، ٢٠١٠).

بریتییە لەو را باوەی کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەسەری ڕێکدەکەون، سەبارەت بە هەندێک کێشە یان بابەتی وروژێنراو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی.

هەندێکیتر بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن کە بریتییە لەو ئاراستانەی باڵ دەکێشێ یان زاڵ دەبێ بەسەر زیاتر لە کۆمەڵگەیەک، دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ڕێکەوتن لە هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکاندا لەنێو زیاتر لە یەکەیەکی سیاسی.

شارەزا وتوێژەران لەم بوارەدا دەرکەوتنی رای گشتی جیهانی دەگەڕێننەوە بۆ پاش جەنگی یەکەم ودووەمی جیهان، کاتێ دەرک بە گرنگی میدیا کرا لەچۆنییەتی پێکهێنانی رایەکی گشتی کە سیمای نێودەوڵەتی لەخۆبگرێ، ئەمەش تایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە لە میدیای نێودەوڵەتی، کاریگەرە لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەکی یان نێودەوڵەتی وڵاتان.

هەندێک لە پسپۆڕان پێیان وایە رای گشتی جیهانی لە شێوەی پەرچەکرداری کاتی سەبارەت بە کردارێکی نێودەوڵەتی دیاریکراو دروست دەبێ، کاریگەری ئەم پەرچەکردارە زیاد دەکات، تا دەبێتە هۆی سەپاندنی سزا بەسەر ئەو دەوڵەتەی کە سەرپێچی کردووە.

رای گشتی جیهانی ئەو راگشتیەیە کە لەبارەی پرس ومەلە وروداوێکەوەیە کاریگەری نودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە

سەبارەت بەو وڵاتانەی سودمەند یان زەرەرمەند دەبن بەو پرس وبابەتە، یان بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێت .

هەمیشە پرسگەلێک هەن رای گشتی جیهانی ئەوروژێنن، لەوانە پرس پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کارەساتە مرۆییەکان جەنگ وداگیرکای وهتد...، زۆر جار رای گشتی لەسەر هەندێ بابەت پێکدێت بەئامانجی رێگە گرتن لە بڕیارێک یان بەپەرچدانەویوەک ئەوی لە ئەمریکا روویدا، دەرکردنی بڕیاری راگرتنی گەشتی هاووڵاتیان وناردنەوەی ئاوارەکان، لەلایەن (ترامپ) سەرۆکی ئەمەریکاوە لەسەرەتای دەسبەکاربوونیدا لە پۆستی سەرۆکایەتی. ئەمەآ بووە هۆی نارەزایی شەقام رایەکی جیهانی پێکهێنا ورەفتاری بەکۆمەڵ وجەماوەری لێکەوەتەوە بەمەبەستی پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکەی.

هەندێک پێیان وایە شەش روداو هاوکارە بوو لە دەرکەوتنی رای گشتی جیهانی ئەوانەش:

- شۆڕشی بەلشەفی ساڵی ١٩١٧.

- دروستبونی یەکەم رێکخراوی جیهانی بۆ پاراستنی ئاشتی ١٩١٩ ( عصبە الامم League of Nations)

- قەیرانی ئابووری جیهانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی ئەمریکا.

- جەنگـی یەکەمـی جیهـان (١٩١٤-١٩١٨) وجەنگـی دووەمـی جیهـان
(١٩٣٩-١٩٤٥). کە نەهامەتی وویرانکاری بەدوای خۆیدا هێنا.

- دروستبونی نەتەوە یەکگرتووەکان.

- کۆنگـرەی باندونـج بـۆ پیکـەوە ژیانـی ئاشـتیانە لـە – ئەندەنوسـیا – ١٩٥٥، لەسـەرەتادا کۆمەڵـێ لـە وڵاتـان بێلایـەن بـوون، وەکـوو ئاسـیا وئەفەریقـا بـەڵام دواتـر پـەرەی سـەند وئەمریـکای باشـوری گرتـەوە.

- ئامرازەکانـی راگەیانـدن وپێشـکەوتنی تەکنەلـۆژی رۆڵـی کاراو کاریگـەری هەیە لەسـەر پێکهاتنی رای گشـتی جیهانـی، ئـەم ئامرازانـە سنوورەکان دەبەزێنـن لـە ئێسـتادا بابەتـەکان بەشـیوەیەکی خێرا دەگوازرێنـەوە ومەحاڵـە روداو وکێشـەکان پەردەپـۆش بکرێـت، بەتایبەتـی لەسـەردەمی ئینتەرنێـت، جیهـان چەمکـی دێـی گەردوونـی تێپەڕانـد کـە زانـای بـواری پەیوەندییـەکان باسـی لێدەکـرد، بەڵکـوو لەئێسـتادا جیهـان بەهـۆی شاشـەی بچووکـی مۆبایلـەکان لـە نـاو لەپـی دەسـتدایە.

ئـەو ئاستەنگانەی دەبنـە هـۆی نەبوونـی رایەکی جیهانـی چـالاک بریتتـی لـە:

- نەبوونـی رۆشـنبیری جیهانـی: کەمـن ئەوانـەی کـە

پرسـه جیهانییـەکان بـە خەمـی خۆیـان دەزانـن ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی ئـەو رۆشـنبیرییەیان نییـە سـەبارەت بـەوەی کـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی خێزانێکـە، بۆیـە زۆر جـار گـوێ خۆیـان دەبەسـتن لەئاسـت روداوە جیهانییـەکان ولێیـان بـێ دەنگ دەبن، ئەمـەش بەهـۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیـان.

- چـالاک نەبوون یـان سسـتی رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان):

هەبوونـی سـەربازگەی سیاسـی جیـاواز لـە دنیـای (شـیوعی- سـەرمایەداری – ئیسـلامی) ئـەم سـەربازگانە دەبنـە رێگـر لـە پێـش هەبوونـی رای گشـتی جیهانـی.

- هەبوونی کێشـەی لـە جیاوازی زمان ونەریت وبەهاکان: زۆر جـار ئەمانـە دەبنـە رێگـر لـە پێش پرۆسـەکە بەهـۆی نەبوونـی تێگەیشـتنی هاوبـەش لەسـەر پـرس وبابەتەکـە، نەبوونـی زمانـی هاوبـەش بـۆ تێگەیشـتن رێگـرە لەپێـش کردنـەوەی کـۆد وتێگەیشـتن لـە هێمـا زمانییـەکان. لـە لایەکـی دیکـەوە جیـاوازی لـە نەریـت وبەهـاکان وا دەکات لایەنـی بەرامبـەر بسـڵێتەوە لـە بەشـداریکردن لـە پرسـەکان ئەگەرچـی گرنگیـش بـن بـۆ مراڤایەتـی.

رای گشتی جیهانی سێ وێنەی سەرەکی دەخاتەرو:

- نزیکبوونـەی گۆشـەنیگا وتێڕوانیـن لەلایـەن چەنـد کۆمەڵگەیەکـەوە سـەبارەت بـە یـەک کێشـە.

- توانای پێوانەکردنی رای گشتی جیهانی لەڕێگەی توێژینەوەوە.
- دەرکەوتنی رۆڵی گەورەی حزبە سیاسیەکان وگروپەکانی فشار.

ئەو بەربەستانەی دەبنە رێگر لە پێش درووست بوونی رای گشتی جیهانی:
- دیکتاتۆڕی: پەیوەندی وکۆنترۆڵکردنی سیستمی میدیای نێودەوڵەتی.
- رەگەزپەرستی:نەبوونی دادپەروەری ئەمەش بەهۆی جیاوازی مادی ورۆشنبیری لەنێوان گۆمەڵگەکانی جیهان.

**جۆرەکانی رای گشتی جیهانی:**

هەندێک لە زانایانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی رای گشتی جیهانی دابەشی دەکەن بۆ دوو جۆر:
- رای گشتی جیهانی فەرمی (رەسمی)
- رای گشتی جیهانی نا فەرمی (غیر رەسمی)

قۆناغەکانی دروستبوونی رای گشتی جیهانی: هەر وەک چۆن پرۆسەی دروستبوونی رای گشتی بە چەند قۆناغێک تێپەڕدەبێت بەهامان شێوە رای گشتی جیهانییش چەند قۆناغێک تێپەڕدەبێت :

- قۆناغی دەرک کردن
- قۆناغی ململانێ
- قۆناغی ڕێکەوتن ورازیبوون
- قۆناغی تێکەڵبوون (یەکبوون)
- قۆناغی سەقامگیری رای گشتی.

زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی گرنگی رای گشتی جیهانی:

• هەندێکیان جەخت لەسەر کاریگەری وچالاکی رای گشتی جیهانی دەکەنەوە، چونکە هۆکار بوو لە گەشەسەندنی ئەو ڕێکخراوانەی کاردەکەن بۆ سەپاندن وبەرقەرار بوونی ئاشتی جیهانی.

• بەڵام هەندێکیان رایان وایە کە رای گشتی جیهانی رۆڵی کاریگەری نییە سەبارەت بە کرداری هەندێک لەوڵاتە ستەمکارەکان وەکو:

- شکست هێنانی رای گشتی جیهانی لە کارکردنە سەر سیاسەتی فراوانبوونەوەی ئەڵمانیا لە ئەوروپا.

- شکست هێنانی رای گشتی جیهانی لە راگرتنی دەستێوەردانی چەکداری سۆڤییەت لە مەجەر وپۆڵەندا ساڵی ١٩٥٦.

- شکست هێنانی رای گشتی جیهانی بۆکاریگەری لەسەر ئەمەریکا کە نەچێتە ناو ڤێتنامەوە لەساڵی ١٩٦٤.

کەواتــە دەتوانیــن بڵێیــن کاریگــەری رای گشــتی جیهانــی دەگۆردرێــت بەپێــی هەڵوێســتە نێودەوڵەتییــەکان، دەکرێــت کاریگــەری ئەرێنی هەبێت، ودەکرێت هیــچ کاریگەرییەکیشــی نەبێــت، لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆربــەی وڵاتانــی دونیــا تەنانــەت بــە زلهێزەکانیشــەوە، ناتوانــن رای گشــتی جیهانــی پشــتگوێ بخــەن، بەڵکــو هەمیشــە هەوڵــدەدەن پاســاو بــۆ هەڵوێســتکانیان بهێننــەوە بەمەبەســتی رازیکردنــی رای گشتی جیهانی سەبارەت بە هەڵوێست وسیاسەتەکانیان.

یەکــەی ئاڕاســتەکانی رای گشــتی جیهانــی کاریگــەر دەبێــت بەکەمتریــن ئامادەگــی ئاســتی دەرونــی کەدەبێتــە هــۆی دروســتبوونی کۆمەڵێــک بــاوەڕی گشــتی وهاوبــەش ســەبارەت بــە بەهــاو پرســنیبە مرۆییــەکان کــە کاریگــەر نابێــت بــە نەژادپەرســتی ورەگــەز پەرەســتی وژینگەیــی، هــەر پێشــێلکارییەک بــۆ ئــەم بەهایانــە وادەکات کــە وڵاتانــی جیهــان دژی بوەســتنەوەو ســەرکۆنەی بکــەن، ئەمــەش دەبێتــە هــۆکاری دروســتبوونی رایەکــی گشــتی جیهانــی یەکگرتــوو، کــە زۆربــەی وڵاتــان لەســەری رێکدەکــەون.

# بەشی سێیەم

# رای گشتی وپرۆسەی پەیوەندی «گەیاندن»

بەکارهێنانـــی جـۆر وئاســـتەکانی پرۆســـەی «پەیوەنـدی، گەیانـدن، کۆمۆنیکەیشـن» پێش مەرجـن بـۆ دروسـتبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە رای گشتی زادەی ئەو کارلێکەیە، واتـا بەبێ بوونـی پەیوەنـدی وکارلێـک شـتێک بەنـاوی رای گشـتی بوونـی نابێت.

بۆیـــە لێـرەدا وێـڕای میدیـا وئامرازەکانـی پەیوەنـدی جەمـاوەری، رۆڵـی پرۆســـەی کۆمۆنیکەیشـــن بەگشـــتی دەخەینـــەروو.

لێـرەدا ئامـاژە بـە پرۆســـەی پەیوەنـدی و جـۆرو ئاسـتەکانی پەیوەنـدی وگەیاندنـی جەمـاوەری دەکەیـن کـە

بــۆ دروســتبوون یــان پێکهێنانــی رای گشــتی پێویســتن :

پرۆسـەی پەیوەندی یان گەیاندن بریتییە: لە گواستنەوەی زانیـاری، راوبۆچـوون وبەدیهێنانـی تێگەیشـتن، لـە نێـوان تاکـەکان بـە هـۆی هێمـا وئامـرازی جۆراوجـۆر، گوتەیـی بێـت لەڕێگـەی زمانـەوە یـان ناگوتەیـی لەڕێگـەی هێمـا و ئامـاژە و نوسـینەوە.

بــۆ ئــەم مەبەســتە پەیوەنــدی کەســی زۆر گرنگــە لــە دروســتبوونی رای گشــتی کــە بریتییــە لــەو پەیوەندییــەی لەنێـوان دوکـەس یـان زیاتـردا رودەدات، ئـەم پەیوەندییـە دەکرێـت راسـتەوخۆ بێـت یـان دەکرێـت ناڕاسـتەوخۆ بێـت بەهــۆی بەکارهێنانــی ئامرازێــک لەئامرازەکانــی گەیانــدن وەک تەلەفـۆن ،ئیمەیـل، هەنـدێ شـێوازی بەکارهێنانـی ئینتــەر نێــت.

بـۆ بایەخـی ئـەم بابەتـەش دەگەرێینـەوە بـۆ ناوەڕۆکـی تیـۆری گەیاندنـی زانیـاری بـە دوو قۆنـاغ، ئـەم تیـۆرە فۆکـەس لەسـەر رۆڵـی سـەرکردەکانی را دەکاتـەوە لەنـاو کۆمەڵگـە بـۆ درووسـتکردنی کاریگـەری لەسـەر جەمـاوەر لەڕێگـەی شـیکردنەی پەیامـەکان بۆیـان. بۆیـە هەرچەنـدە پەیوەنـدی راسـتەوخۆ بێـت ئەوەنـدە کاریگـەری پەیامەکـە زیـاد دەکات وتێگەیشـتن باشـتر دێتـە ئـاراوە. دەکـرێ ئـەم کاریگەرییـە لـە پەیوەندی بەکۆمەڵیش گرنگی خۆی هەبێت

لـه كاتێكدا هەلی یەكسـان فەراهـەم بێت بۆ بەشـداریكردن وگفتووگـۆ لەنێـوان كـەس وگروپـە بەشــداربووەكان. بـۆ نموونــە لەنێـوان مامۆسـتا لــە هۆڵـی وانــە وتنــەوەدا یـان كـۆڕو كۆبونــەوەو لێدوانــی ســەرۆك و سیاسـییەكان بـۆ گروپێـك، چونكـە روبـەڕووە.

(صالـح خلیـل ابـو إصبـع، ١٩٩٥) بـەم جـۆرە پێناسـەی پەیوەنـدی جەمــاوەری دەكات:

پەیوەندی جەماوەری پرۆسـەیەكی رێكخـراو و پـلان بۆ دارێژراوە، لەڕێگەی دەزگایەكی راگەیاندنەوە، بیسـراو یان بینـراو یـان خوێنـراو ئەنجـام دەدرێـت، لـەم پەیوەندییـەدا پەیـام ئاڕاسـتەی جەماوەرێكـی فـراوان دەكرێـت بەبـێ رەچاوكردنــی شــوێن و رێــژەو ئاسـت، ئـەم جـۆرە لــە پەیوەندی لە ئێستادا دەكرێت لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئەنجـام بدرێت كاتـێ پەیامـەكان گشـتگیر و فراوانـن و بـۆ بەكاربـەر دەگوازرێنـەوە ، خزمەتگوزارییەكانـی ئـەم تـۆڕە كۆمەڵێـك بـژاردە دەدات بـە بەكاربـەر لەوانـە بڵاوكردنـەوە بۆ گشـت بەكاربـەران، هەروەهـا بـژاردەی سپۆنسـەركردنی پۆسـت كـە لەسـەدەمی ئێسـتدا زۆر گرنگـە بـۆ گەیاندنـی پەیامـەكان بـە زۆرتریـن رێـژەی بەكاربـەر لـە تۆڕەكـە، كـە ئـەم بابەتـە لـە بەشـێكی تـری ئـەم كتێبـە دەخەینـە روو.

تایبەتمەندییەكانـی پەیوەنـدی جەمـاوەری بریتییـە لـەوەی

ئـەم جـۆرە لـە پەیوەنـدی یـان گەیانـدن

- پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە.
- نێرەر ناتوانێت وەرگر بناسێت.
- ناڕاستەوخۆیە وکارلێکی نێوانیان نییە.
- خێرایەو بەزوترین کات سنورەکان دەبرێت.
- دەکرێـت کلتـوورە جیـاوازەکان لەیەکتـر نزیـک بکاتـەوە وببێتـە هـۆی کرانـەوە ونەهێشـتنی سـنورەکان.
- بەرفرەو جۆراوجۆرە.
- توانـای سـەرنج راکێشـانی تێدایـە و کارتێکـەرە دەنگـی و رەنگییەکانــی تێدایــە و بەمــەش کاریگــەری پەیامــەکان زیاتـر دەبێـت.

# میدیا و رای گشتی

گرنگیدان بە پێکهێنان ودروستکردنی رای گشتی بەدەر نییە لە ئەرکەکانی میدیا، ئەم گوزارشتە بۆ هەموو جۆرەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن تەواوە. رۆژنامە بێت یان رادیۆ وتەلەفیزیۆن یان میدیای نوێ. ئەگەر مەبەست دروستکردنی رای گشتی هۆشیار بێت یان ئاڕاستەکراو بێت. هەر یەک لە ئامرازەکان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان رۆڵ دەگێڕن لەو ئەرکەدا.

تیۆرەکانی راگەیاندن بە جیاوازی کاریگەریان چی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، یان بەهێز بێت یان لەسەرخۆ، دور مەودا یان مام ناوەند، بەشدارن لە

کارکردنـە سـەر و جەمـاوەر و رای گشـتی . ئامرازەکانـی راگەیانـدن رۆڵیـان هەیـە لـە ریزبەندکردنـی پێشـینەکان وگرینگـی پێدانـی جەمـاوەر، کـە پشـت بـەم ئامرازانـە دەبەستن بۆ زانینی کێشـە و مەسـەلەکان لـە نێو ژمارەیەکی زۆر لـەو مەسـەلە وبابەتانـەی کـە لـە کۆمەڵـگادا هـەن.

ئامرازەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەهێز کار لـە رای گشـتی دەکـەن، واڵتـەر لیبمـان لـە کتێبەکـەی «رای گشـتی» ١٩٢٢ بـاس لـەوە دەکات، کـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن لەمـەودای پێشکەشـکردنی ئـەو بابەتانـەوە، کـە گرنگـە بـەلای کۆمەڵگـەوە رای گشـتی پێکدەهێنـن (نەعـوم چۆمسـکی، ٢٠١٨).

بـە پێـی تیـۆری ئەجێنـدا سـێتینگ ئامرازەکانـی راگەیانـدن پێشـینەکانی وەرگـر بەشـێوەیەک رێکدەخـەن یـان دیـاری دەکـەن، کـە جەمـاوەر» بیـر لـە چـی دەکەنـەوە» وبـە لێهاتوویـیـەوە سـەردەکەون لـەم کارە بـە پلەبەنـدی وبـە تێپەڕبوونـی کات.(حسـن عمـاد المـکاوی، لیلـی حسـین السـید، ٢٠١٤) واتـە پەیوەندییەکـی بـاش و بەهێـز هەیـە، لەنێـوان فۆکـەس کردنـی ئامرازەکانـی راگەیانـدن لەسـەر ژمارەیـەک بابەتـی دیـاری کـراو وسـەرهەڵدانی هەمـان بابـەت لای جەمـاوەر.

لـە هەرێمـی کوردسـتانیش ئامرازەکانـی راگەیانـدن

کاریگەرتـر بـوون لـە پێکهێنانـی رای گشـتییەبەراورد بـە فاکتـەرە پێکهێنەرەکانی دیکە لە ماوەی (٢٠٠٠/٥-١٩٩٩/٥) ( عەبدوڵـلا خورشـید،٢٠٠٠ )

ئیلیزابێـث نویـل نیومـان لـە تیۆرەکەیـدا «Spiral of Silence» بڵاوبوونـەوەی بێدەنگـی، کـە لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا خسـتییە روو سـەبارەت بەرۆڵـی ئامرازەکانـی راگەیانـدن لـە بڵاوبوونـەوەی بێدەنگـی (ارثـر اسـا بیرغـر،٢٠١٢)

بـاس لـە هێـزی ئامرازەکانـی راگەیانـدن دەکات، لـە پێکهێنانی رای گشتی. یارمەتیمان دەدات کە لەوە تێبگەین چـۆن میدیـا وادەکات هەنـدی بیـر وبۆچـون لـە کۆمەڵگـەدا زاڵ بـکات کـە ببێتـە رای زۆرینـە، لەمـەودای کاریگـەری کەڵەکەبـوو لەڕێگـەی دوبارەکردنـەوە، وگەمارۆدانـی تـاک لەهەرجێیـەک بـێ لەڕێگـەی میدیـا، وهاوشـێوەیی پەیامـە ئاڕاسـتەکراوەکانەوە وگرنگـی دان بەهەنـدێ بابـەت جیـا لەوانـی دیکـە.

بۆیـە ئەوانـەی هـاوڕان سـەبارەت بـەو بابەتانـەی بڵاودەکرێنـەوە، حـەز بەدەربڕیـن وبەشداری دەکـەن، بـەڵام ئەوانـەی هاوڕانیـن یـان رای جیاوازیـان هەیـە لـە بارەیـەوە بێدەنگـی هەڵدەبژێـرن.

هەڵبژاردنـی بێدەنگـی لـەلای خەڵکـی بـە هـۆی ترسـەوە

درووســـت دەبـــێ، لـــە روبـــەڕوو بوونـــەوەی رای زۆرینـــە وگۆشـــەگیری کۆمەڵایەتـــی وئـــەو فشـــارانەی لەئەنجامـــی دەربڕینـــی بۆچونەکانیـــان دوچـــاری دەبنـــەوە.

تیـــۆری شـــیکردنەوەی چوارچێـــوەی میدیایـــی شـــیکردنەوەی‌ەکی رێکخـــراو دەخاتـــە روو، ســـەبارەت بـــە رۆڵـــی میدیـــا لـــە پێکهێنانـــی بیـــر وئاڕاســـتەکانی جەمـــاوەر، سـەبارەت بـە مەسـەلە دیارەکانـی نـاو کۆمەڵگـە وپەیوەنـدی بەولامدانـــەوەی جەمـــاوەر بـــۆ ئـــەو مەســـەلانە لـــەڕووی ویژدانـــی وزانینـــەوە.

میدیـا، فۆکـەس دەخاتـە سـەر چەنـد رووداوێـک، میدیـا وسـەرنجی خەڵـک رائەکێشـێت بـەلای چەنـد بابەتێکدا و هـەر میدیاشـە بڕیـار ئـەدا کـە خەڵـک لـە کوێ بیـر ئەکەنـەوە.

میدیـاکاران بابەتـەکان دیـاری ئەکـەن و بڕیـار ئـەدەن، کـە هـەواڵ لـە چ چوارچێوەیەکدا پێشکەشـبکرێت بـە جەمـاوەر.

چوارچێـوە ئـەو شـێوەیە ئەگرێتـەوە کـە میدیـا وچاودێرانـی میدیـا رووداو کێشـەکان دیاریدەکـەن بـۆ وەرگـر، ئەمـەش کاریگـــەری هەیـــە لـــە ســـەر چۆنیەتـــی وەرگرتنـــی هـــەواڵ لـە لایـەن وەرگـرەوە، ئـەو فۆڕمـە نـەک تەنهـا بـاس لـەوە دەکات کـە بیـر لـە چـی بکرێتـەوە بەڵکـو وا دەکات کـە چۆن بیریشـی لێدەکرێتـەوە (حسـن عمـاد المـکاوی، لیلـی حسـین السـید،٢٠١٤)

(دی  فلور و روکیتش) لە حەفتاکانی سەدەی رابوردوو تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندنیان خستە روو، کە باس لە پەیوەندی بەهێزی نێوان جەماوەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەم نموونەیە لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هێنانەدی پێداویستییەکانی و یارمەتیدانی لە جێبەجێ کردنی ئەو پێداویستیانە پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، تیۆری پشت بەستن باس لە چۆنیەتی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەکات کە هەندێک جار کاریگەری راستەوخۆ و بەهێزی هەیە وە هەندێک جاریش کاریگەری ناراستەوخۆو لاوازی هەیە.(حسن عماد المکاوی، لیلی حسین السید،٢٠١٤).

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات سیستەمی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی سەقامگیریی وناسەقامگیری هەمیشە لەبەردەم گۆرانکارییدایە، کەواتە هەرچەندە گۆرانکاریی وتەنگژەکان لەکۆمەڵگا زیادبکەن وەکو جەنگ و شۆڕش و تەنگژە  ئابوورییەکان، ئەوەندە خەڵکی پێویستی بە زانیاری و ئاڕاستەکردن دەبێت، لەم هەلومەرجانەشدا جەماوەر زیاتر پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن.

توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە لە کاتی رووداوێکی

چاوەڕواننەکراو ناڕوونی ڕوودەدات وەک: کارەساتی سروشتی یان تیرۆر کردنی سەرکردەیەک، کاتێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زانیاری تەواو پێشکەش ناکەن سەبارەت بە ڕووداوەکە لێرەدا دڵەڕاوکێ لای جەماوەر دروست دەکات.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشدارن لە فراوانکردنی ئەو بیروباوەڕانە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا دەرکی پێدەکەن، وەرگر لەمەودای ئەم ئامرازانەوە بابەتە جۆراوجۆرەکان فێر دەبن، ئەم بیروباوەڕانە لەلایەن ئەوانەی پابەندیان بۆ خێزان وئایین و سیاسەت هەیە فراوان دەبێت.

وێڕای گرینگیدان بە بەهاکان کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداری دەکەن لەو شتەی ئارەزوویانە پارێزگاری لێ بکەن وەکو (ئازادی، یەکسانی، لێبوردەیی، وە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە گێڕانی ڕۆلێکی گەورە لە ڕوونکردنەوەی گرینگی بەهاکان).

لەلایەکی دیکەوە پشت بەستنی تاک بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریی ویژدانی لەسەر هەست و سۆزی تاک دروست دەکات دەربارەی دەوروبەری، ئەم کاریگەرییە کاتێک دەردەکەوێ، کە زانیارییەکی دیاریکراو لەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاردەکاتە سەر هەستی تاکەکان و وەڵامدانەوەیان. (حسن عماد المکاوی، لیلی حسین السید،٢٠١٤)

ئـەم کاریگەرییـە ویژدانییـە لـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن لەڕێـگای پێوانەکردنـی، تـرس و دڵەڕاوکـێ و پاڵپشـتی مەعنـەوی دەردەکەوێـت، واتـە کاتێـک ئامرازەکانـی راگەیانـدن رووداوی ترسـناک و توندوتیـژی بەشـێوەیەکی بەردەوام پەخش دەکەن ئەمە هەستێکی ترسناک دروست دەکات لـەلای وەرگر، ودڵەڕاوکێی سـەرهەڵدانی توندوتیژی دروسـت دەکات لـە واقیـع.

(دیفلـور و روکیتـش) پێیـان وایـە پشـت بەسـتنی تـاک بـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن، دوو رەفتـار (چالاکـی و خـاوی) لێدەکەوێتـەوە، چالاکـی واتـە ئەنجامدانـی کارێـک و پیشـاندانی لـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن، کـە بەرهەمـی کۆتاییە بۆ بەستنەوەی کاریگەرییەکانی زانین و ویژدانی، بۆ نموونـە، ئـەم چالاکیانـەش بەدیـار دەکـەون لـە پاڵپشـتی کردنـی داواکاریەکانـی ئافرەتـان بـۆ مافەکانیـن، یەکسـانی نێـوان هـەردوو رەگـەزو وازهێنـان لـە جگەرەکێشـان، خـاوی واتـە نەبوونـی چالاکی و ئەنجـام نـەدان و نەکردنـی هیـچ کارێک، بۆ نموونـە خـاو وخلیچکی لـە بەشداریکردنی سیاسـی و بەشـداری نەکـردن لـەو چالاکیانـەی کـە سـودی بـۆ کۆمەڵـگا هەیـە.

پشتبەسـتن لـە سـەر بنەمـای بوونـی پەیوەندیەکی بەهێزی نێـوان جەمـاوەر و ئامرازەکانـی راگەیانـدن و سیسـتەمی

کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا، جۆر و ئاستی ئەو پشتبەستنە لە سەر دوو هۆکاری سەرەکی راوەستاوە کە ئەوانیش:

- پلەی گۆرانکاری، یان ململانێ، یا خود نائارامی کە کومەلگا بە دەستییانەوە دەنالێنێ. پلەی بایەخی ئامرازەکانی راگەیاندن وەکو سەرچاوەی زانیاری لە کومەلگایەدا. بەڵام -جەماوەر لە رووی پشتبەستنی بە ئامرازەکانی راگەیاندن لە یەکتر جیاوازن، بۆ نموونە جەماوەری سەرکردەکانی را، پێویستە سەرچاوەی راگەیاندنی دیکەی لە بەردەستدا بێ، جگە لە ئامرازە راگەیاندنە باوەکان کە پشتی پێ دەبەستێ.

ئەگەر باسی ئێزگەی بینراو تەلەفزیۆن بکەین دەبینین کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لەخۆ دەگرێت، بۆ پێکهێنانی ئاراستەکانی جەماوەر ورای گشتی.

لێرەدا George Gerbner باس لە گرنگی تیۆری چاندنی رۆشنبیی دەکات کە بەهۆیەوە دەتوانرێ ئەو کاریگەرییانە دیاری بکرێت کە کەناڵەکانی راگەیاندن وبەتایبەتی تەلەفزیۆن لەسەر جەماوەر دروستی دەکات. تەلەفزیۆن ئاراستەیەکی کەلتووری چەسپاو دەهێنێتەدی وکار لەسەر گەشەپێدانی چەمک ورەفتار وبەها پتەو ویەکانگیر وچەسپاوەکانی کۆمەڵگە دەکات، لێرەوە دەتوانین بڵێین تەلەفزیۆن بەشداری لە هێنانەدی گونجاندن

وهاوشـێوەییەک لەنـاو توێـژە کۆمەڵایەتییـە جیاوازەکانـدا دەکات. (بەشـدار حوسـێن محەمـەد،٢٠٢٠)

لێکۆڵـەری ئەمریکـی «جـۆرج جربنـر» George Gerbner جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، کـە تەلەفزیـۆن بۆتـە هێزێکـی کاریگـەری زاڵ لەسـەر کۆمەڵگـەی هاوچـەرخ، ئـەم بیـر وبۆچونـە لـە ئەنجامـی ئـەو توێژینەوانـە هاتـە ئاراوە کـە لەسـەر کاریگـەری تەلەفزیۆن لەسـەر جەماوەر وکۆمەڵگـەی ئەمەریکـی ئەنجـام درا، ئەودەمـەی ئەمەریـکا دوچـاری شـەپۆلێک رودواو توندوتیـژی وتیـرۆر بـووەوە لـە کۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـت. (مجـد نبیـل عثمـان، ٢٠١٥ )

«جربنـر» پێیوایـە کـە تەلەفزیـۆن کاریگـەری سـەرەکی هەیـە لـە سـەر پرۆسـەی گەشەسـەندنی کۆمەڵایەتـی بەهـۆی پێشـاندانی نموونـەی دووبـارە وشـێوازی رەفتـاری جیـاوازی کۆمەڵایەتـی.

سـەیرکردنی تەلەفزیـۆن سـەر دەکێشـی بـۆ بنیادنـای بیروبـاوەڕ دەربـارەی سروشـتی کۆمەڵایەتـی، داکۆکـی دەکات لەسـەر وێناکردنـی، بیروبۆچونـە کـراوەکان، کـە لـە هەواڵـە تەلەفزیۆنـەکان بەخـش دەکرێـن،

پەخـش وبڵاوکردنـەوەی فـراوان، بەهـۆی بوونـی مانگـە دەسـتکردەکانەوە. ماندوبوونـی زۆر زیاتـرە لەڕادیـۆ وبودجـەی زۆری پێویسـتە.

جەمــاوەری تەلەفیزیــۆن لــە ئاســتی رۆشــنبیری وپەروەردەیــی وئابــوری وکۆمەڵایەتیــدا زۆر فــراوان وجۆراوجــۆرە، وهــەر تاکێــک خوێنــدەوار بێــت یــان نەخوێندەواردەتوانــێ تەماشــای تەلەفیزیــۆن بــکات. جەمــاوەری تەلەفزیــۆن وەکــو شــانۆگەری شــوێنێکدا کۆنابنــەوە، بەڵکــو لەشــوێنی جیاجیــادا دابــەش بــوون.

زانیــاری بێشــومار دەدات بــە وەرگــران، واقعیتــرە، چونکــە وێنــەی لەگەڵدایــە، جێگای متمانــە وبــاوەڕی زیاتــرە ووەرگــری فراوانتــرە وچاودێــری کردنــی زۆرتــرە.( حســن عمــاد المــکاوی، لیلــی حســین الســید،٢٠١٤)

بــەڵام میدیــا ورۆژنامەگــەری ئەلیکترۆنــی کاردانــەوەی خێــرای بەکاربــەر ولایەنــە پەیوەندیدارەکانــی لێدەکەوێتــەوە، بۆیــە پێویســتە نوســەر ئامادەگــی تــەواوی وڵامدانــەوەی هەبێت.(صــادق حەمەغریــب، ٢٠١٥)

ئەگــەر باســی ئێزگــەی بیســتراوی رادیــۆ بکەیــن دەبینیــن کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیــە کــە هــاوکارە بــۆ بەدەســهێنانی ئاراستەکانی وەرگری پەیامەکانی چونکــە :(ســامان جــەلال، ٢٠١٨)

- کەناڵێکــی هەمەلایــەن وگشــتییە و ئاراســتەی هەمــوو چیــن وتوێژەکانــی کۆمــەڵ دەکرێــت.

- بەدەنگ و بە وشە بەشداری لە پەیوەندیکردندا دەکات.

- دەتواندرێت پەیام یان نامە تیایدا دووبارە بکرێتەوە.
- ئامێرێکی هەرزانە.
- ماندوبوونی کەمە ولە بەڕێوەبردندا بودجەی کەمی پێویستە.
- دەتوانێ زانیاری زۆر بدات .
- لەپێشوازی پەیامی رادیۆدا، تەنها هەستەوەری بیستن بەشداری دەکات.
- خێرایە لە پەخش وگەیاندندا.
- لەزۆربەی کاتەکاندا دەتواندرێت پەنا بۆ رادیۆ ببردرێت.
- لەزۆربەی شوێنەکاندا دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، لەنێو ئوتومۆبێل...شەمەندەفەر...فرۆکە...هتد.
- لە رادیۆدا وێنەو دەنگ بەیەکەوە پەخش ناکرێت، بۆیە ناتواندرێت وەک تەلەفیزیۆن زۆرترین سەرنج رابکێشێت. وکاتێک بابەتێک...هەواڵێک...یان وشەیەک لەڕێگەی رادیۆوە پەخش دەکرێت، ئەوا وەرگر ناتوانێ وەک رۆژنامە بگەرێتەوە سەری.

# بەشی چوارەم

## رای گشتی ئەلیکترۆنی و دەرکەوتەکانی

ئەگەر قۆناغی بەر لەسەرهەڵدانی ئینتەرنێت راگەیاندنی تەقلیدی (رۆژنامە ورادیۆ وتەلەفزیۆن) هۆکارێکی باش بوبن بۆ پێکهێنانی رای گشتی، دوای سەرهەڵدانی تۆڕی ئینتەرنێت دەروازەیەکی تر کرایەوە بۆ گەشەسەندنی رای گشتی، بەکاتێکی زۆر کەم هەواڵ وگۆڕانکارییەکان دەگەن بە بەکاربە ودەتوانێ لێیان ئاگاداربێ، بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیدی شتێک نەما بەناوی بەربەستی شوێن وکات بوونی سەکۆ یەکی ئازاد، زەمینەیەکی گونجاوی بۆ بیری ئازاد ودەربڕینی ئازاد فەراهەم کرد .

دواتر سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی وپێگە

ئەلیکترۆنییەکان دەرفەتی بەشداریکردنی بەکارهێنەرانی هێنایە پێش، بەتایبەتر سەرهەڵدانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک پێناسەیەکی تری دا بەپەیوەندیکردن، وەرچەرخانێکی گەورە بوولە ئاستی جیهاندا.

سەرهەڵدانی (میدیای نویٚ) ئەو بەربەستانەی بڕی کە چیتر هاووڵاتی ئاسایی تەنها وەرگر بێت بەکارهێنەر بەشداریکی راستەقینەیە ودەتوانێت پەیامەکانی خۆی بنێری، (مارشال ماکلۆهان) بۆ دەرکەوتنی ئینتەرنێت گوتی: لەسایەی تۆڕی ئینتەرنێت جیهان بۆتە گوندێکی بچووک.

لەئیستادا ئینتەرنێت ئەوەی تێپەڕاند کە گوندێکی بچووک بێت بەڵکو بەشداری دەکا لە گۆڕانکارییەکانی ئەم جیهانە، تاکەکان لە جیهاندا لەمەودای شاشەیەکی بچووکی موبایلەوە ئاگادارن لە رووداوەکان وبەشدارن لە دەربڕینی نارەزایی ورا وبۆچوونی خۆیان لەبارەی نادادپەروەری وئەو کێشانەی مرۆڤایەتی پێوەی سەرقاڵن.

**رای گشتی ئەلیکترۆنی:**

هەموو ئەو بیرۆکە وپێشنیار وبەشداریکردن وبیروبۆچوون وزانیاری و وێنە وکاریکاتێر وگرتە ڤیدیۆییانە یان هەر گوزارشتێکی نارەزایەتی وتورەبوون دەگرێتەوە کە گوزارشت لە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەکات بەمەبەستی داکۆکی کردن لە ئایدۆلۆژیایەک کە لە ئەزمونێکی

کەسـایەتییەوە یـان بەکۆمـەڵ سـەرچاوە دەگرێـت، دەگات بـە ئەنجامێکـی سیاسـی گشـتی وەکـو پەیامێکـی گەیانـدن لەڕێگـەی تـۆڕی ئینتەرنێتـەوە دەگەیەنرێـت، دەرفـەت بـۆ هەمـو ئـەو کەسـانە دەڕەخسـێنی کـە بەکارهێنـەرن و دەستیان رادەگات بـە تەکنەلۆژیا ئاگاداربـن یـان بەشداربن لـە بـە دەربڕینـی راوبۆچونیـان.

رای گشـتی ئەلیکترۆنـی: گوزارشـتە لـە رای گەورەتریـن توێـژی جەمـاوەر لەناوخـۆی یـەک وڵات یـان زیاتـر لـە تۆڕی فراوانـی جیهانی ئینتەرنیت وکاریگـەری لەسـەر گەورەتریـن توێـژ دروسـت دەکات لەئەنجامـی دەسـت راگەیشـتنی بـەو تـۆڕە لەسەرانسـەری جیهانـدا بڵاودەکرێنـەوە لەڕێگـەی تـۆڕی ئینتەرنیتـەوە.( فتحـي حسـين عامـر،٢٠١٢ )

رای گشـتی ئەلیکترۆنـی: بریتییـە لـەو رایـەی کـە لـە نێوان بەکارهێنەرانـی فـەزای ئەلیکترۆنـی وتـۆڕی ئینتەرنێـت سـەرهەڵدەدات، لەبـارەی کێشـە ومەسـەلەیەک کـە جێـی بایـەخ پێدانیانـە، لەدەرەنجامـی کارلێـک کردنـی بەکاربـەران ونزیکبوونـی بیروبۆچونیـان لەبـارەی ئـەو کێشـەیەی جێـی باسـە بـە پاڵپشـتیکردن بێـت یـان رەتکردنـەوە.( جنـار نامـق، ٢٠١٩) میدیـای نـوێ لەڕێگـەی تایبەتمەندییەکانیـەوە توانـی بوونـی ئەرێنـی خـۆی بسـەلمێنێت لـە کەشـی راگەیانـدن لـە ژیانـی جەمـاوەر کـە پێگـەی بنەڕەتـی رای گشـتی

پێکدەهێنن(حسـين علـي الفلاحـي، ٢٠١٣)

لێرەوە دەکرێت رۆڵی میدیای نوێ باس بکرێت وەکو وەرچەرخانێکی گرنگ لە هەموو کایەکانی ژیان لەم سەردەمەدا دەرفەتی رەهای دا بە بەکاربەر لەهەرجێیەکی گەردوون بیەوێت دەتوانێ کاریگەری دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین جینۆسایدی ئێزیدییەکان وئەو شۆڕشانە بەنمونە بێنینەوە کە ناوی بەهاری عەرەبی لێنراوە، بووە هۆی جوڵاندنی رای گشتی شەقامی عەرەبی بوو وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیس بوک وتویتەر...وهتد، وەک ئامرازێک تێیدا بەکارهات.

ئەو گۆڕاوانەی پەیوەستن بە بوونی رای گشتی ئەلیکترۆنی بریتیین لە:

- بەردەست بوونی هێڵی ئینتەرنێت
- بوونی ئامێری کۆمپوتەر ومۆبایلی زیرەک Smart phone ( فتحي حسين عامر،٢٠١٢ )
- بوونی هەژمار "Account" یان لاپەڕە لەسەر سۆشیاڵ میدیا (Social media)
- بوونی شارەزایی بەکارهێنانی ئینتەرنێت وتوانای بەکارهێنان وبەشداریکردن.(جنار نامق، ٢٠١٩)

تایبەتمەندییەکانی رای گشتی ئەلیکترۆنی: (طاهر حسن أبو زيد، ٢٠١٢)

- ئاسانی پێوانەکردنی ئاڕاستەکانی.
- کارلێکـردن لەگـەڵ زۆربـەی ئـەو بابەتانـەی بەلایـەوە گرنگـە.
- نوێبوونەوەی رای گشتی ئەلکترۆنی.
- خێرایی دروستبونی ئاڕاستەکانی.
- کەمبوونـەوەی تێچـوون بەشـێوەیەکی رێژەیـی لـە هەنـدێ وڵاتـدا
- پیشـەیی بـوون ولێهاتوویـی ودەسـپاکی لەکاتـی پێوانەکردنـی ئاڕاسـتەکانی.
- بوونـی نیشـانە یـان هێمـای ژمێـرەری بەشـداربووان کـە بەعەرەبی پێی دەگوترێت (عداد الزوار) بەئینگلیزی دەکاتە "User Counter" تایبەتمەندیەکـی گرنگـە بـۆ پێوانەکـردن و زانینی رێژەی بەشـداربووان. (جنـار نامـق، ٢٠١٩)

**ئامرازەکانی گەیاندنی پەیامەکان:**

گرنگـی فـەزای ئەلیکترۆنـی لـەوەدا دەردەکەوێـت کـە بەکاربـەر «User» دەتوانێـت بەئاسـانی لـەم مەودایـەوە گوزارشـت لـە را وبۆچونـی خـۆی بـکات سـەبارەت بـەو پـرس وبابەتانـەی کەجێـی بایەخـی ئـەون، لێـرەدا هەندێـک لـەو ئامرازانـە دیاریدەکەیـن کـە تـۆڕی ئینتەرنێت دەسـتەبەری کـردون بـۆ گەیاندنـی پەیامـەکان لەوانـەش: (سـناء الجبـور،٢٠١٠)

– ئیمەیل: زۆرێک لە پێگەکان ئەم خزمەتگوزارییە بە خۆڕایی پێشکەش دەکەن، وەک خزمەتگوزارییەکانی (یاهو، هۆتمەیل، جی مەیل، مای وای، مەیل، ...هتد).

– گروپەکان: بەشێوەی بێبەرامبەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەردەستە.

– گروپە تایبەتمەندەکان: ئەمانە چەند گروپێکن کە هەمان کار دەکەن بەڵام تایبەتمەندی کارێک یان دەستەیەکی دیاریکراودەکەن، لەوانەش (خۆشەویستانی وڵات، گروپی نەخۆشییە تایبەتەکان، گروپی لاوان، ئاینی، زانستی، هاندەری یانەیەک، گروپە رەگەزپەرستییەکان، گروپە بێئایینەکان، هتد..).

– یانە وسەکۆی گفتوگۆ: ئەمەش لەزۆرێک لە پێگەکان هەن، ئەمانیش بەشێوەی بێبەرامبەر بەکاردێن، لەم یانە وسەکۆیانەوە گفتوگۆ وبەیەکگەیشتن هەیە بۆ قسەوباس لەسەر پرس وبابەتی دیاریکراو یان هەواڵ وئاگاداری، ئەمە وێڕای ژورەکانی چات وگفتوگۆ، لەوانەش ژورەکانی secondlife.com، Match.com، Paltalk، هتد...

– کۆمێنتی سەردانیکەرەکان: ئەم خزمەتگوزارییە بوار بۆ بەکاربەر دەڕەخسێنێت بۆدەربڕینی رای خۆی لەڕێگەی نوسینی کۆمێنت لەسەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە بڵاودەبنەوە لەهەرکام لە پێگە میدیاییە فەرمییەکان یان

پێگـە کەسـییەکان، دەکرێـت ئـەم کۆمێنتانـە ببنـە تـەوەری بابەتـی نـوێ لەمیدیـادا.

**ئاستەنگەکانی رای گشتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان**

- نەخوێنـدەواری تەکنەلـۆژی، مەبەسـت لێـی نەبوونـی توانـای بەکارهێنانـی میدیـای نـوێ، کەدەبێتـە رێگـر لەپێـش دەربڕینـی رای تـاک ونەبوونـی زەمینـەی بەشـداریکردن. ئـەم ئاسـتەنگەش لـە هەرێمـی کوردسـتان ناتوانـرێ نکۆڵـی لێبکرێـت.

-نەبـوون یـان خـاوی ونەگەیشـتنیی هێڵـی ئینتەرنێـت بـە هەندێ شـوێن، ئەم دیاردەیە بەردەوام بوونی هەیە تەنانەت لەنێـو ویبنـار و وانـە ئەلیکترۆنییەکانیشـدا، بەکاربـەری تـۆڕ دوچاری گرفتـی بـڕان یـان لاوازی هێـڵ دەبێتـەوە کـە دەبێتـە هـۆی بچـڕان لـە گەیاندنـی پەیامـی خـوازراو.

- هـەژاری وبـاری ئابـووری خـراپ، فەراهەمنەبوونی هێڵـی ئینتەرنێـت بـە نرخێکـی گونجـاو ونزمـی وخراپـی ئاسـتی داهاتـی هاوولاتیـان ئاسـتەنگێکی دیکـەی ئـەم جۆرەیـە لـە رای گشـتی.

- نەبوونی ئامێری کۆمپیوتەر ومۆبایلی زیرەک Smart phon.

- نەبوونی ژێرخانێکی گونجاو.

- هەڵقولانـی زانیـاری بەلێشـاو لەمـەودای تۆڕەکـەوە

وادەکات بەکاربــەر نەیپەرژێــت هەمــوو زانیارییــەکان وەربگرێــت.

ئەو خاڵە لاوازانەی تێبینی دەکرێن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان

بەکارهێنەرانــی پێگــە ئەلیکترۆنییــەکان وسۆشــیاڵ میدیــا لەبڵاوکردنــەوەی بابەتــەکادا رەچــاوی هەنــدێ لایــەن ناکــەن بەڵکــو فەرامۆشــی دەکــەن، بەڕادەیــەک ئــەم بابەتــە بەفراوانی تەشــەنەی کردوە و کۆنتــۆڵ کردنــی ئاســان نییــە ، بۆیــە دەکرێــت وەک کەموکــوڕی بەکارهێنانــی پێگــەکان بیناســێنین، کــە کاریگــەری هەیــە لەســەر رای گشــتی:

- زمانــی نووســین زمانــی ئاخاوتنــی رۆژانــەی چینــی کۆمەڵایەتــی وئاســاییە، چونکــە بەکاربــەر بــەو زمانــە سادەیە راهاتــوە وبنەمــا زمانــی وهەواڵییەکانــی بــۆ گرنــگ نیــن، چونکــە بەردەنگەکانــی ســەرجەم چیــن وتوێژەکانــی کۆمەڵگــەن وئــەم شــێوازەش بــۆ ئــەوان ئاســانە.

- لــە رووی رێزمانییــەوە هەڵــەی زۆرە ورێنووس رەچاو ناکرێت

- زاراوەکان بــە باشــی هەڵنابژێرێــت وهەنــدێ جــار زاراوەکانیــش بەهەڵــە بەکاردەبرێــن

- گونجاندن لەنێوان ناونیشان وناوەڕۆکدا کەمە.

- بــۆ هەرشــتێک بڵاودەکرێتــەوە بەدواداچــون ناکرێــت وبەکاربــەر میزاجــی چۆنــی بوێــت وا بابەتەکــە دادەڕێژێت.

– لـەزۆر لـە بابەتەکانـدا سـەرچاوە نادیـارە، ئەمانـەت پارێـزی رەچـاو ناکرێت، زۆرجـار هـەواڵ یـان وێنـە وڤیدیـۆ یـان بابەتێـک لەدەیـان پەیـج وئەکاونتـدا بـڵاو دەکرێتـەوە بەبـێ ئامـاژەدان بـە سـەرچاوەکەی.

– کەمتریـن ئیتیکـی تێـدا پەیـڕەو دەکرێـت، بەواتایەکـی دیکـە بوەتـە سـەکۆیەک بـۆ تۆڵەسـەندنەوە وململانێـی تونـدی سیاسـی وئایینـی.

## رۆژنامەگەری هاوولاتی

ئـەو رۆژنامەگەریەیـە کـە هاوولاتـی بەشـدارە تێیدا وەک رۆژنامەنوسـێک لەگواسـتنەوەی هـەواڵ وروداوو وێنـەکان، لەشـوێنی روداوەکانـدا لەرێگـەی تەکنەلۆژیای نوێ وموبایلە سـمارتەکانەوە، بەشـدارکردنی هاوولاتییـان لـە گەیاندنـی روداوەکان هۆکاربـوو بـۆ سـەرهەڵدانی رۆژنامەگـەری هاوولاتـی.

زوربـەی ئەوانـەی گرنگـی بـەم بابەتـە دەدەن پێیانوایـە ئـەم شـێوازەی رۆژنامەگـەری لـە ٢٢ نۆڤەمبـەری ١٩٦٣ لەولایەتـە یەگرتووەکانـی ئەمریـکا دەرکـەوت کاتێـک هاوولاتییەکـی ئەمریکـی بەنـاوی (ئەبراهـام زابـرودر) بەخـۆی وکامێراکەیـەوە چـو بۆ شـاری دالاس بەمەبەسـتی وێنەگرتنـی کـەژاوەی سـەرۆکی ئەمریـکا (جـۆن کەنـەدی)،

لەکاتی وێنەگرتندا بوو کە کەنەدی تیرۆر کرا، دوای سێ ڕۆژ ئەبراهام ڤیدیۆی کاتی تیرۆرکردنەکەی کەنەدی کە ٣٠ چرکە بوو فرۆشت بە گۆڤاری لایف بەبڕی ١٥٠ هەزار دۆلار. ئەبراهام بەخەیاڵیدا نەدەهات ببێتە کەسێکی بەناوبانگ لەرۆژنامەگەری هاوولاتیدا.

هەندێکی تر لەو باوەڕەدان رۆژنامەگەری هاوولاتی ساڵی ١٩٨٨ دەرکەوت لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، لەوکاتەدا خەڵک بڕوای بە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکا نەمابوو، رۆژنامەنوسان بەشدارییان بە خەڵک دەکرد ورا وبۆچونی هاوولاتییانیان وەردەگرت لەسەر پرس ومەسەلەکان. .( نها السيد عبد المعطي، ٢٠١٥)

بەپێی ویکیپیدیا بزووتنەوەی نوێی رۆژنامەگەری هاوولاتی ساڵی ١٩٨٨لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا ئەم مۆدێلە دەرکەوت لەژێر ناوی رۆژنامەگەری گشتی (Public Journalism). لەگەڵ دەرکەوتنی ئینتەرنێتدا وای لێهات هاوولاتی خۆی هەواڵ وزانیاری بلاوبکاتەوە وخۆی ببێتە رۆژنامەنووس

(ویلس وبومان) ئاماژەیان بەوە کردووە:» مێژووی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ روداوە تیرۆریستییەکانی ١١ سێپتێمبەر دەگێڕنەوە، قۆناغێکی نوێی رۆژنامەگەری دەرکەوت بەشێوازێکی نوێ کە دان گیلمۆر ئەم بۆچوونە

بـه پەسـەند دەزانـێ.
هـەر لـەو بارەیـەوە گیلمۆر باسـی ( تۆمـاس بایـن) دەکات کـە زۆر نوسـینی رەخنەیـی بڵاوکردوەتـەوە لەمـەڕ شـۆڕش وئـازادی بیـروڕا وئـازادی رۆژنامەگـەری لـە ئەمەریـکا، هەرچـی ( چاپمـان ونوتـاڵ) لەتوێژینەوەکانیانـدا جەخـت لەسـەر بۆچوونەکـەی ( گیلمـۆر) دەکەنـەوە ودەڵێـن : رۆژنامەگەری هاووڵاتی لەسـەدەی ١٨ لەئەمەریکا هەبووە، زۆربـەی رۆژنامەنووسـەکان هەواڵەکانیـان لەخەڵکـی ئاسـایی وەردەگـرت وەک کۆکـەرەوەی هـەواڵ بەکاریـان دەهێنـان، هـەروەک ئـەوەی لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی ١٨ لـە بەریتانیـا هەبـوو کـە خەڵکـی لەکاتـی نەبوونـی رۆژنامەنووساندا خۆیان هەواڵیان بۆ رۆژنامـەکان دەنارد.
بـە پێـی بۆچونـی «برترانـد بکیـری» بەرێوەبـەری کۆربەنـدی جیهانـی نوسـەرانی لـە پاریـس و» «لاری کیلمـان» بەرێوەبـەری پەیوەندییەکانـی کۆمەڵـەی جیهانـی ئـەو رۆژنامانـەی سـەر بـە کۆربەندەکـەن لـە شۆڕشـێکی میدیایـی لـە بـواری رۆژنامەگـەری هاووڵاتـی بەرپابـوو لـە حەوتـی یۆلیـۆی٢٠٠٥ . لەئەنجامـی بینینـی تەقینـەوی تیرۆریستی کە لـە تونێلێکدا رویدا، بەهـەزاران خەڵک وێنە وگرتـەی ڤیدیۆییـان تۆمارکـرد وناردیـان بـۆ رۆژنامـەکان، بـەڵام وەرچەرخانی گرنگتـر دەگەرێننـەوە بـۆ ١١ی کانونـی

یەکەمـی سـالی ٢٠٠٥ تەقینەوەیـەک لـە کۆگایەکـی نـەوت لـە (بۆنسـفیلڵد) ی بەریتانیـا رویـدا، هاوولاتییـان بـەر لـە رۆژنامـە پیشـەگەرەکان توانیـان رومالـّی ئـەو روداوە بکـەن. رۆژنامەگـەری هاوولاتـی دەرفەتێکـی زێڕینـە بـۆ ئاڕاستەکردنی رای گشتی، ئەوەهاوولاتییە کە بڕیاردەری هەڵبژاردنـی تێکسـتەکان وتۆمارکـەری روداوەکانـە، ئـەوە هاوولاتییـە لەڕێگـەی تـۆڕی ئینتەرنێتـەوە بڕیـار لەسـەر چارەنوسـی دەسـەڵاتی سیاسـی دەدات دەبێتـە هـۆی جولاندنـی رای گشـتی. (نهـا السـید عبـد المعطـي، ٢٠١٥)

## دەرکەوتەکانی رای گشتی ئەلیکترۆنی

### خۆپیشاندان و ڕێپێوان- المسیرات والمظاهرات:

خۆپیشـاندان و ڕێپێـوان مافێکە لـە جاڕنامـەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانـی مـرۆڤ، وەک مافێکـی سیاسـی دانـی پێدانـراوەو بەشـێکە لـە مافـی (ئـازادی رادەربڕیـن)، بەشـێکە لـە مافـی (بەشـداری سیاسـی)، لـە هەندێـک لـە وڵاتانـدا، ئـەم مافـە بـە تـەواوی قەدەغەکـراوە، یـا ڕێگـری لـە ئەنجامدانـی دەکرێـت.

ئـەم شـێوازە بریتییـە لـە جۆرێـک لـە جۆرەکانـی رەفتـاری کۆمەڵایەتـی دەسـتەجەمعی، لـە میانەیـەوە کۆمەڵێک خەڵـک گوزارشــت لــە هەڵوێســتی کۆمەڵایەتــی یــان سیاســی یــا کەلتــووری.... هتــد، خۆیــان دەکــەن. ئەمــە وا دەکات

خۆپیشـاندان ببێتـە کەناڵێـک کـە خەڵـک لێیـەوە گوزارشـت لـە بیـروڕای خۆیـان لەسـەر پرسـێک یـان کێشـەیەک لـە کێشـەکان بکـەن. زۆرجـار هاوڵاتیـان کاتێـک کـە هیـچ دەرفەتێک یان کەناڵێکی فەرمی دیکەیان بۆ نەمابێتەوە لە گوزارشتکردن، ئیدی پەنا دەبەنە بەر خۆپیشـاندان وهاتنە سـەر شـەقامەکان، سـەروەختێک کەسـێک یـان تاکێـک بەشـداری لـە خۆپیشـاندانداندا دەکات، مانـای وایـە هـاوکاری وپشـتگیری لـە تاکەکانـی دیکـە دەکات بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجانـەی دەیانەوێت لەڕێگـەی خۆپیشـاندانەوە بەدەسـتی بێنـن.

تویـژەران جەخـت دەکەنـەوە کـە نـاو تـۆڕەکان بوەتـە گۆڕەپانـی کاری مەدەنییانـە وئامادەسـازی بـۆ کاری مەدەنییانە یان سازدانی هەڵمەتێک یان خۆپیشـاندانێک یان بایکۆتـی کاڵای وڵاتێـک یـان وەسـتانەوە دژی دیاردەیـەک. (مـراد بـن علـی الزریقـات، ٢٠٠٨)

چالاکوانـان تـۆڕەکان بـۆ کۆبوونـەوە وبیـروڕا گۆڕینـەوە بەکاردەهێنـن، دواتـر هـەر لـە تۆڕەکانـەوە ئامادەسـازی دەکـەن بـۆ ئەنجامدانـی چالاکییەکـە بانگەشـە دەکـەن، لەهەرێمـی کوردسـتانیش ئـەم بابەتـە جێـی خـۆی گرتـووە، چەندیـن نموونـە هـەن لەوانـەش هەوڵەکانـی کۆمەڵێـک چالاکـوان لەسـاڵی ٢٠١٣ دا، لەڕێگـەی تۆڕەکانـەوە توانیـان

خۆپیشـاندانێکی گـەورە لەناوخـۆی هەرێـم وچەنـد پایتەختێکـی دنیـادا رێکبخـەن بـۆ داواکاری سـەربەخۆیی کوردستان وهەڵمەتەکە ناوی نرا ( کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی کوردسـتان) و لـە ٢٣ ئابـی ٢٠١٤ ئـەم هەنـگاوە بوبـە پراکیتیکـی و توانـی رایەکـی گشـتی دروسـت بـکات، ئـەم هەڵمەتـە لەهەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە ئەنجامـدرا یـەک دروشـم و یـەک لۆگـۆ ویـەک کاتـی دیاریکـراوی هەبـوو، بەمـەش هەڵمەتەکە لەدنیـای مەجازییـەوە گوازرایـەوە سـەر شـەقام. (جنـار نامـق، ٢٠١٩)

**(نارەزایەتییە ئەلیکترۆنییەکان) لاحتجاجات الالکترونیة:**

نارەزایەتـی ئەلیکترۆنـی بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکرێـت: شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی گوشـار بۆسـەر دەسـەڵات ودەزگاکانـی حکومـەت بەبـێ بەکارهێنانـی توندوتیـژی، مەبەست لـەم شێوازە بەدیهێنانی داواکارییەکی دیاریکراوە، ئـەم شـێوازە بەشـێوەی مانگرتـن لـەکار یـان نارەزایەتـی دەربڕیـن یان هـەر شێوازێکی نارازیبوون درووست دەبێ کـە گروپێـک لەسـەری رێـک دەکـەون.

لێرەشـدا دوالیزمێـک هەیـە لەنێـوان نارەزایەتـی وەکـو ئامرازێـک بـۆ گوزارشـتکردن لـە را وبۆچـوون وئینتەرنێت وەک ئامـراز وکەرەسـتەیەک بـۆ بەکارهێنانـی فـەزای ئەلیکترۆنـی لـە رێکخسـتن وکۆکردنـەوە وهۆشـیارکردنەوە،

هەماهەنگــی ودەســپێکردنی هەڵمەتــەکان. (عــادل عبــد الصــادق، ٢٠١٠).

ئــەو نارەزایەتیانــەی لەڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە دروســت دەبــن ڕێــڕەوی خۆیــان وەردەگــرن لەمــەودای بونیادێکــی مەعریفیانــە، بزوێنەرانــی ئــەم نارەزایەتییانــە بریتیــن لــە چالاکوانــە نوێــکان ودەســتەبژێرە خــاوەن زانیارییــەکان. (أميــرة محمــد ســيد احمــد، ٢٠١٥).

لەکوردستانیشــدا ئــەم نارەزایەتییــە ئەلیکترۆنییانــە توانیویانــە جێگــەی خۆیــان بگــرن، دەبێــت ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە لەکوردســتاندا زیاتــر تــۆڕی کۆمەڵایەتــی فەیــس بــووک بــەکار دێــت، بۆیــە زوربــەی هەڵمەتــەکان لــەم تــۆڕەوە ســەرچاوە دەگــرن، نموونەشــمان بــۆ ئــەوە وەســتانەوەیەبوو دژی بڕیارێکــی ئەنجومەنــی نوێنــەران لــە دیســەمبەری ٢٠١٤ لەکاتێکــدا وڵات ســەرقاڵی شــەڕی تیرۆریســتانی داعــش بــوو، بارودۆخــی دارایــی لەوپــەڕی خراپیــدا بــوو، بڕیــارەکان لــەو کاتــەدا بوونــە هــۆکاری ســەرهەڵدانی نارەزایەتــی بەکاربەرانــی تۆڕەکان بەگشتی وفەیسبووک بەتایبەتی. (جنار نامق، ٢٠١٩)

ســەبارەت بــە رۆڵــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان هەندێــک پییــان وایــە ئەگەرچــی ئــەم تۆڕانــە بوونەتــە وێســتگەیەک بــۆ خۆخاڵیکردنــەوەی تورەیــی ونیگەرانییەکانــی تــاک، لەگــەڵ ئــەوەش هێشــتا بەهــای رەخنــە وپۆســتە جدییــەکان کاریگــەری

خۆیــان لــە دەســت نــەداوە، دیارتریــن نموونــەش دەنگــی نارەزایەتــی هاووڵاتییــان بــوو لەســەر فەیســبووک ســەبارەت بەکڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتـاران، لەڕێگەی بڵاوکردنـەوەی ســەدان پۆســت ورەخنــە وکاریکاتــۆر، وایکــرد پارلەمانــی کوردســتان بڕیارەکـە رابگرێـت. (هــەردەوان مەحمـود، ٢٠١٥)

**هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان (الحملات الالكترونية):**

شــێوازێکە لــە شــێوازەکانی بەشــداریکردنی ئەلیکترۆنــی بەمەبەسـتی پاڵپشـتیکردن یـان بەرهەڵسـتی ودژایەتیکردنـی بابەتێـک یـان دیاردەیـەک.

فــەزای ئەلیکترۆنــی دەرفەتــی رەخســاند بــۆ بەکاربــەران بۆگوزارشـتکردن لەواقعـی کۆمەڵایەتـی خۆیـان بەمەبەسـتی گەشـتن بـە ویسـتەکانیان ونەهێشـتنی نەهامەتییەکانیـان.

ئــەم شــێوازە لەکوردســتانیش بەکارهــات، کاتێــک جەمــاوەری کوردســتان بەشــداری هەڵمەتێکــی پشــتیوانیان کـرد لـە نادیـە مـورادی کچـە یەزیـدی کاتێـک پاڵێـوراو بـوو بــۆ وەرگرتنــی خەڵاتــی نۆبڵــی ئاشــی.

نموونەیەکــی تــری ئــەم شــێوازە بەشــداریکردنی کوردستانیانی بەکاربەرانـی تۆڕەکان بـوو لـە سـەرتاسـەری جیهانـدا، بـۆ کۆکردنـەوەی سـەد هـەزار واژۆ بـۆ راپرسـی ســەربەخۆیی کوردســتان کــە ماڵپــەڕی کۆشــکی ســپی

داینابــوو، ڕێــژەی بەشــداربوان ئــەم ژمارەیــەی تێپەڕکــرد لــەو ماوەیــەی کــە دیاریکرابــوو. (جنــار نامــق، ٢٠١٩)

## ئامانجی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان

هەڵمەتــە ئەلیکترۆنییــەکان لەزەمینەیەکــدا ســەرهەڵدەدەن، کاری گروپــە وچەنــد کەســێک بەرپرســیارییەتی دەگرنــە ئەستو، ئەمانە بــەردەوام ڕاوێــژ دەکــەن بۆئــەوەی هەڵمەتەکە دەســتپێبکەن، دواتــر ئەمانــە هەوڵــی دۆزینــەوەی تۆڕێــک لــە لایەنگــر وپشــتیونان بــۆ هەڵمەتەکــە دەدەن چ ئەوانــەی بەکارهێنــەری تۆڕەکانــن یــان ئەوانەشــی نزیکــن لــە ئامانجــی هەڵمەتەکــەوە، هەمیشــە هەڵمەتــە ئەلیکترۆنییــەکان لاوان نزیــک دەکاتــەوە وئەیانکاتــە ئامانجــی پشــتیوانی هەڵمەتەکــە، چونکــە لاوان زیاتــر تەکنەلۆژیــای نــوێ بەکاردێنــن ولــەڕوی فیزیکیشــەوە چالاکــن وئێنرژیــان زۆرە.

لــە هەڵمەتــە ئەلیکترۆنییــەکان دەکرێــت کەســانی نــاودار وئەســتێرەکان بــەکار بهێنرێــن چونکــە خــاوەن پێگــەو جەمــاوەری زۆرن، هەروەهــا بەئاســانی دەتوانێــت کاریگــەری هەبێت چونکە هەڵمەتــە ئەلیکترۆنییــەکان کاری خۆبەخشــانە وســوود نەویســتن(عادل عبــد الصــادق، ٢٠١٣)

دەتوانیــن بڵێیــن هەڵمەتــە ئەلیکترۆنییــەکان ئــەم ئامانجانــەی هەیــە: (عــادل عبــد الصــادق، ٢٠١٣)

- گوزارشت کردن لە رایەک یان هەڵوێستێک کەناتوانرێت لە هۆکارەکانی راگەیاندنە تەقلیدییەکانەوە ئەنجام بدرێت
- کاریگەری دروستکردن لەسەر رای گشتی وباوەڕ ودیدگای کەسەکان لە بابەتێکی دیاریکراودا.
-بزواندن وجولاندنی توانا ووزەی جەماوەر لەسەر ئینتەرنێت وبەکارهێنانیان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.
- گەیاندنی را یا هەڵوێستێک بە ناوەندەکان کە بەئاسانی پێیان ناگەین.

## پەیکەری پێکهاتەی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان:

شێوازە پەیکەرێکی رێکخستنی تایبەت بە هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان نییە بەڵام دەکرێت لەم خاڵانەدا ئەو هەیکەلە دیارییبکرێت: (عادل عبد الصادق، ٢٠١٣)

-بەڕێوەبەر یان سەرپەرشتیاری هەڵمەتەکە: ئەرکی بەڕێوەبردن وسەرپەرشتی وئاڕاستەکەکردنی ئەو کەسانەیە لەم هەڵمەتەدا بەشدارن، هەروەها چاودێری وسەرپەرشتی کاری ئەو کەسانەی تر دەکات کە لەم هەڵمەتەدا بەرپرسیارییەتیان هەیە.

-بەرپرسی راگەیاندنی هەڵمەتەکە: ئەرکی ئەم کەسە ئامادەکردنی بەیاننامە راگەیاندنەکانە بۆ هەڵمەتەکە لەگەڵ

راگەیاندنەکاندا ، وەک وتەبێژی فەرمی لەبەردەم میدیاکان ورای گشتیدا قسەدەکات، ئەمە وێڕای ئەوەی تیمێکی لەگەڵدایە بۆ وەرگێڕانی بەیاننامەکان وسەرپەرشتیکردنی ماڵپەڕو پێگەکانی هەڵمەتەکە.

-بەرپرسی تەکنیکی هەڵمەتەکە: بەرپرسە لە چاودێری کاروباری هونەری هەڵمەتەکە، بەهاوکاری ستافێکی تەکنیکار کە کاریان دروستکردنی ماڵپەڕ وپێگە وسوشیالمیدیایە بۆ هەڵمەتەکە.

-سکرتێری هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان: سەرپەرشتی کاروباری ئیداری هەڵمەتەکە دەکات هەروەها کاتەکان رێکدەخات بۆ کۆبوونەوەکان وهەماهەنگی بۆ کاری لیژنەکانی دیکە، ئەم بەشە راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکی هەڵمەتەکە هەماهەنگی وهاوکاری هەیە.

رەگەزەکانی سەرکەوتنی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان:

بۆئەوەی هەڵمەتێکی ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو بەڕێوە بچێت چەند رەگەزێک هەن لێرەدا باسیان دەکەین:(عادل عبد الصادق، ٢٠١٣)

-بەبازارکردنی بیرۆکەکە: گرنگە چۆن ئەو بابەتەی هەڵمەتەکەی بۆ ئەنجامدەرێت بخرێتە بەردەست خەڵک ورەواجی بۆ پەیدابکەیت.

-پێوانەی مەودای سەرکەوتنی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان

ودڵنیابوون لە گەشتنیان بە ناوەندەکانی بڕیار وکارکردن بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لە گۆڕینی رای گشتیدا.

-ئەم بابەتە خۆی دەرەنجامی خواست یان کێشەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوورییە، بۆیە هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان وەک هێزێکی کارا لەگۆڕەپانی سیاسیدا دەکرێت بەکاربهێنرێن تا لەورێگەیەوە بگەیتە ئامانجێک لەو ئامانجانەی کە هەڵمەتەکەی بۆ راگەیەنراوە.

-بەڕێوەبەرانی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان دەبێت خاوەن دەمودو بن بتوانن کاریگەریان لەسەر جەماوەر هەبێت لە گەیاندنی ئامانجی هەڵمەتەکە وقەناعەت پێکردنی خەڵک لە گۆڕینی ئاڕاستەیان بەرەو داخوازییەکانی هەڵمەتەکە.

زۆربەی هەڵمەتە ئەلیکترۆنییەکان لەنێو تۆڕەکاندا لەڕێگەی «هاشتاگ #»ەوە ئەنجام دەدرێن بۆیە لە خوارەوە پێناسە وگرنگی هاشتاگ روون دەکەینەوە:

### هاشتاگ #:

گوزارشتە لە پۆلینکردنی کۆمەڵێک هەواڵی پەیوەست بە یەک بابەت، کاتێ خوێنەر زانیاریەکانی تەواونابن بەیەک بابەت هاشتاگ رۆڵی گرنگی هەیە لە پێدانی زانیاری وبابەتی زۆرتر. (Murad،2016)

گرنگی هاشتاگ ئەوەیە زانیاریەکان ریزبەند

دەکات وسـەرەتای هەمـوو بابەتـەکان بـەم نیشـانەیە # دەسـتپیدەکات. بڵاوکردنـەوەی هەمـوو نوسـین ونـاو وبابەتێـک بـە # دەبێـت.

کاتـێ بەکاربـەر بیەوێـت زانیاریـی زیاتـری لەبـارەی رووداوێکـەوە بەدەست بگات ئـەوە بـەم هێمایـە ئـەو بابـەت وروداوە پشـت ئەسـتور دەکا بـە ڤیدیـۆ وبابەتـی تـر. ئـەم نیشـانەیە گرنگـە بـۆ رای گشـتی، چونکـە رای گشـتی ئـەو کاتـە دروسـت دەبێ کـە داتـای پێویسـت وزانیـاری دروسـت بەقەبـارەی زۆر بلاوببێتـەوە.

## مێژووی هاشتاگ#

ئەوهاشـتاگانەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دادەنرێـن بـۆ زۆرێـک لەبەکاربـەران بووەتـە جێی سـەرنج وپرسـیار، ئـەم هێمایـە چییـە وبۆچـی بەکاردێـت، لێـرەدە هـەوڵ دەدەیـن زانیـاری روونـی بکەینـەوە.

لـە ٢٣ی ئابـی ٢٠٠٧ بـۆ یەکـەم جـار هاشـتاگ هاتـە نێـو جیهانـی ئینتەرنێـت لەلایـەن کریـس میسـینا کـە بـە داهێنـەری هاشـتاگ ناودەبرێـت، ئەوکاتـەی وەک بەڕێوەبـەری کۆڕبەنـدی Bar Camp ، وەک یەکێـک لـە کارمەندانـی کۆمپانیـای گـوگڵ بەشـدار دەبێـت هاشـتاگێک بـۆ نوسـین و وێنەیـەک دادەنێـت تابتوانێـت لەڕێگەیـەوە

کەسـانی تایبەتمەنـد بـەو بـوارە گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن وبکەویتـە دەسـتیان، یەکەمیـن هاشـتاگ لەسـەر تـۆڕی کۆمەڵایەتـی تویتـەر لـە ٢٣ ئابـی ٢٠٠٧بەکارهـات. (منتـدی المرکـز الدولـی ،٢٠١٦)

## سودەکانی هاشتاگ#: (Murad، 2016)

هاشـتاگ کۆمەڵێـک سـودی هەیـە دەکرێـت لێرەدا ئامـاژە بەمانـە بدەیـن

– چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەژێر چەترێکدا کۆدەکاتەوە.

– زانیـن وپێوانەکردنـی رای خەڵـک لەسـەر بابەتێکـی دیاریکـراو.

– وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر گرنگتریـن ئـەو بابەتانـەی لـە جیهانـدا بـەلای خەڵکـەوە گرنگـن.

– دروسـتکردنی زەمینـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی زانیـاری لەلایەن کۆمپانیا وکارگەکانەوە لەسـەر کاڵایەکی دیاریکراو.

– کۆکردنـەوەی دەسـتە وگرووپـە ئیتنـی وزمانـی ونەژادییـەکان وپێـدان وگۆڕینـەوەی زانیـاری لەمـەڕ ئـەو بابەتانـەی دەیخـوازن.

تایبەتمەندییەکانی هاش تاگ#:( Murad، 2016)

هاشـتاگ هەندێک تایبەتمەندی هەیە دەبێت ڕەچاوبکرێن لەگـەڵ هـەر دروسـتکردنێکدا لەوانـەش:

– پێشتر هاشتاگی لەو شێوەیە دروست نەکرابێت واتە دووبارە نەبێت.

– ناوی هاشتاگەکە کورت وگوزارشتکەر بێت.

– ئەو ناونیشانەی بۆ هاشتاگەکەت هەڵیدەبژێریت وشەکانی گوزارشت لە بابەتەکە بکەن بۆئەوەی خوێنەر کەسەیری وشەکان دەکات بزانێت بابەتەکە چییە، واتە گونجانی ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت.

مانگرتنی مەدەنی ئەلیکترۆنی: العصیان المدنی الالکترونی:

مانگرتنی مەدەنی ئەلیکترۆنی (ECD- Electronic Civil Dis-obedience)بەوە ناسراوە جۆرێکە لەجۆرەکانی مانگرتنی ئاشتیانەی ناتوندوتیژ، بۆ فشار خستنە سەر دەزگا حکومییەکان یان دەزگا فەرمییەکان یان کەرتی تایبەت کە کارێکی نایاسایی یان دور لە مۆراڵیان کردبێت کە زیان بە خەڵک بگەیەنێت بە جۆرێک لە جۆرەکان.

دەکرێت لەڕێگەی زەمینەی ئەلیکترۆنییەوە خەڵک کۆبکرێتەوەو هان بدرێت ورایەکی جەماوەری فراوان دروستبکرێت وەک ئەوەی لە ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١ لەمیسر رویدا.

یاخی بوونی مەدەنی پێشتر هەبووە لەنێو تاک وگروپەکاندا، بۆ نمونە گاندی مانگرتنی مەدەنیانەی

کرد دژی هەمووارکردنەوەی ئەو یاسایانەی هەڵاواردنی تیابوو دژی رەش پێستەکان.( فتحي حسين عامر، ٢٠١٢)

سێ ئاڕاستە هەن لە دروستکردنی مانگرتنی مەدەنی ئەلیکترۆنی، ئەو ئاراستانە زۆر لە یەکتر جودا نین ونزیکی لەبۆچونەکانیاندا هەیە بەتایبەت لە تەواوکاری وچون یەکبوون (التداخل والتكامل) رەوتەکان بەم شێوەیەن:

- ئەوانەی پشتگیری لە خۆپیشاندانی سەر شەقام دەکەن وئەوانەشی لەئینتەرنێتەوە پشتیوانی شەقام دەکەن.

-ئەو رەوتەی کە لەڕێگەی هاککەرزەکانەوە دەستیان دەگات بە پێگە وتۆڕە ئەلیکترۆنییەکانی دەسەڵات، ئەمەش بە Hacktivism ناسراوە، ئەم گروپەی سەرکردایەتی ئەم کارە دەکەن زیاتر شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیان بۆئەوەی نیشانی بدەن دەتوانن بگەنە زمانحاڵەکانی دەسەڵات، هەندێکجار پێگە ومالپەڕی ئەو شوێنانە بەدروشمەکانی خۆیان دەنەخشێنن دوای هاککردنیان.

-رەوتی سێیەم بەتەواوی باوەڕیان وایە داوا بکرێت ڕێگەچارەی داهێنەرانە لەسەردەستی شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیا بێتەئاراوە نەک توندوتیژی سەر شەقامەکان.

- رەوتی یەکەم سود لە نەکەوتنەوەی توندوتیژی دەبینێت لە مانگرتنی مەدەنی ئەلیکترۆنی، پێی وایە

روبەڕوبوونــەوەی جەســتەیی ناوێــت، ئەوەنــدە بەســە چالاکوانانی سیاسی لەپشت شاشـەیەکەوە کە بەسرابێتەوە بــە ئینترنێتــەوە بتوانــن رای گشــتی دروســت بکــەن، ئــەم جۆرەش بێگرفت نییە، ناردنی هەزارەها نامە وکورتەنامە لەڕێگـەی ئیمەیل یان هـەر شـێوازێکی تـرەوە بێت، رەنگـە وابکرێـت نامــەکان بگەنــە ســندوقی نامــە نەخــوازراوەکان (spamming) بەمــەش بەکاربــەر تەماشــای ئــەو نامانــە نــاکات.

لــە ژوری قســەکردنەکاندا دەتوانرێــت پەیــام ئاڕاســتە بکرێــت بــەڵام ئەمیــش لەگرفــت بێبــەش نییــە دەســەڵات دەتوانێت ئـەو ماڵپەڕانـە فلتـەر بکات یان بەتـەواوی دایـان بخات، یان هەندێ لـەو ماڵپەڕانە بەرگـەی ئـەو لۆدە زۆرە ناگــرن لەبەکاربــەران، یــان هەنــدێ ماڵپــەڕی تــر توانایــان ســنوردارە بــۆ چونەنــاوەوە بەئەنــدام بــوون تێیانــدا.

بەشــی یەکەمــی ئاڕاســتەی یەکــەم لەگــەڵ چونــە ســەر شـەقام بـوون، هەرچی بەشی دووەمیانە لەگـەڵ پشـتگیری ئەلیکترۆنیــدا بــوون، ســەرباری کەمووکوڕییــەکان کــە ئاماژەمــان پێــدان بــەڵام ئــەم شــێوازەیان ســەلامەتتر ومەدەنیانــە تــرە.

– دوای دەرکەوتن وکامڵ بوونی ئاڕاستەی دووەم ئەمان پەنایان بردە بەر کەسانێک کەدەتوانن جەنگی تەکنەلۆژی

بکــەن، ئەوانــەی لەبوارەکانــی ئینترنێــت وهاککردنــدا شــارەزان، خــودی ئــەم رەوتــە لــە دوو پیتــی Activism و Hacker چالاکــی وهاکــەر، پێکهاتــووە وئــەم دوانــە تێکــەڵ کــران بــوو بــە Hacktivism، ئــەم رەوتــە زیاتــر ســود لەوانــە دەبینێــت کــە پێشــتر لەنــاو ئۆرگانــە دەوڵەتییەکانــدا ئــەم کارانەیــان کــردوە وئیســتە وەلانــراون، لێــرەدا هــەم ئاراســتەکە ســودیان لێوەردەگرێــت هــەم ئەوانیــش تۆڵــە لــە دەســەڵات دەکەنــەوە.

لەگــەڵ دەرکەوتــن وتێکەڵبوونــی تەکنیــکاران لەبــواری چالاکییــە سیاســییەکان جــۆر وهونــەری نــوێ دەرکەوتــن، لەوانــەش (ئیمەیــل بۆمبــی ئۆتۆماتیکــی Automated e-mail bombs) بریتییــە لەجۆرێــک ڤایــرۆس لەرێگــەی ئیمەیلــەوە بڵاودەبێتــەوە وکاری تێکدەرانــە ئەنجــام دەدات، بــۆ کاتــوو روداوێکی تایبــەت دەنرێتــەوە وبارگاوی کراوە بــە ڤایرۆس لــە کاتــی دیاریکــراودا دەتەقێتەوە.(عبــد الحمیــد اســماعیل الانصــاری، ٢٠٠٢ )

ئــەم کــردارە ئامانجیەتــی پەیوەنــدی نێــوان دوو تــۆڕ ببچڕێنێــت لەرێگــەی هاککردنــی راســتەوخۆوە کــە دیــواری پارێــزگاری Firewall دەڕوخێنێــت.

ئــەم رەوتــە روبەڕوبەنــەوەی راســتەوخۆ رەتدەکاتــەوە، فاکتەرێکــی هانــدەرە کــە هاکــەرەکان لەمەیدانــی

تەکنەلۆژیـادا کارەکانیـان ئەنجـام بـدەن، بەشـێوەیەک کات وماندوبوونیـان بـۆ دەگەڕەێتـەوە، ئەنجامـی سـەرسـوڕهێنەر بەدەسـت دەهێنـن کـە چالاکوانـە سیاسـییەکان لـەم بـوارەدا نەیاندەتوانـی بەدەسـتی بهێنـن.

چەنـد نموونەیـەک لەچالاکییـەکان لـەم بـوارەدا:( فتحـي حسـين عامـر، ٢٠١٢)

• گروپی X-Pliot ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی مەکسیکیان هـاک کـردو لاپەڕەکەیـان گـۆڕی بـە روخسـاری (ئەمیلیـۆ زباتـا) وەک هاوسـۆزی لەگـەڵ بزوتنـەوەی (زباتیسـتا) لـە خـواروی مەکسـیک.

• گروپـی Milworm ماڵپـەڕی توێژینـەوەی ناوەکـی هیندستانیان هاک کرد وەک کاردانەوە لەسەر تاقیکردنەوە ناوکییەکانـی هینـد.

• هاککردنـی ماڵپـەڕە ئیسـرائیلییەکان وەک پشـتیوانی لـە گەلـی فەلەسـتین.

• گروپـی هاکەرزانـی Kaotik پرتوگالـی زیاتـر لـە ٤٥ ماڵپـەڕی حکومەتـی ئەندەنوسـیایان هـاک کـرد وەک پشـتیوانی لـە خەڵکـی (تەیمـوری رۆژهـەڵات) کـە داوای ئۆتۆنۆمیـان دەکـرد.

– ئاڕاسـتەی سـێیەم لەگـەڵ دەرکەوتنیـدا بـاوەڕی بـە

چارەسەری ئەلیکترۆنی داهێنەرانە هەبوو نەک شیاوازی گوشار وپەنابۆبردن، چونکە خەڵک ناتوانێت چاوەڕوانی ئەوە بکات ئەو گوشار وپەنابۆبردنە چی بەرهەمێکی دەبێت.

ئەوەی بەرچاوە تائێستا ومایەی پرسیارە کامانەن ئەو هۆکارانەی ئەم ئاڕاستەیە بەکاری دەهێنن؟ ئەمە جۆرێک لە ناڕونی پێوە دیارە سەربارى ئەوەی کەسانی ئەم ئاڕاستەیە ناوی خۆیان ناوە Hackers یا Hacktivists، بەڵام باوەڕیان وایە تێکشکاندن وچونە ناو خزمەتگوزارییەکانی Dos تاکتیکێکە زۆر گرنگی نییە. (هشام سلیمان)

ئەوەی لەم گروپە زانراوە وەک چالاکی تەنها پشتیوانی وهاوسۆزی هەندێ بابەت بوون لەوانەش گروپی پشتیوانی دیموکراسی خوازانی چین Hong Kong Blondes کە بارەگاکەیان لە هۆنگ کۆنگە، هەروەها پشتیوانی گروپی (Cult of the Dead cow) ئەوانەی گای مردوو دەپەرستن.

**دەنگدانی ئەلیکترۆنی: التصویت الالكتروني:**

بریتییە لە شێوازێک کە کۆمەڵەیەک پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی هەڵبژاردنی بڕیارێک یان دەربڕینی بۆچوونێک لەدوای چەندەها گفتوگۆ لەڕێگەی یەکێک

لـە ئامێـرە پەیوەسـتکراوەکان بـە تـۆڕی ئینتەرنێـت یـان تۆڕەکانـی گەیاندنـەوە بەمەبەسـتی دەنگـدان لەسـەر بابەتێکی چارەنووسساز، لەوانەش دەنگ لەسەر شێوازی حوکمڕانی وڵات، هەمووارکردنەوەی دەستوور، داخوازیی بـۆ بابەتێـک. (خالـد ابـو سـمرة، ٢٠١٢)

بەشـداریکردنی دەنگـدان بـە یەکێـک لـە هێماکانـی هـەر سیستەمێکی دیموکراسی وبە یەکێک لەو ئامرازە گرنگانە دادەنرێ، کە تێیدا هاووڵاتییان دەتوانن لەڕێگەی دەنگدان وهەڵبژاردنـی نوێنەرانـی خۆیـان بەشـداری لـە دەرکردنـی بڕیـار وبەڕێوەبردنـی وڵاتـدا بکـەن.

سیسـتەمی دەنگدانـی ئەلیکترۆنـی شـێوازێکی نوێیـە لـە دەنگـدان، بەشـداربووی تـۆڕەکان وهۆکارەکانـی پەیوەنـدی دەتوانن بەشداری دەنگدان ببن، هەڵبەتە ئەم جۆرە دەنگدانە بێ کێشـە وگرفت نەبـووە وپێشـتریش چەنئایین کومپانیـای سـایبری دوابەدوای تاقیکردنـەوەی سیسـتەمگەلێکی هاوشـێوە جەختیـان لـە نادڵنیایی ئـەو سیسـتەمانە کردووەتـەوە.( وهـاج قـادر عبـاس ، سـها زکـی نـوري، ٢٠١٥)

**لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم شێوازە:**

دیـارە بەشـداریکردن لەڕێگـەی ئینەرنێتـەوە لـە پرۆسـەی دەنگدانـی ئەلیکترۆنـی هەنـدێ لایەنـی ئەرێنـی هەیـە لەوانـەش:

- هاووڵاتی دەتوانێت ئازادانە دەنگ بدات.

- دەبێتـە هـۆی گێڕانـەوەی کات، واتـە پێویسـت نـاکات خەڵـک لـەدەوری بنکەکانـی دەنگـدان کۆببنـەوە.

- کـورت بـڕی واتـە لەبـری بڕینـی ڕێگایەکـی دوور وگەیشـتن بـە ناوەندەکانـی دەنگـدان، لەڕێگـەی تۆڕەکانـی پەیوەنـدی وگەیاندنـەوە دەکرێـت دەنـگ بدرێـت.

- نەوەسـتانی ژیـان، دەبینیـن زۆرلەهەڵبژاردنـەکان ولـەرۆژی هەڵبژاردنـدا ڕێـگاکان دادەخرێـن، بـازارەکان ناکرێنـەوە، فەرمانگـە ودامـەزراوەکان دەکرێنـە پشـوو، لـەم شـێوازەدا ئـەو ئاسـتەنگانە دروسـت نابـن وژیـان ئاسـایی دەڕوات.

- بێبـەش نەبـوون، بـۆ مەسـەلە چارەنـووس سـازەکان هاووڵاتـی دەیەوێـت دەنگـی هەبێـت، ڕەنگـە لەوکاتـەدا لەناوخـۆی وڵاتدا نەبێت، بـەم شـێوازە مافی نافەوتێت، وەک ئـەوەی لـە پرۆسـەی ریفراندومـی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا ڕێژەیەکـی زۆری کوردسـتانیان لـەدەرەوە دەنگیـان دا.

- لـەڕوی ئابوورییـەوە، هەمیشـە هەڵبـژاردن ودەنگدانـەکان لـەڕوی ئابوورییـەوە تێچـوی زۆریـان دەبێت، هەندێـک لـەو تێچوانـە بـۆ پرۆسـەکەیە بـەڵام هەندێکـی تـری لەتێچـوی هاتوچـۆو وکاغـەزدا دەڕوات، لـەم شـێوازەدا ئـەو تێچوانـە کەمتـر دەبـن.

لایەنە نەرێنییەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی:

لــەڕوی تەکنیکــی ودەستگەشــتن بەتــۆڕ وئامرازەکانــی پەیوەندیکردنــی هەندێــک کێشــە بــۆ ئــەم جــۆرەی دەنگــدان دروســت دەبێــت، بەتایبــەت لــەم ســەردەمی تەکنەلۆژیایــەدا ویەکێــک لــە هــەرە دیاردەکان مەســەلەی هــاک کردنــە، ئــەم بابەتــە چەنئاییــن ســاڵە بوەتــە دیــاردە، لــە ســاڵی ٢٠٠٨ زانایانــی زانکــۆی پرینســتۆنی ولایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا توانیبوویــان بــە هــاک کردنــی سیســتەمی دەنگدانــی ئەلیکترۆنــی ئەنجامــەکان بەبــێ ئــەوەی کــەس پێــی بزانــێ بگــۆڕن ولــە ٢٠٪ دەنگەکانــی بەربژێرێــک بخەنــە ســەر دەنگەکانــی بەربژێرێکــی دیکــە.

ئەنــدرو ئاپیــڵ «Andrew Appel» کــە دەســکاری ئامێــری دەنگدانــە ئەلیکترۆنییەکــەی کردبــوو لــە وتووێژێکــدا لەگــەڵ ســایتی ئــەو زانکۆیــە جەختــی کــردەوە کــە لــە «تــەواوی سیســتەمە ئەلیکترۆنیەکانــی دەنگــدان نادڵنیــان» ودەکــرێ هــاک بکرێن(Q&A with Appel) . بەمەبەســتی ڕەواندنــەوەی ئــەم کێشــەیە دەبــێ هــاوکات کەڵــک لــە پســووڵەی کاغــەزی وســکانێر وەربگیرێــت. (دیپلۆماتیــک مەگەزیــن،٢٠١٨)

ڕێبــازی کار کردنــی سیســتەمی ســکان بەوجۆرەیــە کــە دەنگــەکان پێــش ئــەوەی بچنــە نــاو ســندووقی دەنگــدان، لەڕێــگای ئامێرێکــەوە ســکان دەکرێــن وئەنجامەکــەش

ڕەوانــەی ناوەنــدی ســەرەکی دەکرێــت، هاوشــێوەی ئــەو سیســتەمەی کــە کومیســیۆنیش کەڵکــی لــێ وەرگرتــووە.

ســەرەڕای هەمــوو ئــەم ڕێکارانــە دیســان زانایانــی کۆمپیوتــەر لــەو بڕوایــەدان بــەم جــۆرە ڕێبازانــە ناکــرێ پێش بـە هـاک کردنـی سیسـتەمی ئەلیکترۆنـی دەنگدان لـە لایــەن هاکەرەکانــەوە بگیرێــت.

بــە وتــەی لێکۆڵەرێکــی زانســتی کۆمپیوتــەر لــە وڵاتــی کەنــەدا، دابیــن کردنــی ئەمنییــەت بــۆ هەڵبژاردنــی ئۆنلایــن زۆر مەحاڵـە وهاکـەرەکان دەتوانـن بـە هـاک کردنـی تـۆڕی داتــاکان ئەنجامــەکان بــۆ لای خۆیــان ڕاکێشــن وگۆڕانیــان بەســەردا بێنــن.

بــە وتــەی ئــەم پســپۆڕە ئــەو کۆدانــە کــە یــەک لــە دوای یـەک لـە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکیتر دەنێردرێن، لـە بەشـێکی زۆری ســێرڤێرەکان بوونیــان هەیــە وهاکــەرەکان دەتوانــن بــە ســانایی وبــە هاوئاهەنگــی لەگــەڵ کەســێک کــە دەســت ڕاگەیشــتنیان هەیــە بــە ســێرڤێرەکان، کــۆدەکان دەســبخەن وسیســتەمەکە هــاک بکــەن ( J.M. Porup, 2018 )

جگـە لـە کێشـەی هاککـردن چەنـد خاڵێکـی تـری نەرێنـی هــەن لەوانــەش:

- دەســت نەگەشــتنی هەمــوو تاکێــک بــەو کەرەســانەی لـەم شـێوازەدا دەنگیـان پێدەدرێـت بەهـۆی نەبونـی تـۆڕی

ئینتەرنێت یان، نەبوونی کۆمپیوتەر ومۆبایل.

– نەخوێندەواری تەکنەلۆژی واتە ناشارەزایی کەسەکان لە بەکارێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە.

– ناپارێزراوی سیستمی دەنگدانەکە لەڕێگەی هاکەرەکانەوە. کە پێشتر لە ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی رای گشتی ئەلیکترۆنی ئاماژەمان پێکرد.

جۆرەکانی دەنگدان لەم سیستمەدا:

– دەنگدانی ئامێری: ئەم شێوازە ئامێری دەنگدان بەکاردەهێنێت کە دەکرێت دەستی یان ئەلیکترۆنی بێت. لە وڵاتی بەڕازیل، دەنگدەران ژمارەی پاڵێوراوەکە دەنووسن کە دەیانەوێت دەنگی بۆ بدەن ودواتر بە دەرکەوتنی وێنەی پالێوراوەکە لەسەر شاشەی ئامێرەکە دەنگەکەیان دووپات دەکەنەوە.

–دەنگدانی سەرهێڵ: لە هەندێک لە وڵاتان هاووڵاتییان ڕێگەپێدراون لەسەر هێڵی ئینتەرنێت دەنگبدەن. وڵاتی ئیستۆنیا یەکێک بوو لە یەکەمین وڵاتەکان کە تێیدا دەنگدانی سەرهێڵی بەکارهات لە دەنگدانی ناوخۆیی ساڵی ٢٠٠٥.

– دەنگدان بە نامە (پۆستە): چەندەها وڵات ڕێگە دەدەن بە دەنگدانی نامە کە دەنگدەران پێشنیار وپاڵێوراوەکانیان بە نامەیەک بۆ دەڕوات وپاشان دەنگەکە بە پۆستە بۆیان دەگەڕێتەوە.

## راپرسی ئەلیکترۆنی:

شێوازێکی ئەلیکترۆنییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەڵوێستی رای گشتی ئەلیکترۆنی وشێوازێکە بۆ زانینی هەڵوێستی بەشداری هاووڵاتییان لە پرسێک یان بابەتێک یان داخوازییەک بە پاڵپشتی کردن یان رەتکردنەوە، تەکنیکێکە لە رێگەیەوە رای خەڵ وەردەگیرێت لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، بەمەبەستی زانینی ئاراستەکانیان.

راپرسی ئەلیکترۆنی لە رێگەی ئینتەرنێتە ئەنجام دەدرێت. فۆرمێکی ئەلیکترۆنی ئامادە دەکرێت ودەکرێت لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە بنێردرێت بۆ بەکاربەران، هەروەها دەشکرێ بڵاوبکرێتە لە پێگەکان وداوا لە بەکاربەران بکرێت کە کاتێکی بۆ تەرخانکەن بۆ وڵامدانەوە وبەشداریکردن. کەواتە دەکرێت بگوترێت هۆکارێکە رێگە بە بەکاربەری میدیای نوێ دەدات بەشداربێت لە دەنگدان.

## یاداشتنامە ئەلەکترۆنییەکان العرائض الالکترونية:

بریتییە لە نامەیەک یان گوتارێکی نمایشکراو، لە پێگەیەکی ئەلیکترۆنی گشتی یان لەڕێگەی دروستکردنی پێگەیەکی تایبەت بە بابەتی یاداشتنامەکە دادەنرێت، دەکرێت لەڕێگەی لینک ولیستی ئیمەیلەکانەوە بنێردرێت،

یان لەسەر پێگە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوبکرێتەوە، بەمەبەستی بەشداریکردنی بەکاربەر سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، یان داواکاری بۆ وەرگرتنی هەڵوێست، یان ڕەدکردنەوەی بڕیارێک یان یاسایەک وهاندانی کەسانی گرنگی پێدەری بابەتەکە بە واژۆکردنی یاداشتنامەکە.

ئەمەش لەڕێگەی نوسینی ناو وئیمەیل وئیمزاکردن لەسەر ئەو لاپەڕەیەی کە دیزاین کراوە بۆ بابەتەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین واژۆ. ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە لە یادشتنامە ئەلەکترۆنییەکەدا باباتەکە روون کراوەتەوە ونووسراوە بۆ نموونە: داوادەکات واژۆ بکرێت بۆ راگرتنی سزای دادگا لەسەر چالاکوانێک کە بەهۆی ئازادی دەربڕینەوە سزای بۆ دەرکراوە....هتد.

یادشتنامە ئەلەکترۆنییەکان بەکاردێن لەجیاتی خۆپیشاندان کە کات و سەرمایەیەکی زۆری دەوێت، ئەمە سەرباری ماندوبوون لەبواری ریکخستن وشوێن. ئەم شێوازە ئاسانتر وباشترە بۆ گەیاندنی بیروڕای داخوازیکاران بە ئەرێنی یان نەرێنی لەسەرتاسەری جیهاندا، سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو بۆ لایەنێکی دیاریکراو یان سەرتاسەری جیهان.( إیمان الخطاف،٢٠٠٧)

یادشتنامە ئەلەکترۆنییەکان بەکاردێن بۆ پشتیوانی کردن لە کەسێک یان رایەکی دیاریکراو، لەڕێگەی پاڵپشتی یان

رەدکردنــەوەی بابەتەکــە، بەکاربــەر بەشــداری دەکات لــە دەربڕینــی رای خــۆی لەمــەودای واژۆکردنــی یادشــتنامە ئەلەکترۆنییــەکان.

# بەشی پێنجەم

# چەواشەکردنی میدیایی

دیاردەی چەواشـەکردنی میدیایی کۆنـە لـە چاو کۆنـی خودی میدیـا ، بـەڵام بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی «چەواشـەکردنی میدیایـی» بـۆ دوو دەیـە دەگەڕێتـەوە، لەلایـەن پسـپۆڕانی جیهانـی هەواڵگـری وبانگەشـەوە. لێکۆڵینەوەیـەک کەلایـەن یەکێک لـە توێژەرانـەوە بـە میتۆدی زانستی و فیکری ئەنجام دراوە ، توخمـە پێکهێنەرەکانی چەواشـەکردن وڕێوشوینەکانی سـەلماندووە. (فرنسـوا جیـری،٢٠١١)

لێکۆڵینەوەکـە بەپێـی میتـۆدی زانسـتی وفکـری ڕەگەزەکانـی فەلسـەفەی چەواشـەکردن وڕێگاکانـی خسـتەتەڕوو، ئـەو لێکۆڵینەوەیـە دیاردەکـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئاڕاسـتە سۆفستائییەکان کـە ئاڕاسـتەی فەلسـەفین، واتـە چەواشـەکردن

پشت بە فەلسەفە دەبەستێت، ئەمەش بۆ هەندێک لە ئاڕاستە سۆفستائییەکان دەگەڕێنێتەوە، کە بەشدارن لە دامەزراندنی فەلسەفەی چەواشەکردنی میدیایی بە تایبەتی چەواشەکردنی قسە و وتار و فەلسەفەی پڕۆپاگەندە و راگەیاندن، لەگەڵ داننان بە رۆڵ وبەشدارییە فیکری وزانستییە گەورەکانی زۆرێک لە فەیلەسوفان و ستراتیژیناسان کە لەڕێگەی کولتووری خۆیانەوە فەلسەفەی چەواشەکردنیان دەوڵەمەند کرد، جا چی بە پشتیوانی کردن بێت لە بابەتەکە یان ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشەکردن بێت.

بەڵگە فیکری ومێژووییەکان پاڵپشتی لەوە دەکەن هەندێک لە ئاڕاستە سۆفستائییەکان پشکی گەورەیان لە دەستپێکردنی بانگەشە و راگەیاندندا هەیە، بۆ ئەمەش پێیان وایە یەکێک لە کۆنترین قوتابخانەکانی وتاردان و ڕەوانبێژی و بانگەشە ئیسکۆراتۆس (ئیزۆقڕات)ی سۆفستایی دایمەزراندووە، لە قوتابخانەی ئیسکڕاتی دەرسی ووتۆتەوە، ئەو قوتابخانەیەی کە سیاسییەکانی یۆنانی فێری هونەرەکانی وتاردان وروانبێژی و پڕۆپاگەندە، وشێوازاکانی دیماگۆجیی وگوتەی زاڵی بەسەر خەڵکدا سەپاند. بەڵام مامۆستای ئیزۆقڕات، گۆرگیاس ئەو کەسە بوو کە پەیوەندی «لۆگۆسی گوتەیی» بە «دۆکسا» واتە «را» روون کردۆتەوە.( کلود یونان، ٢٠٠٩) هەمیشە یەک ئەنجامشی لێکەوتۆوەوە کە

لــە «شـیـێواندن»ی رای گشــتی خــۆی دەبینێتــەوە.( فرنســوا جیـری،٢٠١١)

ئەو بە ووردی چۆتە ناو میکانیزمەکانی زاڵبوونی لۆگۆسی گوتەیــی، بەســەر «را»دا جــا چــی تــاک بێــت یــان کۆمــەڵ، باســی تایبەتمەندییەکانــی لۆگۆســی گوتەیــی «کــەلام»ی دەکات بــەوەی کــە هێمــان بــۆ هێــز ودەســەلات و زاڵبــوون و جادووکردن و تەفرەدان و بەلای خۆدا راکێشان و شێواندن وچەواشــەکردن بــە تــەواوی دەرکەوتەکانییــەوە.

بەپێچەوانــەی «دۆکســا» رای پێکهاتــوو لــە گومــان ونادڵنیاییــدا، و لەبێتاقەتــی، لــە بێتوانایــی ودژبەیەکبوونــدا، گۆرگیاس زاڵبوونی گووتنی بەسەر رادا راگەیاند وسەلماند. ئــەو دەڵێــت: گوتــن قســەکردن بریتییــە لــە دینامیکیەتێکــی جــولاوی تەفــرەدان یــان هانــدان، زاڵبوونــی خــۆی بەســەر رادا فــەرز دەکات، وکاریگــەری لەســەر دادەنێــت وگەمــەی پێـدەکات، بـاوەڕی پێدێنێت، جـادووی لێـدەکات، دەیشـارێتەوە وچەواشــەی دەکات.

(لۆگۆســی گوتەیــی) لەســەردەمی ئێمــەدا خــۆی لــە تــەواوی ئامرازەکانــی بانگەشــە وراگەیانــدن پرۆپاگەنــدە دەنوێنــێ بەجۆرێــک بەکارهێنانــی گوتەیــی وپەیــام وناوەڕۆکــەکان رواڵەتــی جیــا جیایــان هەیــە، لــە خوێنــدراو، نووســراو، تەلەفیزیــۆن، تۆڕەکانــی ئینتەرنێــت، دۆکســا (را) خــۆی لــە

هەمــوو جۆرەکانــی را دەبینێتــەوە رای گشــتی، رای تاکــی ورای جیهانی و باقی راکان و بەهەموو چەشنێکییەوە. (کلود یونــان، ٢٠٠٩)

## چەواشەکردنی میدیایی.. چەمک وپێناسە

چەمکــی چەواشــەکردنی میدیایــی بریتییــە لــە نمایشــی بەشـێک لـە راسـتی یـان بونیادنانـی هەڵـە لەسـەر راسـتییە دیـار و جێگیـر ومتمانـە پێکـراوەکان بەمەبەسـتی بەدیهێنانـی ئامانجـەکان لەئەنجامـی بوونـی ئـەو بونیـادە هەڵەیـەی لـە چەمکەکانـدا هەیـە، یـان تێکەڵاوکردنـی دو چەمـک یـان زیاتـر بەپێـی هاوشـێوەبونیان لەیـەک واتـادا، ئـەوەش لـە نائامادەگـی چەمکـی هـەر رەگەزێـک لـە رەگەزەکانـی تێکەڵاوییەکـە بەجیا.

ئەگــەر ئامرازەکانــی راگەیانــدن توانــای بڵاوکردنــەوەی راســتییەکان و زانیــاری هەبێــت بەمەبەســتی فراوانکردنــی ئاسـۆی تێڕوانیـن، بێگومـان دەشـتوانێت راسـتییەکان چەواشـە بــکات.( محمــد عبدالقادرحاتــم، ١٩٩٤)

«ڤۆلکۆف» لە پێناسەی چەواشەکردن دەڵێت:

چەواشـەکردن کاتێـک بـەدی دێـت کـە مامەڵـە لەگـەڵ هەواڵێکدا دەکات لەپێنـاو ئامانجـی سیاسـی، پێـش ئـەوەی جەمـاوەر رووی وەرچەرخێنێ وچاوەکانـی بکەوێتـە سـەر زانیاریـەکان وەریـان بگرێـت لەبـارەی بابەتەکـە، واتـا لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـە لـە ئەنجامـی نەزانیـن ودرەک نەکردنـە بەشـتەکان.

باشـترین نموونـەش بـۆ ئـەوە بریتییـە لـەو هەواڵانـەی هەڵبەسـتراون بـۆ بردنـەوەی جەنگـەکان. بـەڵام ئەگـەر لـەو دەست نیشـانکردنەوە دەست پێبکەین کە هەمان شیکەرەوە بۆ مەرجەکانی چەواشـەکردن پێشکەشی کردووە، بەجوانی روون دەبێتـەوە کـە تێپەرانـدن یـان روانـدن وبڵاوکردنـەوەی هەوالێکـی هەڵبەسـتراو وهێنانـە دی ئامانجـە دیاریکـراوەکان پێویستی بە سێ مەرجی بنەرەتی هەیە: بوونی جەماوەری بەکاربـەر بـۆ هەواڵـە هەڵبەسـتراو وناتـەواوەکان، زاڵکردنـی مەرامـە سیاسـییە ویسـتراوەکان کـە کار بـۆ هاتنـە دی دەکرێ لـە دوای هەواڵەکـەوە، ولـە کۆتایـی چەنـد ئامرازێـک بەکارهێنـراون بـۆ ئاڕاسـتەکردنی رای گشـی سـەبارەت بـە تەنگژەیـەک یـان ووتارێکـی دیاریکـراو نـەک لـە جێی ئەوانـی دیکـە.( محمـد نبیـل ،٢٠٠٥)

زۆرێـک لـە تێبینـەران و شـیکەرەوەکان، جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەکەنـەوە، کـە دیـاردەی چەواشـەکردنی میدیایـی بەشـێوەیەک بڵاوبۆتـەوە کـە پاڵمـان پێـوە دەنێـت بـۆ لێپرسـینەوە لـە مەرجەکانـی چەواشـەکردن وتوێژینـەوە لـە هۆکارەکانـی گۆڕانـی هەندێـک لـە ئامرازەکانـی میدیـا، بـۆ ئامرازێکـی رامکـراو یـان قۆرخکردنـی بـۆ روانـدن وبڵاوکردنـەوەی هەواڵـە دیاریکـراوەکان، بەئامانجـی شـاردنەوەی راسـتییەکان لەجەمـاوەری وەرگـر لـە پەیامـی

میدیایـی و بەتایبەتـی لەهەلومەرجـی ڕۆژگاری ئێسـتادا، کـە خـووی گرتـووە بـە ململانێـوە بەهەمـوو جۆرەکانـی و بـەو جەنگانـەی کـە جیهانیـان لـە بۆتـەی رق وبچرانـی پەیوەندیـدا نقـوم کـردووە.

فـەزا کۆمەڵایەتییەکانمـان لـە هەمـوو شـوێنێک گـۆڕاوە بـۆ تاقیگەکانـی ئەزموونکردنـی درۆ لەلایـەن دەزگاکانـی میدیـا، بەجۆرێـک کـە ڕاسـتییەکانی گۆڕیـوە بـە وەهمێکـی رووت کـە لەمێشـکی وەرگرەدا دەژیت ودروسـت بـووە بـۆ بەرهەمهێنانـی چوارچێـوە و دەرکەوتـە کۆمەڵایەتییـە مەترسـیدارەکان.

بەگشـتی هەواڵـە چەواشـەکەرەکان بەمەبەسـت وئامانـج لـە زەمینەیەکـی دیریکـراودا دێنـە دی، هـەروەک چـۆن دەبینیـن لـە سـەرەتای جەنـگ وململانێیـەکان ئـەم جـۆرە هەواڵانـە بڵاودەکرێنـەوە، لەپێنـاو سـەرکەوتنی سـەربازی یـان سیاسـی و شکسـتپێهێنانی دوژمـن.

بۆ تێگەیشتن لەم ململانێیە لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە تێی دەڕوانیین، بۆ نموونە: تیۆری دەروونناسی جەماوەری وجەنگی میدیایی یان جەنگی دەروونی. وێڕای ئەوەش لە زەمینەی جەنگ و ململانێیەکان براوە ودۆڕاو هەن. ئەگەر بمانەوێت بەزمانی کۆمەڵناسی سیاسی قسە بکەین، دەکرێ بڵێین لە کاتی ململانێیەکان دەبینین کە دەسەلات بەدەست وژێردەست هەن کە دووەمیان بەرگری لە نەفرەتی هەژموونی دەکات.

بۆیـە لایەنـە ناکۆکـەکان دەیانەوێـت سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـن بەڕێگای جیـاواز بەپێی شـوێنگە وسروشـتی لایەنـەکان. بـۆ نموونـە سـوپا دەیەوێـت ڕۆژنامەنووسـان وەک ئامرازێـک بەکاربێنـێ بـۆ بڵاوکردنـەوەی هەواڵـی هەڵبەسـتراو، ئەمـەش بەڕێگەپێدانیـان بـۆ هاوەڵـی کردنیـان لەمیانـە پرۆسـە سـەربازییەکان. وهەنـدێ جاریـش بـە هـاوکاری ناوەندەکانـی پسـپۆر لـە بڵاوکردنـەوەی درۆیـەکان کەڵـک وەردەگـرن لـە تێپەڕاندنـی هەواڵـی ناڕاسـت و بـۆ ئامانجەکانیـان ڕێـگا و ئامرازەکانـی پیشـەیی بەکاردەهێنـن کـەوا لـە جەمـاوەر دەکات ئـەو هەواڵانـەی وەریـان دەگرێـت بەڕاسـتییان دابنێـن، لانـی کـەم بەشـێوەیەکی کاتییـش بێـت، واتـە تـا هاتنـە دی ئامانجـە سیاسـییەکان کـە پێشـتر نووسـراون.

بڵاوکردنـەوەی هەواڵـی ناراسـت یـان درۆ وجەنگـی دەروونـی بەیەکێـک لـە نەریتەکانـی سـوپا وزۆرێـک لەسیاسـییەکان دادەنرێـت لـە چەندیـن بـوار لـە شـوێنی جیاجیـای جیهـان، وەک بەهایەکـی پێویسـت دادەنرێـت کـە لـەو بـوارەدا پێـی پابەنـدن بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە مەرامـە سیاسـییە دیاریکـراوەکان، ئەگەرچـی وەک بەهایەکـی ئیجابـی لەلایـەن یاسـا کۆمەڵایەتییـەکان تەماشـا ناکرێـت. ( محمـد نبیـل ،٢٠٠٥)

هەندێکـی تـر ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە تـا چالاکـی میدیـای هەبێـت، ئـەوا پرۆسـەکانی چەواشـەکردن لـە شـێوازەکانی

گواستنەوەی هەواڵ ودەستاودەست کردنی، دەبێتە بەشێک لەم چالاکییە بەشێوەیەکی ئاسایی، بەڵام بە زیادبوونی خێرایی بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وپەرەسەندنی ئەو رۆڵە گەورەیەی راگەیاندن هەیەتی لە دەست نیشان کردنی رێڕەوەکانی ململانێ، و بەرزبوونەوەی تای تەرازووی لە بەرژەوەندی هێزێک یان لایەنێکی دیاریکراو لەسەر حیسابی لایەنێکی تر، لەمیانەی رێگایەک بۆ گواستنەوە و دەستاودەستکردنی هەواڵ، گرنگی پەیدا دەکات. هەر بۆیە گرنگە سەرنج وئاراستەی توێژینەوە ئەکادیمیەکان بەشێوەی پسپۆر بایەخ بدەن بە لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی دیاردەی چەواشەکاری میدیایی.(معن الطائی،٢٠١٧)

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگری هۆکارەکانی راگەیاندن یان راگەیاندنی لایەنگر، بەو پێیەی هیچ ئامرازێکی راگەیاندن بێلایەن نییە؛ بەجۆرێک بۆ هەر هۆکارێکی راگەیاندن ئاراستە وسیاسەتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە سەرنجی خاوەنەکەی وئەو کەسەی بەڕێوەی دەبات سەرچاوە دەگرێت، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر رای وەرگرانی.

بەڵام هەمیشە میدیای رۆژئاوا وەک ئەفسانەیەک باس دەکرێت، گوایە راگەیاندنی رۆژئاوایی سەکەوتوو بووە لە سەر بنەمای راستگۆیی وبابەتیبوون، یان سەربەخۆ

بـووه بەتـەواوی، بـەڵام سـادەترین پشـکنین بـۆ ئـەم ئەفسـانەیە، ئەوەیـە کـە پەیرەونەکـردن یـان نەبونـی وردی تێـدا دەردەکەوێـت؛ بەجۆرێـک راگەیاندنـی رۆژئـاوا زۆرجـار، لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندییەکانـی خـاوەن سـەرمایە دێـن دەچـن، ئەوانـەی کـە خـاوەن ئاڕاسـتە ونفـوزی سیاسـین.

ئـەم راگەیاندنـە لـە وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان لـە هێڵـە گشـتییەکان جیـا نیـن؛ بەجۆرێـک ئـەم راگەیاندنـە گوزارشـت لـە بەهاکانـی دیـدگا گشـتییەکانی بڕیاربەدەسـتان وخـاوەن دەزگا دەکات، ئەگەرچـی لـە رەخنەگرتندا زۆر ئـازادە، هـەروەک رۆژنامەوانانی رۆژئـاوا، هاوشـێوەی غەیـری خۆیـان، لەژێـر کاریگەرییەکانـی دارایـی و سیاسـی دان، کـە وا دەکـەن ئـەو وتارانـە بنووسـن، یـان ئـەو راپۆتانـە ئامادەبکـەن کـە لەگـەڵ هەندێکـن ولـە دژی هەندێکـی تـردا دێـن ودەچـن، هەڵدەسـتن بـە هێرشـی میدیایـی قەبـە وخزمـەت بـە ئەجینـدای دیاریکـراو دەکـەن.

راگەیاندنـی بێلایـەن بوونـی نییـە، بێلایەنـی چەمکێکـە، بـەڵام بابەتیبوونـی خـوازراوە، کەلێـرەدا مەبەسـت لێـی هەوڵێکـی میتۆدییـە بـۆ نزیکبوونـەوە لـە راسـتییەکان بەچاوپۆشـین لـە لایانگیرییـەکان. بابەتیبوونـی تـەواو ناکرێـت بـەدی بێـت، بـەڵام هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـتی بـەرزی بابەتیبـوون کۆڵەکەیەکـی گرنگـە بـۆ هـەر ئامرازێکـی راگەیانـدن. (بـدر الابراهیـم، ٢٠١٧)

## زەمینــە یــان کۆنتێکســتەکانی چەمکــی چەواشــەکردنی میدیایــی لــەڕوی نێودەوڵەتیــەوە:

سـەرچاوەکان ئاماژە بـەوە دەکەن کە، وشـەی چەواشـەکردن بەکارهێنراوە لەلایـەن سۆڤییەتیەکان لـە سـەرەتای بیستەکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە مانـای ئـەو هەڵـە کوشـندانەی کـە دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکان دەیدەنـە پاڵ کۆمارییەکانی یەکێتی سـۆڤییەت. نووسـەر ‹گای دیرانـدیـن› پێیوایـە کـە وشـەی چەواشـەکردن (desinformation) فەرەنسـی وەرگێڕانـی حەرفی ووشـەی (dezinformatsia)ی رووسـییە. ئەم ووشـەیە لـە سـاڵی ١٩٤٩ هاتۆتـە نـاو فەرهەنگی رووسـی، وشـەکەی وا پێناسـە کـردووە کـە بریتییـە لـە «ئامرازێـک بـۆ خسـتنە نـاو هەڵـە لەڕێگـەی هەواڵـی درۆوە». پاشـان ئـەو وشـەیە لــە فەرهەنـگ نامــەی سـۆڤییەتی گـەورەدا لەسـاڵی ١٩٥٢ دەرکـەوت بەواتـای «بڵاوکردنـەوەی زانیـاری درۆ (لەڕێگـەی ڕۆژنامـە ورادیـۆ و بێجگـە لەمانـە) بەمەبەسـتی بەلارێبردنـی رای گشـتی. ڕۆژنامـە و رادیـۆی سـەرمایەداری بەکاردێـن بـە شـێوەیەکی فـراوان بـۆ بەلاڕێبردنـی گـەلان و خنکاندنیـان لــە درۆ ودەلەسـە.( لطفـی حیـدوری، ٢٠١٧ نقـلآ عـن فهـد الشـميري، ٢٠٠٩)

چەمکــی (Disinformation ) لــە شەســتەکانی ســەدەی بیســتەم گوازرایــەوە نێـو زمانــی ئینگلیســی بــە واتــای دزە

پێکردنـی مەبەسـتدار بـۆ زانیارییـە چەواشـەکارەکان، پاشـان لـە ١٩٧٤ بـۆ یەکـەم جـار لـە فەرەنسـا سـەری هەڵـدا ولـە سـەرەتای هەشـتاکانی هەمـان سـەدە چـووە نێـو فەرهەنگـی فەرەنسـییەوە، کـە لـە بنەرەتـدا ئامـاژە سیاسـیەکان لەخـۆ دەگرێـت. مەبەسـت لێـی بەهەڵـە بردنـی رای گشـتی وگێـل کردنـی یـان هێشـتنەوەی بەنەزانـی سـەبارەت بـە کێشـی ترسـناکەکان.( مجـد نبیـل محمـود عثمـان، ٢٠١٥ )

هەروەهـا پێناسـەی دیکـە دەرکەوتـن. لـە فەرهەنگی سیاسـی بچـووک چاپـی١٩٧٨ ، کـە جەخـت لـە سـەر ریشـەی فەرەنسـی وشـەی چەواشـەکردن دەکاتـەوە وبـەم شـێوەیە پێناسـەی دەکات:

چەواشـەکردن بریتییـە لـە هەواڵێکـی درۆی ئاڕاسـتەکراو، لەڕێگـەی پیشـاندان وخسـتنەڕووی وەک راسـتی وپێشکەشـکردنی بـە وەرگـر، بەمەبەسـتی تێوەگلانـی رای گشـتی لـە هەڵـەدا. چەواشـەکردن بەشـێوەیەکی فـراوان لەلایـەن رۆژنامەوانـی بـورژوازی و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن بەکاردێـت، و جۆرەکانـی دیکـە لـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن، وادادەنرێـت باشـترین چەکـە لـە هێرشـە دوژمنکارییـەکان بـۆ سـەر سۆشـیالیزم، ولاتانـی کۆمۆنیسـتی.( لطفـی حیـدوری، ٢٠١٧ نقـلآ عـن فهـد الشـمیمري، ٢٠٠٩)

ڤیکتـۆر ئاڤانسـیاف بەرێوەبـەری رۆژنامـەی براڤـدای

سـۆڤیەتیی پێیوایـە، کـە بیرۆکـەی ئـازادی رۆژنامەگـەری پاسـاوێکە بۆ چەواشـەکردن، بۆ پاسـاوی ئـەم رایـەی دەڵێت: ئەزمـوون ومێـژوو فێـری کردیـن کـە دروشـمی ئـازادی رۆژنامەگـەری دەکرێـت بـەکار بهێنرێـت بـۆ ئاڕاسـتەکردنی عەقڵ و چەواشـەکردنی جەماوەری بەرفراوان و ئیدارەکردنی گەمەیەکـی سیاسـی ناپـاک، وجوانکردنـی ئـەو هێزانـەی دوژمنایەتـی سۆشـیالیزم و شۆرشـی پێچەوانـە دەکـەن.

بۆیـە ئـازادی رۆژنامەوانی بـەم شـێوەیە شـتێک نییـە بێجگـە لـە ئـازادی بـۆ هەڵـە کوشـندەکان وچەواشـەکردن. ئەگەرچـی دەقـە سـۆڤیەتیەکان وایدادەنێـن کـە چەواشـەکردن ئامرازێکـی بێگانـە وبورژوازییـە، بـەڵام دەزگاکانی هەواڵگری لەسـەرەتاوە بەکاریـان هێنـا. بەجۆرێـک لـە مۆسـکۆ لەنێـوان سـاڵانی ١٩١٧ و١٩٢٢نووسـینگەی چەواشـەکردن لـە چەقـی دەزگای tcheka لیژنـەی نەهێشـتنی شۆڕشـی پێچەوانـە دامـەزرا. (غوسـتاڤ لوبـون، ١٩٩٧)

رێبـەری هەواڵگـری رووسـی دوو رەهەنـدی سـتراتیژی و تەکتیکـی بـۆ چەواشـەکردن لێـک جیادەکاتـەوە:

- رەهەنـدی سـتراتیژی: لەڕێگـەی پاڵپشـتی دەوڵـەت بـۆ جێبەجیکردنی کارەکان لەمیانە بەهەڵـەدا بردنی دوژمن لەوەی پەیوەسـتە بـە سیاسـەتەکانی دەوڵـەت. و ئـەم سـتراتیژییە لـە لایـەن بەرزتریـن ئاسـتی بـاڵا دەستنیشـان دەکرێت.

– ڕەهەندی تکتیکی: ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی KGB لەمیانەی چاندنی زانیاری هەڵە لەناو دەزگاکانی هەواڵگەری دوژمن. لە قۆناغێکی دیکەدا وشەی چەواشەکردن بەکارهاتووە لە فەرەنسا لە گوتارێک کە لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ وەسفکردنی ئەو ڕێگایەی، کە بەهۆیەوە ستالین هاوشانەکەی ڕۆزڤڵت قەناعەت پێکرد بەوەی کە ئەو تەنیا نێوانگیرێکە لەنێوان حیزبی کۆمۆنیست ودەوڵەت.

ستالین داوای لە ڕۆزڤڵت کرد کە متمانەی پێبکات تا کاتێک دەتوانێت هاوڕێکانی لە حیزب و دەوڵەتدا گەمارۆ بدات. بەمەش ستالین سەرکەوتوو بوو لە ئاماژە کردن بە بوونی دوو باڵ لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران کە یەکێکیان توندڕەو وئەوی دیکە میانەڕەوە.

سەبارەت بەم بابەتە ئەکادیمیای فەرەنسی لە مانگی پێنجی ساڵی١٩٨٠ پشتی بە وشەی چەواشەکردن بەست ولە فەرهەنگەکەدا ئەم پێناسەیەی بۆدانا:

چەواشەکردن پرۆسەیەکی پەیوەستە بە بارودۆخ وهەلومەرجەوە، یان پرۆسەیەکی بەردەوامە بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکان ئامانجیەتی دوژمن بەهەڵەدا بەرێت، هەروەها بریتییە لە پیلانگێڕی وتێکدان لە ریزەکانی دوژمن بەئامانجی کزکردنی.

چەواشەکردن کارێکی دژمنکارانەیە ئامانجییەتی دوژمن

لاواز بـکات لەڕێگـەی شـێواندنی زانیارییـەکان وبەفیرۆدانـی هێزەکانـی لـە سـەر بڕیـاردان. لەئەنجامـدا دەبێتـە هـۆی بەهێزبونـی دەسـەڵاتی چەواشـەکەر لەبەرامبـەر لاوازکردنـی دەسـەلاتی دوژمن بۆ کاردانەوە.(لطفی حیدوری،٢٠١٧، نقلاً عـن المجلـس الوطنـي للحريـات بـتونس) .

سـەرچاوەکان ئامـاژە بـە چەندیـن جـۆر چەواشـەکردن دەکـەن (فهـد الشـميمري،٢٠١٠).

• چەواشـەکردن لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی لایەنگـر «الانتقائيـة المتحيـزة» کـە هەندێـک لـە وشـە وڕاسـتی و سـەرچاوەکان هەڵدەبژێرێـت وهەندێکـی تـری فەرامـۆش دەکات. هەندێـک لـە راسـتییەکان لەبەرچـاو دەگرێـت وهەندێکـی تـر فەرامـۆش دەکات.

• چەواشـەکردن بـە گەمەکـردن بـە زانیارییـەکان و ریزبەنـدی راسـتییەکان، بەجۆرێـک مانـا وسـەرنجێکی دیاریکراویـان لەسـەر دروسـتبێت، وراڤەکردنیـان بەشـێوەیەک دیاریکـراو بـۆ بکرێـت کـە پێچەوانـەی واقیعـن.

• چەواشـەکردن بـە پشتگوێخسـتنی زەمینـەی ڕووداوەکان، کـە وای لێدەکات کـەم وکـوڕ وشـێواو بن، بـە جۆرێک کەسـی وەرگـر نەتوانێـت تێیـان بـگات.

• چەواشـەکردن بـە تێکەڵاوکـردن، وجیانەکردنـەوە لەنێـوان هـەواڵ لـە رویەکـەوە و را وشـیکردنەوە و کۆمنێت لەسـەردان

لـە رویەکـی تـرەوە، وەرگـر نازانێـت ئایـا ئەمـە بەشـێکە لەهـەواڵ یـان رای رۆژنامـەوان وبۆچونیەتـی.

• چەواشـەکردن بـەو زانیارییانـەی کـە هیـچ پەیوەندییەکیـان بـە رووداوەکـەوە نییـە، لەسـەر حیسـابی راسـتییە گرنگـەکان.

• چەواشــەکردن بــە ناونیشــان وپێشــەکی ئــەو هەواڵانــەی پشـت بـە زێدەرۆیـی وتۆقانـدن وناڕوونـی و زانیـاری ناتـەواو دەبەسـتن، کـە ناگونجێـت لەگـەڵ ناوەڕۆکـی هـەواڵ یـان ناوەڕۆکـی رۆژنامەوانـی.

• چەواشــەکردن بــە بەکارهێنانــی وشــە ودەســتەواژەی دیاریکـراو سەردەکێشـت بـۆ دەرکردنـی بڕیاریـک بـە رەتکردنـەوە وهەڵوێستەکردن لـە بارەی، کەسایەتیی وگـروپ و دەوڵەتـەکان، بـە سـەپاندنی بۆچونێـک یـان رەتکردنـەوەی.

• چەواشــەکردن بــە بەبانگەشــە کــردن بــۆ هاوســەنگی لەنێـوای دوو را بەتەنیـا، و دوو بـژاردە نـە هـی تـر، لەگـەڵ پشتگوێخسـتنی بۆچونـی تـر بەمەبەسـت، دیارنەمانـی زۆرێـک لـە ئەگـەر و بۆچوونـەکان و چارەسـەرییەکان.

• چەواشــەکردن بــە هەڵبژاردنــی ئــەو پــرس و کێشــانەی هەڵبەسـتراون، و دوورکەوتنـەوە لـە پرسـەکانی تـر کـە پەیوەسـتن بـە جەمـاوەر، وبەشـدارن لـە دروسـت کردنـی هۆشـیاری دروسـت.

• چەواشـەکردن بـە خنکاندنـی جەمـاوەر بـەو زانیارییانـەی

کـە گرنـگ نیـن بـۆی، ناپێویسـتن، کـە بـە زانیـاری پاشـماوە نـاو دەبرێـت.

• چەواشـەکردن بەزێدەڕۆیی کـردن لـە بڕێکی زۆر گـەورە لەزانیارییـەکان، کـە وەرگـر ناتوانێـت پەیوەنـدی لەنێوانیانـدا دروسـت بـکات یـان راڤەیـان بـکات، کـە دەیخاتـە بـەردەم بیرکردنـەوەی نەرێنـی و هەسـتکردن بـە بێتوانایـی لەبـەردەم لێشـاوی زانیارییـەکان.

• چەواشـــەکردن بەسـەرنج لادان لــە پرســێک بەتیشــک خســتنە ســەر پرســێکی تــر، ســنووردارکردنی بیرکردنــەوە تیایــدا، پەرتەوازەکردنــی ســەرنج لەپرســە ســەرەکییەکە.

• چەواشـــەکردن بــە کوێرکردنــەوە و بزرکــردن ولادان و پشتگوێخسـتن، جـا لەبـارەی پرسـێکەوە بێـت یـان ڕووداوێـک یـان کێشـەیەک، کـە وادەکات لـەدەرەوەی هۆشـیاری جەمـاوەر بێـت.

• چەواشـــەکردن بەگەورەکــردن وتۆقانــدن، بــۆ پرســێک یــان گرفتێــک، تــا ســەرنجێکی نادروســت لای جەمــاوەر بــە قەبارەکــەی جــێ بهێڵێـت.

• چەواشـەکردن بـە سـووککردن و کەمکردنـەوە لـە نرخـی شـتێک، ئەگەرچـی گرنگیـش بێـت بـۆ جەمـاوەر و پەیوەنـدی بـە بەرژەوەنـدی و گرنگـی پێدانەکانیانـەوە هەبێـت.

• چەواشـــەکردن بــە جیاکردنــەوە و بــەش بەشــکردن،

سنووردارکردن و گفتوگۆ لە شتە بەشییەکان بەتایبەتی، دابڕانی لە چوارچێوە گشتییەکەی، زەمینە سروشتییەکەی وێنە کاملەکەی.

• چەواشەکردن بەهەڵگەڕاندنەوەی وێنە، تاوانبار وەک قوربانی دەرکەوێ، قوربانی وەک تاوانبار ودەست درێژیکار.

• چەواشەکردن بە دەستەواژەی دروستکراو و داتاشراو، کە چەمکێکی دیاریکراو دەگرێتە خۆ و دەچەسپێنێت کە بگونجێت لەگەڵ بەرژوەندییەکانی دروستکەری چەمکەکە، کە هەستاوە بە بەکارهێنان وبرەوپێدانی، تا ئەو راستییانە بزر بن وهۆشیاری نادروست بەرهەم بێنێت.

• چەواشەکردن بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی کە لەوانەیە دروست بن وهەمووان قەبوڵیان بێت، بەڵام بەمەبەست بەکاردێن لە زەمینەیەکدا کە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە.

• چەواشەکردن بە ئامار وراپرسییە نادروستەکان، یان ئەوەتا هەر ئەنجام نەدراون یان پڕن لە هەڵەی جێبەجێکردن کە سەردەکێشێت بۆ ئەنجامەکان.

• چەواشەکردن بە خوێندنەوەی خەڵەتێنەر بۆ ئامار وراپرسییە دروستەکان، بەڵام گەمە دەکرێت بە رێگای خستنەڕوو و شرۆڤەکردنیان، جا لەرێگەی گەمە کردن بە وشە بێت یان بە شکڵ وشێوە ئامارییەکان.

• چەواشـــەکردن بـــە وێنـــە، یـــان لـــە چۆنیەتـــی گرتنـــی، یـــان گۆڕینـــی ناوەڕۆکـــی، دەســـتکاری کردنـــی ڕەنگـــەکان، یـــان زیادکردنـــی وێنـــەی کەســـانی تـــر یـــان لادانـــی، یـــان بانگەشـــێ بکرێـــت کـــە ئـــەو وێنەیـــە وێنەیەکـــی واقیعیـــە لەکاتێکـــدا هەڵبەستراوە تاکو بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو دروست بکات.

• چەواشـــەکردن بـــە هەڵبژاردنـــی وێنەیەکـــی ڕاســـتەقینەی کەســـێک یـــا ن ڕووداوێـــک، بـــەڵام لـــە گۆشـــەیەکی دیاریکـــراو گیـــراوە، یـــان لـــە ســـاتێکی دیاریکـــراو، تاکـــو پەیامێکـــی چەواشـــەکەر دروست بکات لەبارەی کەسێک یان هەڵوێستێک یـــان ڕووداوێـــک.

• چەواشـــەکردن بە کاریکاتێری سیاسی و کۆمەڵایەتی، تا خەڵـک وەک شـتێک بـۆ خۆشـی و دڵنەوایـی تەماشـای بکـەن، لەکاتێکدا ئەمە را وهەڵوێستی کاریگەرە، کە تایبەتمەندییەکانی وشـە و تایبەتمەنـدی وێنـە بەیەکـەوە کـۆ دەکاتـەوە.

• چەواشـــەکردن بـــە هەڵبژاردنـــی لاوازتریـــن و خراپتریـــن کەسـایەتی تاکـو نوێنەرایەتـی پرسـێک بـکات لـە گفتوگۆیـەک یـان ڕووداوێکـی میدیایـی، تاکـو پرسـەکە گرنگـی خـۆی لـەدەس بـدات یـان بشـێوێت لەڕێگای ئـەو کەسـایەتییە خراپـە یـــان لاوازەوە.

• چەواشـــەکردن بـــە گفتوگـــۆی شـــێوێنەر کـــە پرســـە سـەرەکییەکە تیایدا بزر دەبێت، درێژدادڕی دەکرێت لـە شـتە

لاوەکییە بچوکەکان، کە خاوەن کاریگەری سنووردارن لەسەر پرسە سەرەکییەکە.

- چەواشەکردن بە دوبارە کردنەوەی بیرۆکەیەکی نادروست و چەسپاندنی بەشێوەیەکی هەڵە، پاڵپشتکردن لە رەفتاری لادەر وچەسپاندنی بەهەر شێوەیەک بێت، ئەمەش لەرێگەی دووبارەکردنەوەی بەردەوام تاکو جێگیر دەبێت لە هزری جەماوەردا. ( بدر الابراهیم،٢٠١٧)

هەندێکی تر پێیان وایە کە شێوازاکانی چەواشەکردن هەمەچشنن، بەڵام بەکورتی یەکێک لە شێوازەکانی پەیڕەوکراو لە چەواشەکردن دەگرێتەوە، کار کردن بۆ یاریکردن بە سۆزە مرۆڤایەتییەکان کارێکی بنەرەتییە بۆ خزمەتی ئامانجی ئامرازەکانی راگەیاندن، لەوانەیە تێبینی ئەو دارشتنە هەواڵیانە بکرێت لە چوارچێوەی ئەم یاریکردنە بە هەست وسۆزی وەرگر، لەگەڵ رەخساندنی زەمینە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، راستکراوە یان هەڵبەستراو، تاکو جۆشدانی هەستەکان بە تەواوی بێتە دی.

چیتر لایەنگر گوزارشت لەخۆی ناکات لە ریزبەندی هەواڵەکان، سەرنجدانی جەماوەر بۆ هەواڵێک یان پشتگوێخستنی، و چیتر بریتی نییە لە دارشتنی پێشینەکانی خەڵک و گرنگیپێدانیان بە هەواڵێکی دەرچوو، بەڵکو زۆر لەوە زیاتر گەمە بە هەواڵەکان دەکات.

لـەم چوارچێوەیـەدا، فیلێکـی دیکـە هاتۆتـە دی، کـە خـۆی لـە بوونـی «چێشـتخانە»ی هەواڵسـازییدا دەبینێتـەوە، تیایـدا ئـەو هەواڵـە سـاز دەکرێت کـە ناوەڕۆکەکـەی و دارشـتنەکەی لەگـەڵ ئەجینـدای دیاریکـراو بگونجێـت، هەواڵێـک دەردەچێـت تاکـو بەسـەر ئامرازەکانـی راگەیانـدن دابـەش بکرێـت، لـە رۆژنامـە و کەناڵەکانـی راگەیانـدن و پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان.

هەروەها کۆمەلێک لـە کارمەندان لـەو کەناڵانـەدا کار دەکەن برەو بـەو هەواڵانـە دەدەن لـە پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، بـە خێرایيەکـی بـەرز بڵاودەبێتـەوە، کـە وەرگـر وبەکارهێنـەر دەکەونـە بـەردەم شـەپۆلێکی فـراوان لـە هەمـان هـەواڵ، لـە کۆمەڵێکـی زۆر لـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن، بێئـەوەی سـەرنج بدەنـە ئـەوە کـە هەمـوو ئامرازەکانـی راگەیانـدن هەواڵەکەیـان لـە هەمـان سـەرچاوە وەرگەرتـووە کـە ئـەو هەواڵـەی سـاختە کردووە، واتـە سـەرچاوەی جیـاواز بـۆ هەواڵەکـە بوونـی نییـە، بەڵکـو یـەک سـەرچاوەیە بـەڵام بـە کەنالـی جیـاواز.

هەمـوو ئامرازەکانـی راگەیانـدن بەشـدارن لـە نوقمکردنـی خەڵک بـە هـەواڵ و زانیـاری، بـەو مەبەسـتەی ئاڕاسـتە کـراون. بڵاوکردنـەوەی هەواڵـەکان بـە بەردەوامـی وبەلێشـاو، لەبـارەی پرسـێکی گرنـگ، لەڕێگـەی دووبارەکردنـەوەی بانگەشـە وپڕۆپاگەنـدە، گەلەکۆمـە کـردن و ئامادەکـردن، بـە پاڵەپەسـتۆ خسـتنە سـەر جەمـاوەر، وهەسـت وسـۆزیان بەشـێوەیەکی

نەپچڕاو وبەدەوام، هەتا ئەگەر وەرگر گومان بکات لە هەواڵێک یان دوو هەواڵ، ئەوا ناتوانێت لە بەر لێشاوی بەخۆڕی هەواڵ و زانیارییەکان خۆی بگرێت.

هەر زۆر لەوەش زیاتر، وەرگر ورد نابێتەوە لە سەرچاوەی هەواڵ، لێرەدا مەبەست سەرچاوەی یەکەمینی هەواڵەکانە، نەک گوێزەرەوەی هەواڵ لە کەناڵەکان و پێگەکان.

ئەگەر وەرگر وردبێتەوە لە هەواڵەکان هەواڵی زۆر دەبینێت لە ناوچەکانی ململانێ و جەنگەکان، دەسپێردرێتە «چالاکوانان» یان «چاودێران»یان «گەواهیدەران» بەو پێیەی سەرچاوەی یەکەمن لە هەواڵ، کە ئەمڕۆ بوونەتە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ هەواڵەکانی زۆرێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە پەنایان بۆ دەبرێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەک ئیستسنائی، وئەو چالاکوانانە نەناسراون، بێجگە لەوە کە ئەوان زۆرجار بەشێکن لە ململانێی بەرپا بوو، بێلایەن نین، لەوانەیە هەندێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەوانی دروست کردبێت، نەک تەنها بۆ پەخش کردنی هەواڵێک، تاکو بیداتە پاڵییان.

بەڵکو وێنەکانیش بەکاردێن بۆچەواشەکردن وخەڵەتاندن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەبێ سەلماندن دەیگوازنەوە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژی وبەرنامەکان، دەکرێت وێنەیەک دروست بکرێت بەتەواوی پێچەوانە بێت لەگەڵ

ئـەوەی لـە راسـتییدا هەیـە، هـەروەک دەکرێـت ئامرازەکانـی راگەیانـدن وێنەیـەک بگوازێتـەوە کـە لـە وڵاتێـک روویـداوە، واپیشـانی بـدات کـە لـە وڵاتێـک و کاتێکـی تـردا روویـداوە.

ئـەم شـێواندنە زۆرجـار مەبەسـتییەتی هەسـتەکانی خەڵـک بـۆ لای خـۆی رابکێشـێت، و کەمێـک لـە وەحشـییەت بگرێتـە خـۆ تاڕادەیەکیش خوێنـاوی کـە عەقڵـی بینـەر بێهـۆش دەکات لەبـەر توندوتیژییەکی لەڕادەبـەدەر لەسـەر دەروونـی وەرگـر.

هەندێـک لـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن سـوود لـەم وێنەیـە وەردەگـرن بـۆ چاندنـی رق وکینـە، وهەڵگیرسـاندنی ناتەبایـی وئـاژاوە لـە کۆمەڵگادا، لەڕێگـەی راڤەکردنـی وێنەکـە لەمیانـەی پێکهێنــەرە کۆمەڵایەتییــەکان لــە ناوچەکــە، لەســەر بنەمــای خێڵەکێتــی وتایەفەگــەری. ( بــدر الابراهیــم،٢٠١٧)

بەشــێکی تــر پێیــان وایــە لێکۆڵینــەوە لــە چەواشــەکردنی میدیایــی لــەو پرســە نوێیانەیــە، کــە لــە بــواری ئەکادیمــی و میتـۆدی پەیوەنـدی بـە چالاکـی راگەیانـدن هەیـە، بەهەمـوو ئاســتەکانی خوێنــدراو و بیســتراو و بینــراو؛ پێیــان وایــە چالاکـی راگەیانـدن لـە کۆنتریـن چالاکییەکانـی مرۆڤـە، کـە پەیوەسـتە بـە زەرووەرەتەکانـی پەیوەنـدی لەنێـوان گروپـەکان و سروشــتی ئیدارەدانــی ئــەو پەیوەندییانــەی نێوانیــان بــێ جیـاوازی، لەسـەر ئاسـتی ململانـێ یـان هـاوکاری دوولایەنـە، وەک چـۆن راگەیانـدن بـۆ بەڕێوەبردنـی پەیوەندییـەکان

لەلایـەن دەسـەڵاتی حاکـم و زاڵ ئەنجـام دەدرێـت.

تـا چالاکـی راگەیانـدن بـەردەوام بێـت، پرۆسـەکانی چەواشـەکردن لـە شـێوازەکانی گواسـتنەوەی هـەواڵ و دەسـتا ودەست کردنی، دەبێتە بەشێک لەو چالاکییە بەسروشتی خۆی. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی پرسی بزاوتی سیاسی وکۆمەڵایەتی، و زیادبوونی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی، کە راگەیاندن دەیگێرێت لە دەستنیشانکردنی ڕێڕەوەکانی ململانێ، و زاڵکردنی تایەکی تەرازو بۆ بەرژەوەندی هێزێک یان لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنێکی تر. (معن الطائی، ٢٠١٧)

بەتوندتربوونـی پێکدادانەکـە جەنگـی سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگاکان وکەوتنی کوژراو وبریندار و پاشەکشێی کاریگەری سیاسی و مەعنەوی لەسەر جەماوەری پەیوەندیدار، و گۆڕانی شێوازە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕەفتارێک کە لایەنگرانی بانگەشە و جەنگی دەروونی حەز ناکەن پێی حکومەتەکان و حیزبە سیاسیەکان و دەستە کۆمەڵایەتییەکان لەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بنەما پیشەیی دادپەروەری رەفتار ناکەن، پەنا دەبەنە بەر سیاسەتی چەواشەکردنی میدیایی، هەر لە درۆ هەڵبەستن بەمەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و دروست کردنی وێنەکی هزری، کە یارمەتییان دەدات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان.

ئەو لایەنانە جەماوەرەکەیان هاندەدەن بە چەواشەکردنیان

بەئامانجـی پشـتیوانیکردنیان پێـش لـە رکابەرانیـان، چونکـە ئامانجەکانیـان زۆرجـار قەبوڵکـراو نیـن لـە لای وەرگـر (خوێنـەران، گوێگـران، بینـەران، بەکاربـەران) تەنیـا بـە جوانکردنـی وێنەکانیـان بەرگـری لـە خۆیـان دەکـەن.

لەژێـر سیاسـەتی چەواشـەکردنی میدیایـی شـێوازی هەمەچەشـن هـەن، زیـاد و کـەم دەکـەن. لەگـەڵ پێشـکەوتنی زاسـتی پەیوەندییـەکان لـە سـایەی زانسـتی راگەیاندنـی نـوێ چەواشـەکردنی میدیایـی پـەرەی سـەندووە.

**ئامانجەکانی چەواشەکردنی میدیایی**

هێربـرت شـیلەر بـەم شـێوەیە ئامانجەکانـی چەواشـەکردنی میدیایـی ریزبەنـد دەکات (مجـد نبیـل محمـود عثمـان، ٢٠١٥)

• نەرێنـی بـوون: یەکێـک لـە ئامانجەکانـی چەواشـەکردنی میدیایـی بریتییـە لـە نەرێنـی بوونـی تاکەکەسـی، ئەمـە دواتـر دەگۆڕێـت بـۆ نەرێنـی بوونـی بـە کۆمـەڵ، ئەمـەش وادەکات کۆنترۆڵکردنـی عەقڵـەکان ئاسـانتر بێت لـە سـەرکردایەتیکردنی گروپـە ئەرێنییـەکان، ئەگـەر ئـەم دیاردەیـە ئاوێتـەی رای گشـتی ببێـت واتـە رای گشـتی توشـی نەرێنی بوونـی تەواوەتـی بێـت، ئـەوکات دەکرێـت دەسـبەرداری چەواشـەکردنی میدیایـی ببیـت چونکـە رای گشـتی کۆنتـرۆڵ کـردووە.

• خاڵیکردنـەوەی هەڵچوونـەکان: لەوانەیـە نەرێنـی

بوونـی تاکەکەسـی یـان بەکۆمـەڵ روبـدات، بـەڵام گەرەنتـی بەردەوامبوونـی ئـەم نەرێنـی بوونـە و وازهێنـان لـە کردارەکانـی نییـە، لەوانەیـە هەندێـک لـە رەگـەزەکان هەوڵـی گۆڕانـکاری بـدەن، لای ئـەو هێـزە کۆمەڵایەتییانـە پاشـخانێک لـە هەڵچـوون و چەپانـدن هەیـە، ئاسـاییە ئـەو هەڵچـون و چەپاندنـە بارگاویانـە خاڵـی ببنـەوە بـە شـێوازی جۆراوجـۆر و بەرنامـە بۆدارێـژراو بـەرەو عەقڵـی سـڕکراو یـان نیمچـە سـڕکراو، دواتـر ئەسـتەمە بەئـاگا هێنانـەوەی کـەس یـان کۆمەڵگـە سـڕکراوەکە، پرۆسـەی خاڵیکردنـەوەی ئـەم حاڵەتانـە لەرێگـەی ئاراسـتەکردنی عەقڵەکانـەوە رودەدات.

- ئاراسـتەکردنی کلتـووری : سـەپاندنی جۆرێـک کلتـوورە کـە بـەردەوام بـرەوی پێدەدرێـت و عەقڵـی وەرگـر خاڵـی دەکرێتـەوە لـە کلتوورەکانـی دیکـە، واتـە سـەپاندنی تـاک کلتـووری و ئەمـەش دەکرێـت نـاو بنرێـت چەواشـەکردنی میدیایـی.
- گۆڕینـی رۆشـنبیری: پێگیـری میدیـا لەسـەر جۆرێـک رۆشـنبیری و بـەزۆر خزاندنییـە نـاو مێشـکی وەرگـر و وەلاتانـی رۆشـنبیرییەکانی دیکـە و گۆڕینی چەمکە کلتوری و میدیایـی و ئاینـی و کۆمەڵایەتییـەکان بەواتـای چەواشـەکردنی میدیایـی دێـت.
- چەسـپاندنی بەهـا بەکاربـەرەکان: میدیـا بەتەنهـا خزمەتـی

ئامانجەکانی دەسەڵات ناکات، بێگومان میدیا و دەسەڵاتیش خزمەتی ناوەندە زەبەلاحەکانی ئابووری و وەبەرهێنان دەکەن، واتە بڕیارە سیاسییەکان لەخزمەتی هێزی سەرمایەداری زەبەلاحدان، بەواتایەکی دی راگەیاندن دژی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئابووری و وەبەرهێنان نابێتەوە ئەگەر لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتیشدا نەبن.

• شاردنەوەی راستییەکان : چەواشەکردنی میدیایی هەموو شێوازێک بەکاردەهێنێت کە پشتیوانی ئامانجەکانی بکات، هەموو ئەمانە رتوش دەکات و نمایشیان دەکات تا زیاتر بدرەوشێنەوە، بەمەش میدیا دەتوانێت بە لایەنگیری بۆ راستییەک بنەمایەکی فراوان بۆ چەواشەکردنی میدیایی دروست بکات.

• پاساوهێنانەوە بۆ بارودۆخ:پاساوهێنانەوە بۆ بابەتێک یان دۆخێک کە وا نیشاندەدرێت لەم بارودۆخەدا زۆرترین هەوڵ درا تا ئەمە بەرهەم هاتووەو کەس ناتوانێت لە گرنگی دەسکەوتەکە کەم بکاتەوە.

کۆڵەکەکانی چەواشەکردنی میدیایی

سیاسەتی چەواشەکردنی میدیایی لە رووی کردارییەوە لەسەر چەند کۆڵەکەیەک وەستاون:

• شێواندنی راگەیاندن کە بە چەواشەکردنی میدیاییش ناو دەبرێت.

- پرۆپاگەندە
- جەنگی دەروونی.

شێواندنی یان چەواشەکردنی میدیایی: (جنار نامق،٢٠١٩. وەریگرتووە لە .SAiF EddinE).

مەبەست لە شێواندن بەلارێدا بردن وگۆڕینی زانیارییەکانە لە مانا سروشتییەکەی خۆی ورێرەوە راستەقینەکەی خۆی؛ بەئامانجی کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی کە بە رێڕەوی زانیارییەکان لە ئاڕاستە سروشتییەکەی نایەتەدی؛ بۆیە هەندێک لەوانەی کە پەیامەکانی ئەم ئامرازنە دادەرێژن، پەنا دەبەنە بەر شێواندن و چەواشەکردن و ملکەچکردنی زانیارییەکان تاکو بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانیان، کە لایەنە پاڵپشتکار وزاڵەکان وخاوەن دەزگاکانی راگەیاندن دەیانەوێت.

## شێوازەکانی چەواشەکردنی میدیایی:

هێربرت شیلەر لە کتێبەکەی چەند شێوازێک دیاری دەکات بۆ دیاردەی چەواشەکردنی میدیایی لەخوارەوە دەیانخەینەروو.(مجد نبیل محمود عثمان، ٢٠١٥).

- بێلایەنی: بێلایەنی وەک چەمکێک زۆرێک لەدەزگاکانی میدیا بەکاری دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر،

دواتـر ئەمـە بۆ چەواشـەکاری بـەکار دەهێنن، دەزگای میدیایـی هەمیشـە بەئاراسـتەی ئەجێنـدای ئـەو لایەنـە کاردەکات کـە خەرجییەکانـی دەدات، بۆیـە ناتوانێت لـەدەرەوەی ئـەو ئەجێندایـە کار بکات و بەمـەش بەرنامـەو ئاراسـتە فکرییەکانـی ئـەو لایەنـە بـەردەوام دەداتـە وەرگـر، لـە کاتێکـدا متمانـەی وەرگریـان بەدەسـتهێنا زەمینـەی چەواشـەکردنیان بـۆ ئاسـان دەبێت.

• پێداگری: یەکێکـە لـە بنەما سـەرەکی وزانـراوەکان لە جیهانی میدیاییـدا، کـە دەرفـەت بـە وەرگـر، بینـەر، خوێنـەر نـادات کـە هەناسـەیەک وەرگرێـت یـان زانیارییـەکان بـە پێوانـەی عەقڵ وزانسـتی بپێوێـت، بەڵکـو ئـەو دەزگایـە وا لـە وەرگـر دەکات بـەو شـێوەیە وەریبگرێـت کـە ئـەو دەزگایـە پەخشـی دەکات، لێـرەدا زانیارییـەکان دەبنـە ژەمـە خۆراکـی لەقوتونـراو، ئـەو دەزگایـەش هۆشـیاری لـە قوتونـراو و ئامـادە دەداتـە وەرگـر.

• فرەیـی میدیایـی: ئـەم دیاردەیـە بـۆ فرەیـی وجۆراوجـۆری سـەرچاوەی هەواڵـە، بـەڵام دیسـان ئەمـەش چەواشـەکردنی میدیایـی دروسـت دەکات، بـۆ نموونـە هەنـدێ دەزگای نزیـک لەیـەک بەجۆرێـک هەواڵێک بڵاودەکەنـەوە کە پێشـتر لەسـەری رێککەوتـوون، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی چەواشـەکاری لەژێـر چەتـری فرەیـی میدیـادا.

• کشـانی واتـا وچەمکـەکان: لەزۆرێـک لـە زمانەکانـدا بـە دەگمـەن دوو وشـە هەیـە هەمـان مانایـان هەبێت دەقـاودەق،

بۆیە هەرکام لە وشەکان دەکرێت بەماناگەلی جۆراوجۆر لەو بازنەیەدا لێک بدرێنەوە، ئەم فرە لێکدانەوەو مانایە دەکرێت میدیا بۆ چەواشەکاری لە پەیامەکانی خۆیدا بەکاری بهێنێت.

• خەیاڵ و خورافات: بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە زیاتر کاریگەرە لە روداوە راستییەکان لەئاراستەکردنی جەماوەر، هەربۆیە دەوڵەتە بەهێزەکان پەنا دەبەنە بەر بەرهەمهێنانی فیلم وزنجیرە درامای خەیاڵی و بە پیشەییەکی فراوان و پێشکەوتووەوە، ئەم جۆرە بەرهەمانە رەواجێکی زۆریان هەیە و وادەکەن کە ئەم بابەتانە کار لە عەقڵی بینەر بکەن و بەرەو چەواشەکارییان ببەن، بۆنمونە دروستکردنی فیلمێکی زانستی سەربازی لای دەوڵەتێکی پێشکەوتوو زلهێزەوە وا لەکۆمەڵگەکانی تر دەکات بیر لەو جیاوازییە گەورەیەی بواری سەربازی خۆیان و ئەوان بکەنەوە ئەمەش دەبێتە چەواشەکردنی میدیایی.

**سەرچاوەکانی تر ئاماژە بەچەند شێوازێکی چەواشەکردنی میدیای دەکەن:** (بسام عبدالرحمن المشاقبة، ٢٠١٤)

• شێواندن: لە نموونەی ئەوە کەناڵانەن بە مەبەستی شێواندن بەشێک لەگوتەی کەسەکان لادەبەن وبەئەنقەست دەیبڕن.

• شاردنەوە: ئامرازەکانی راگەیاندن پشت دەبەستن بە

شـاردنەوەی ئـەو زانیارییانـەی کـە بڵاوکردنەوەیـان دەبێتـە هـۆی نەگەیشـتن یـان بەسـەختی جێبەجێکردنـی ئامانجـە دیاریکـراوەکان.

• نکۆڵیکـردن: نووسـەر هەڵدەسـتێت بـە دارشـتنی هـەواڵ و زانیـاری بەشـێوەی نەناسـراو، یـان بـەوەی دەوترێـت، یـان وا خـۆی ناسـاند، یـان فلانـی کـوڕی فـلان، بەجۆرێـک کەسـەکە یـان لایەنەکـە بـە نەناسـراوی بهێڵرێتـەوە وەک بڵێـی خەڵکـی نایناسـن، یـان لایەنێکی وەهمـی ناواقیعیـن بـە چەنـد نازناوێـک خۆیـان دەناسـێنن، بـۆ نموونـە کەناڵـی ئەلحـوڕەی ئاسـمانی دەڵێـت: (ئـەوەی کـە پێـی دەڵێـن دەوڵەتـی عێراقـی ئیسـلامی) یـان (ئـەوەی کـە بـە وەزیـری دەوڵەتـی عێراقـی ئیسـلامی) ناودەبریـت.

• ترسـاندن و گەورەکـردن: دوژمـن هەوڵـدەدات وێنـەی خـۆی وەک هێزێکـی توقێنـەر پیشـان بـدات لەڕێگـەی، گـەورە پیشـاندانی توانـای سـەربازیی و ئاسـتی پێشـکەوتوی چەکەکانـی، زیادەڕۆیـی ودرۆکـردن لـە بـارەی هەواڵەکانـی جەنـگ وسـەرکەوتنی سـەربازەکان لەمەیدانـی جەنـگ. بـۆ نموونـە بـاس کـردن لـەو چەکانـەی چیـا وشـاخەکان کـون دەکـەن، باسـکردنی چەکـە بایۆلۆژییـەکان کـە دوژمـن بـە ئامانـج دەکات یـان خەڵکانـی تـر.

• سەرنجراکێشـان: لـە کاتـی روودانـی رووداوی گـەورە کـە

هەڕەشەن لە هێنانە دی ئامانجە دیاریکراوەکان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەنا دەبەنە بەر شێوازی لادان یان بەلادابردنی سەرنج، بەجۆرێک ڕەورەوەی ڕووداوەکە دەگۆڕێ و تیشک دەخاتە سەر شتە لاوەکییە نارەسەنەکان، بۆ سنووردارکردنی ئاسەوارە بەدیهاتووەکان لەسەر ڕووداوە واقیعییەکە.

• ترساندن: بەشێوەیەکی ئاسایی ترساندن پێش پرۆسە سەربازییە گەورەکان دەکەوێت، کە سوپا ئەنجامی دەدات، هەروەک چۆن بەردەوامە بە هەڕەشە و ئاماژەدان بە بەکارهێنانی هێز بۆ ڕێگە گرتن یان دوورخستنەوە.

• خۆ گێلکردن: جەماوەر پێیان خۆشە کارلێک بکەن لەگەڵ دامەزراوە و دەستە و کەسایەتییەکان لە سەر ئەو پرسانەی، کە گرنگییان پێدەدەن و پێویستە زانیاری پەیدا بکەن لە لایەنە جیاجیاکان، وهەڵوێستە جیاوازەکانیان لەهەمبەر ئەو پرسانە، لێرەدایە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چەواشەکاری دەکەن بە خۆ بێئاگاکردن لە هەڵوێستەکان، کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕای گشتی بەشێوەیەکی دیاریکراو.

ئەمانە وچەندین شێوازی دیکەی چەواشەکاری وچەواشەکردنی میدیایی بونی هەیە، کە بەکاردێت بۆ درووستکردن وئاڕاستەکردن وگۆڕینی ڕای گشتی سەبارەت

بــە پــرس وبابــەت ولایــەن ودەســەڵاتەکان.

• ژەهـراوی کردنـی عەقڵـەکان: بەپێی تیۆروانینی «Durandin دوراندیــن»، بریتییــە چەواشــەکردنی بەکرێگیراوانــی بەرژەوەندییەکانــی هەواڵگــری دوژمــن، هەندێکــی تــر پێیــان وایــە کــە بریتییــە لــە: چەواشــەکردنی دانیشــتوان وســەرکردە هەواڵگرییــەکان لەیــەک کاتتــدا.

ئــەم تەکنیکــە بەکاردێــت بــە پێدانــی زانیــاری بەشــی بــە کەسانی بەئامانجگیراو، بۆ ئەوەی خودی خۆی زانیارییەکان تــەواو بــکات وبــە لێکدانــەوەی خــۆی لێکیداتــەوە. ســەبارەت بــەو بیرۆکەیــەی کــە دەویســترێت لــە مێشــکیدا بچنرێــت.

ڤۆلکوف ژەهراویکردنی عەقڵ بە جۆرێک لە چەواشەکردنی میدیایــی تەکتیکــی دەناســێنێت، کــە شــێوەیەکی تــری ڕێکاریــی چالاکانەیــە، لــە چاندنــی زانیارییــە شــێواوەکان بــۆ بەژەوەندییە هەواڵگرییــەکان بەهــۆی ژەهراویکردنــی عەقڵــی ئەوانــەی کــە بــە نەریــت بەکرێگیــراوی دوو لایەنەن.(الســعید بــو معێــزة، وەریگرتــووە لــە V. Volkoff, Julliard, 1986)

## پاڵنەرەکانی چەواشەکردن

توێــژەران و پســپۆڕانی ئــەم بــوارە ســێ پاڵنــەر دیــاری دەکــەن بــۆ دیــاردەی چەواشــەکردن کــە بریتیــن لــە:

– پڕۆپاگەنــدەو پاســاوی پاوانخــوازی: لۆبــۆن لەکتێبــەی

بەناوی ( سایکۆلۆژیەتی جەماوەر) ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆپاگەندە یەکێکە لە پاڵنەرەکانی چەواشەکردن، پیاوانی دەوڵەت زۆرترین کات خەیاڵی جەماوەر بە پشتیوانی لە دەسەڵاتەکەیان دەزانن بۆیە نایانەوێت دژی ئەو بیرکردنەوانە ببنەوە، وەک ئەوەی ناپلیۆن لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی دەوڵەت لە فەرەنسا گوتی: نەمتوانی کۆتایی بە جەنگی فاندی بهێنم تا وام نیشاندا کە من کاسۆلیکییەکی راستەقینەم، یان نەمتوانی لەمیسر بمێنمەوەو سەقامگیر بم تا وام نیشاندا کە موسوڵمانێکی ئیماندارم، کاتێ لە ئیتاڵیا ویستم متمانەی کاهینەکانی ئەو وڵاتە بەدەست بهێنم خۆم وەک لایەنگرێکی سەرسەختی پاپا نیشاندا.

لەم نموونانەوە لۆبۆن بەو دەرەنجامانە دەگات کە هونەری کاریگەری دانان لەسەر نەستی جەماوەر، بریتییە لە زانینی هونەری بەڕێوەبردنیان. (لۆبۆن، ١٩٩٧)

– بەکارهێنانی ویستی جەماوەر: هێربەرت شیلەر پێی وایە چەواشەکردنی عەقڵی مرۆڤەکان ئامرازێکە بۆ ستەمکردن، ئەمەش لەپێناو بەکارهێنانی جەماوەرە بۆ ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی دەستەبژێرەکان بەمەبەستی بەدەست هێنانی پاڵپشتی جەماوەر بۆ سیستمە کۆمەڵایەتییەکەیان کە لە دورمەودادا هیچ سودێکی بۆ زۆرینە نابێت ( هێربەرت شیلەر، ١٩٩٩).

-ناکامـی فکـری: عەبدوڵـڵا حەیـدەری، چەواشـەکاری میدیایـی بـە کـرداری شـێواندنی ئـاوەز ناودەبـات، ئـەو پێـی وایـە توانایـی ئەوکەسـەی کـە چەواشـەکارییەکە دەکات دەتوانێـت بگاتـە شـێوازە جۆراوجۆرەکانـی گوتـار، بەگوتـاری زارەکـی و نازارەکیشـەوە، بـەڵام کاتێ نەیانتوانـی بگەنـە ئـەم ئاسـتە لـە توانـای هـزری و دەربڕیـن، پەنـا دەبەنـە بـەر تێکدانـی فکـری لەڕێگـەی شـێواندن و بـێ بەهاکردنـی بەهـا ئەخلاقییـەکان، پەنابـردن بـۆ ناشـیرینکردن بـە کەرەسـەی نوێـوە، بۆنموونـە فۆتۆشـۆپ، جۆرێکـە لـە نەفامـی بـۆ گەیشـتن و ئاراسـتەکردنی مانایـەک یـان کارێـک کـە لەخزمەتـی ئامانجـە چەواشـەکاریەکەی بێـت، لەباشـترین کاتـدا ئـەم کارە شـێوازێکە لـە شـێوازەکانی بێبەهاکـردن و ناشـیرینکردنی رای گشـتی.(عبدالله الحيـدري ٢٠١٣ )

**پڕۆپاگەندە "Propaganda"**

چەمک وپێناسە پڕۆپاگەندە:

دەسـتەواژەی پڕۆپاگەنـدە "Propaganda" لەبەرامبـەر (الدعايـة) بەکاردەهێنرێـت.

پڕۆپاگەنـدە لـە ئێسـتادا بـووە بـە یەکێـک لـە زانسـتە هاوچەرخـەکان، کاریگـەری قوڵـی هەیـە لەپێکهێنانـی رای گشـتیدا، بەوپێیـەی زۆ کاریگـەری دادەنێـت لەسـەر تـاک و

کۆمەڵ چونکە شێوەیەکە لە شێوەکانی گوشاری کۆمەڵایەتی (د.محی الدین عبد الحلیم، ٢٠٠٩)

مەبەست لە پڕۆپاگەندە چالاکییەکی راگەیاندنە، دەوڵەت یان دەستە و کۆمەڵە و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان یان سیاسییەکان ئەنجامی دەدەن بەئامانجی جوڵاندنی ئەقڵ و سۆزی خەڵکی ولایەنگیرییان بۆ سیاسەتی ئەو لایەنەی پرۆسەی پڕۆپاگەندەکە بەڕێوەدەبات بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری لەو بابەتەی پڕۆپاگەندەی بۆدەکەن وپشتیوانی ئاراستەو هەڵوێستەکانیان، و بە ئامانجی گۆڕینی شێوازی هەڵسوکەوتیان.(هاني رضا، رامز عمار، ٢٠١٣)

پڕۆپاگەندە هەوڵ دەدات رای زۆرینە بەدەست بهێنیت یان هەرنەبێت کەمینەیەکی بەهێز، بۆئەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت تا گوتارەکەی ئاراستەی جەماوەر بکات بۆ وروژاندنی هەست و سۆزیان وبەئاگاهێنانەوەیان لە بێدەنگی.(محی الدین عبد الحلیم، ٢٠٠٩)

زانای ئەمەریکی هارۆڵد لاسویل دەڵێت: پڕۆپاگەندە بریتییە لە را یان کردارێک کە تاک یان دەستەیەک بەدەستی ئەنقەست ئەنجامی دەدەن بەو ئامانجەی کە کاریگەری لەسەر ئاکار و کرداری کەسان وگروپەکانی تر دابنێت بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئامانجێکی پێشوەختە ئەویش لەڕێگەی دەستی دەستی دەرونییەوە.(محمد جودت ناصر، ١٩٩٨)

پڕۆپاگەنـدە زانیـاری درۆ و ناڕاسـت لەنـاو جەمـاوەر بـڵاو دەکاتـەوە، لەپشـت ئـەو پروپاگەندانـە حزبـی سیاسـی یـان کەسـانی بـە دەسـەڵات و پـارەدار هـەن، پڕۆپاگەنـدە زیاتـر لەلایـەن کەسـانی دیکتاتـۆر ورژێمـە کۆنەپەرسـتەکان بـەکاردێ، لـە پڕۆپاگەنـدە بـە هیـچ شـێوەیەک بیـر لەلایەنـی ئێتیکـی ناکرێتـەوە و بـۆ گەیاندنـی مەبەسـت و پەیامـی خۆیـان ئامـادەن ڕێـگای زۆر تونـد بگرنـە بەر.(مغدیـد سـەپان، ٢٠١٥)

**پڕۆپاگەندە لەڕووی ڕەنگ و جۆرەوە**

پڕۆپاگەنـدە پۆلێـن دەکرێـت بەچەنـد جۆرێـک، بەپێـی هەمەجـۆری ئامانـج و پاڵنەرەکانـی پشـت پڕۆپاگەندەکـە، دەتوانیـن بـەم پێوەرانـە پۆلێنـی بکەیـن:

-بەپێی تێگەشتنی کەسی پڕۆپاگەندەکەر بۆ ئەو ئامرازانەی کە بەکاری دەهێنێت، تاچەند دەتوانێت دووبارەی بکاتەوە.

-بەپێی ئەو ئامرازی پەیوەندییەی کە بەکاری دەهێنێت.

-لـەو بـوارەی کـە پڕۆپاگەنـدەی بـۆ دەکات، بـە نموونـە پڕۆپاگەنـدەی سـەربازی، ئایینـی، بازرگانی،رامیـاری وهتـد( عبـد الـرزاق الدلیمـی، ٢٠١٠)

بەشـێوەیەکی گشـتی پۆلێنـی پڕۆپاگەنـدە بـەم جـۆرە دەکرێـت:

- پڕۆپاگەندەی ئاشکرا
- پڕۆپاگەندەی شاراوە

**پڕۆپاگەندە بەپێی گۆڕانی روداوەکان:**

- پڕۆپاگەندەی گشتی
- پڕۆپاگەندەی پاداشت
- لایەنی سەرچاوە
- لایەنی داهاتوو- وەرگر

پڕۆپاگەندە لەڕووی رەنگەوە:

١- پڕۆپاگەندەی سپی:

٢- پڕۆپاگەندەی رەش:

٣- پڕۆپاگەندەی خۆڵەمێشی:

ئەمانە دەکەونە چوارچێوەی ئەم دوو ئاراستەیەوە:

- پڕۆپاگەندەی دوبەرەکی
- پڕۆپاگەندەی دژبەر

پڕۆپاگەندە لەڕوی کارو ئەرکەوە:

- پڕۆپاگەندەی هاندەر
- پڕۆپاگەندەی پێکەوە نوساو
- پڕۆپاگەندەی بازاری

**پڕۆپاگەندە لەڕووی چالاکی بونییەوە:**

- پڕۆپاگەندەی سیاسی
- شۆردنەوەی مێشک
- جەنگی دەرونی ( محمد محسن و اخرون)

دکتۆر محمد جمال بەم جۆرە پۆلێنی پڕۆپاگەندە دەکات:

- پڕۆپاگەندەی ئاماری
- پڕۆپاگەندەی رادیۆیی
- پڕۆپاگەندەی ئایدۆلۆژی
- پڕۆپاگەندەی ستراتیژی
- پڕۆپاگەندەی دروشمی
- پڕۆپاگەن
- دەی پێوەنوساندنی سیاسی
- پڕۆپاگەندەی نوسراو
- پڕۆپاگەندەی ناوزڕاندن
- پڕۆپاگەندەی پشتیوانی
- پڕۆپاگەندەی دووبەرەکی
- پڕۆپاگەندەی تاکتیکی
- پڕۆپاگەندەی بەرگری
- پڕۆپاگەندەی ئایینی
- پڕۆپاگەندەی سیاسی
- پڕۆپاگەندەی درۆ
- پڕۆپاگەندەی دژبەر
- پڕۆپاگەندەی وێرانکەر
- پڕۆپاگەندەی راستەوخۆ
- پڕۆپاگەندەی بێ متمانەیی (محمد محسن و مجموعة

مؤلفیـن)

پڕۆپاگەندەی سەربازی

أ. پڕۆپاگەندەی تەکتیکی

ب. پڕۆپاگەندەی ستراتیژی

# سەرچاوەکان


## کتێبە کوردییەکان

• بەشدار حوسێن محەمەد، کۆمەڵناسی راگەیاندن وبەها کۆمەڵایەتییەکان، چاپخانە ماد، تاران،.٢٠٢٠

• سامان جەلال، هونەرەکانی رۆژنامەوانی، تەلەفزۆن.. رادیۆ.. رۆژنامە.. میدیای ئەلیکترۆنی، هەولێر، ٢٠١٨.

• صادق حەمەغریب، رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی،٢٠١٥.

• مغدید سەپان، بنەماکانی ئێتیک و ئێتیک لە راگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی پەنجەرە، تاران،٢٠١٥ .

• هەردەوان مەحمود، میدیای نوێ وکاریگەرییەکانی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی،٢٠١٥.

• ئەرشەد خەلیل شوانی، ڕاگەیاندن و هۆشیاری سیاسی، چاپخانەی موکریانی(هەولێر)، ٢٠١٤. وەریگرتوە لە شێرزاد ئازاد سلطان، کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر رفتاری سیاسی، لێکۆڵینەوەی مەیدانی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، ٢٠٠٧.

• نەعوم چۆمسکی، کۆنترۆڵکردنی راگەیاندن، و ئیبراهیم حەمەرەش،ماڵی وەفایی، هەولێر، ٢٠١٨.

## کتێبە عەرەبییەکان

• اولیدروف.أ. ک، الوعی الاجتماعی، ت. میشیل کیلو،ط٢، بیروت، دار ابن خلدون، ١٩٨٢.

• احمد بدر، الرأي العام طبيعة تكوينه و قياسه، قباء، القاهرة ،١٩٩٧ .

• احمد زکی بدوی، معجم المصطلحات الاعلامیة، دار الکتاب المصری، مصر، ١٩٨٥ .

• احمد شاهين، الاعلام الرأي العام، م الطيبة، القاهرة، ٢٠١٠.

• احمد عزت راجح، اصول علم النفس، المكتب العربى الحديث، القاهرة، .١٩٧٣

• ارثـر اسـا بيرغـر، وسـائل الاعـلام والمجتمـع وجهـة نظـر نقديـة، ت: صالـح خهليـل ابـو اصبـع، عالـم المعرفـة، ٢٠١٢.

• أميـرة محمـد سـيد احمـد، الإعـلام الرقمـي والحـراك السياسـي، دار الكتـاب الجامعـي، الامـارات العربيـة المتحـدة – الجمهوريـة اللبنانيـة، ٢٠١٥.

• بسـام عبدالرحمـن المشـاقبة، الاعـلام الاسـرائيلى وفـن التضليـل الدعائـى، دار أسـامة للنشـر والتوزيـع، عمـان، ٢٠١٤.

• جـان سـتوتزل والآن جيرار، اسـتطلاع الـرأي العـام، ت: عيسـى عصفـور، ط٢، منشـورات عويدات، بيـروت – لبنـان،.١٩٨٢

• جمال مجاهد، الرأي العام وطرق قياسه، دار المعرفة، القاهرة، ٢٠٠١.

• جنـار نامـق، الابـادة الجماعيـة وأسـاليب التضليـل الاعلامـي، دار غيـداء للنشـر والتوزيـع، عمـان، ٢٠١٩.

• جنـار نامـق، دور المواقـع الالكترونيـة الكورديـة فـي تشـكيل الـرأي العـام حـول انتهـاک حقـوق الايزيدية، دار غيـداء للنشـر والتوزيـع، عمـان، ٢٠١٩.

• حامـد ربيـع، الاتجاهـات الحديثـة فـى الـرأي العـام، مركـز البحـوث والدراسـات، القاهـرة،٢٠٠١ .

• حسـن عمـاد المـكاوى، ليلـى حسـين السـيد، الاتصـال ونظرياتـه المعاصـرة، ط١١، الـدار المصريـة اللبنانيـة، القاهـره، ٢٠١٤.

• حسـين علـي الفلاحـي، الاعـلام التقليـدي والاعـلام الجديـد، دار غيـداء للنشـر والتوزيـع، عمـان، ٢٠١٣.

• حميده سميسم، نظريـة الرأى العام، بغداد، ١٩٩٢.

• خالـد ابـو سـمرة، سـيكولوجية الـرأي العـام، دار الرايـة للنشـر والتوزيـع، عمـان،٢٠١٢.

• زهيـر الاعرجـى، الـرأي العـام وقـوة التحريـک، دار المعـارف، بيـروت، . ١٩٩٢

• السـعيد بـو معيْـزة، التضليـل الاعلامـى وافـول السـلطة الرابعـة، جامعـة

الجزائـر.

• سعيد عبد الرحمن، السلوك الانسانى، مكتبة الفلاح، كويّت،١٩٨٣.

• سـناء الجبـور، الاعـلام والـرأي العـام العربـي والعالمـي، دار أسـامة للنشـر والتوزيـع، عمـان، ٢٠١٠.

• سـەمير محمد حسين، الرأي العام الاسس النظرية والجوانب المنهجية، عالم الكتب، القاهرة١٩٧٧.

• شـوكرى رفيـق، دراسـة فـى الـرأي العـام و الاعـلام والدعايـه، طرابلـس، لبنـان،١٩٩١.

• صابـر محمـود عبداللـه، الإعـلام والصحافـة، وزراة الثقافـة المديريـة العامـة للصحافـة والطباعـة والنشـر، أربيـل، ٢٠٠٩.

• صالح خليل ابـو إصبع، الاتصـال والاعـلام في المجتمعات المعاصـرة، ط٤، دار ارام للدراسـات والنشـر والتوزيـع، عمـان، ١٩٩٥.

• عاطـف عدلـى العبد،الـرأي العـام وطـرق قياسـه، دار الفكـر العربـى، القاهـرة، ٢٠٠٥.

• عامر حسـن فياض، رای گشـتی، و: ئاكۆ فاتي دەزگای چاپ وپەخشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

• عبد الحميد اسماعيل الانصـارى، نحـو مفهـوم عربـى اسـلامى للمجتمـع المدنـى، دار الفكـر العربـى، القاهـرة، ٢٠٠٢.

• عبد الرزاق الدليمى، الدعاية والارهاب، دار جرير، عمان، ٢٠١٠.

• عبدالكريـم الدبيسـي، الـرأي العـام عوامـل تكوينـه وطـرق قياسـه، دار المسـيرة للنشـر والتوزيـع والطباعـة، عمـان ، ٢٠١١.

• عبداللـه الحيـدري، طبائـع الفسـاد والعبـث بالمجـال العمومـى قـراءة فـى الحالـة التونسـية، ضمـن كتـاب وەسـائل الاعـلام العموميـة العربيـة وعمليـات التحـول الديمقراطى جماعى، نشـر معهد الصحافـة وعلـوم الاخبـار ومؤسسـة كونـرا اديـنـاور، تونـس،. ٢٠١٣

• غوسـتاڤ لوبـون، سـايكولوجيه الجماهير، ت: هاشـم صالـح، دار السـاقى، ط٣، لبنـان، ١٩٩٧.

• فاروق يوسف  الرأي العام، مكتبة عين شمس،القاهرة، ١٩٧٨.

• فتحـي حسـين عامـر، الـرأي العـام الإلكترونـي، دار النشـر للجامعـات، القاهـرة،٢٠١٢.

• فرنسـوا جيـرى ،قامـوس التضليـل الاعلامـى ، الناشـر ارمـان كـولان ،باريـس ،٢٠١١.

• فهـد بـن عبدالرحمـن الشـميمرى، التربيـة الاعلاميـة كيـف نتعامـل مـع الاعـلام ، مكتبـة الملـك فهـد، الريـاض، ٢٠١٠.

• كامـل خورشـيد، مدخـل الـى الـرأي العـام، دار المسـيرة للنشـر والتوزيـع والطباعـة، عمـان، .٢٠١١

• كلـود يونـان، طـرق التضليـل السياسـى، المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات والنشـر والتوزيـع، ٢٠٠٩.

• محمد جودت ناصر، الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، عمان، ١٩٩٨.

• محمـد عبدالقادرحاتـم، الاعـلام و الدعايـه- نظريـات والتجـارب، ط٣، مكتبـة انجلـو المصريـة، القاهـرة- مصـر، ١٩٩٤

• محمـد عبدالقادرحاتـم، الـرأي العـام كيـف يقـاس كيـف يسـاس، مكتبـة الانجلـو المصريـة، القاهـرة، ١٩٧٢

• محمـد محسـن و مجموعـة مؤلفيـن، الحـرب الإعلاميـة، نمـوذج الإعـلام المقـاوم فـي لبنـان ، دار النـدى للطباعـة والنشـر والتوزيـع، بيـروت- لبنـان.

• محمد منير حجاب، اساسيات الرأي العام، دار الفجر، القاهرة،١٩٨٨ .

• محمود فهمى، الفن الصحفى فى العالم، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٤.

• محـي الديـن عبد الحليـم، الـرأي العـام، مكتبـة الانجلـو المصريـة، القاهـرة، ٢٠٠٩.

• مختـار التهامـى، الـرأي العـام والحـرب النفسـية، دار المعـارف، القاهـرة، ١٩٨٢.

• ناهـد رمـزى، الـرأي العـام وسـايكولوجية السياسـة، مكتبـة الانجلـو المصريـة، القاهـرة،.١٩٩١

• نهـا السـيد عبـد المعطـي، صحافـة المواطـن نحـو نمـط اتصالـي جديـد،

دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربية المتحدة – الجمهورية اللبنانية، ٢٠١٥.

- هاني الرضا، رامز عمار، الرأي العام و الاعلام والدعاية، بيروت،١٩٩٨م
- هربرت أ. شيللر، المتلاعبون بالعقول، ت: عبدالسلام رضوان، عالم، الكويت المعرفة،١٩٩٩.
- هشام محمود الاقداحى، الرأي العام والدعاية الدولية، موسسة شباب الجامعة، اسكندرية،٢٠١٠.
- هيثم هادى الهيتى، الرأي العام بين التحليل والتاثير، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٤.

**گۆڤارەکان**

- بدر الابراهيم، فى مواجهة التضليل الاعلامى، مجلة الفيصل، ١٧اغسطس ٢٠١٧.
- تاهیر حەسۆ زێباری، رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لەگەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و بەشداریکردنی سیاسی لەلای لاوانی زانکۆ، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٢
- حبيب كركوكي، الصحافة الاستقصائية، مجلة التضامن، كركوك، ٢٠١٢.
- طاش عبدالقادر، دور الاعلام فى تنوير الرأي العام، مجلة الفيصل كانون الاول ، ١٩٩٨.
- طاهر حسن أبو زيد « دور المواقع الاجتماعية التفاعلية في توجيه الرأي العام الفلسطيني وأثرها على المشاركة السياسية (دراسة ميدانية)، جامعة الازهر- غزة، كلية الاقتصاد والعلوم الادارية ٢٠١٢.
- عادل عبد الصادق، الفضاء الالكتروني والرأي العام، تغير المجتمع والادوات والتأثير، قضايا استراتيجة، المركز العربي لابحاث الفضاء الالكتروني – العدد الاول: ديسمبر، ٢٠١٠.
- عەبدوڵڵا خورشید عەبدوڵڵا، رای گشتی لە دیدی مرۆڤی کوردەوە،

لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر، سەنتەری برایەتی، ژ١٧، ٢٠٠٠.

• مجد نبيل محمود عثمان، الدعاية والتضليل الاعلامى فى الافلام الامريكية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاعلام فى جامعة البترا، ٢٠١٥. نقلا عن: Gerbner &Gross,1976, Living with television: The Violence profile Journal of communication

• مراد بن على الزريقات، الرأي العام الإلكتروني تاثير وسائل الاتصال الإلكترونية فى الرأي العام، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، ٢٠٠٨.

• وهاج قادر عباس، سها زكى نورى، آليات التصويت الالكترۆنى فى الانتخابات البرلمانية مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع/ السنة السابعة ٢٠١٥

**کتێبی ئەلیکترۆنی وماڵپەڕەکان**

• ............، المجلس الوطني للحريات بتونس.

• ........، چۆن سیستمی ئەلیکترۆنی دەنگدان هاک دەکرێت ؟، دیپلۆماتیک مەگەزین http://diplomaticmagazine.net

o Murad Murad، ما معنى هاشتاج، ٢٠١٦ http://mawdoo.com

o SAiF EddinE ، اساليب التضليل الاعلامى. www.startimes.com

• عادل عبد الصادق، الحملات الالكترونية: المفهوم وآليات التغيير،١٧يونيو ٢٠١٣

http://www.accronline.com/article_detail.aspx?id=13484

• لطفى حيدورى، التضليل الاعلامى :الصحافة بين الاحتراف والاقتراف ٥فبراير٢٠١٧. https://www.csds-center.com/article

• محمد نبيل ، فى معنى التضليل الاعلامى، الاحد مايو،٢٠٠٥.

• معن الطائى، صناعة الخبر و اساليب التضليل الاعلامى، ٥/ ٣/ ٢٠١٧، articles.islamweb.net

• منتدى المركز الدولى، ما معنى هاشتاج،٢٠١٦,٩,١١

markzaldawli.yoo7.com

• مەجید سالح، بنەما تیورییەکاني رای گشتی وراگەیاندن، ٢٠٠٤-٢٠٠٣ .www.kurdstannet.org

• هشام سليمان، عندما يكون العصيان المدني إلكترونيا. https:// tinyurl.com/osyan-madany

J.M. Porup, www.csoonline.com/article/3269297/online-voting-is-impossible-to-secure-so-why-are-some-governments-using-it.html

Q&A with Appel: How to make sure every vote counts, Oct. 28, 2016 1:30 p.m. https://www.princeton.edu/news/2016/10/28/qa-appel-how-make-sure-every-vote-counts

Stone.E,1972, Educational objective and teaching Educational .Psychology, Distributed In U.S.A Barnes noble Inc

V. Volkoff, La Désinformation Arme de Guerre, ed Julliard, ,l›Age de L›Homme. 1986